MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

## دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

كۆمەڵگا، دین و توندوتیژی

# کۆمەڵگا، دین و توندوتیژی

سەرۆ قادر

هەولێر - ٢٠٠٨

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● **کۆمەڵگا، دین و توندوتیژی**

● نووسینی: سەرۆ قادر

● نەخشەسازی ناوەوە: طــه حسين

● بەرگ: ئاسۆ مامزادە

● ژمارەی سپاردن: (١٦٢٨)

● نرخ: (٢٠٠٠) دینار

● چاپی یەکەم : ٢٠٠٨

● تیراژ: ١٠٠٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٨٣)**

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# بەشی یەکەم

## چۆن لە ئاین تێدەگەین؟

لەم بەشەدا هەوڵدەدەم لە روانگای زانستییەوە و بە پشتبەستن وە بیروراکانی زانا کۆمەڵناسە ناودار و دانپیانراوەکان، پێناسەیەکی زانستیانەی دین بکەم و وەک سیستەمێکی گرنگ و رەگئاژۆی ناو کۆمەڵی کوردستان کە یەکێکە لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات و ئیسلامی نیشانیبدەم. هەر لەو سۆنگایەشەوە پازێک بەرەو دواوە داوێم و لەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا ئاورێک لە پرۆسەی سەرهەڵدانی دین دەدەمەوە، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی مێژوویی بەسەریدەکەمەوە. لەو کارەشدا گەرەکمە بزانین قەناعەتە ئاینییەکانی ئەم رۆژگارەمان لە ئەنجامی چ بارودۆخێکی دیکەی ناو مێژوو دروست بوون؟ تا لەو رێگایەشەوە بتوانم میکانیزمی کاریگەریی ئاین بەسەر گۆرانکاریە کۆمەڵایەتییەکان وەسف بکەم و بکەومە شەنوکەو کردنی رۆڵی دین لە دروستبوون یان بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵگای شارستانی.

ئەوەی باسم کرد هەمووی گشتیکارییە و دەکرێ تەماشای تێکرای جیهانی ئیسلامی پێ بکرێ، لێ هەوڵی من ئەوەیە بەدوای تایبەتمەندییەکانی کوردستاندا بگەرێم و ئەگەر خسوسییەتێک هەبێت



لەناو سیستەمی دینیدا وەیدۆزم، ئەوجا سەنگ و سوی بکەم بزانم داخۆ دەبێتە هاوکار یان بەرەنگار لە پرۆسەی دروستبوونی شارستانیەتدا. هەروەک دیاریشە شارستانییەت وەک کرۆکی ئەمرۆی گۆرانکاری ناو کۆمەڵی کوردستان داندراوە.

پێویستە بڵێم لەم کتێبەدا ناوەرۆکی کتێبێکی پێشووم دارێژاوەتەوە(توندوتیژی وەک دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی) کەوا ساڵی ٢٠٠٢ بڵاومکردبوەوە. ئەو دووبارەکردنەوەیە وەک دەقەکەی پێشوو نیە بەڵکو هەمووم هەڵوەشاندەوەو سەرلەنوێ لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم کتێبەی بەردەست گونجاندم. لەم کارەمدا تەنیا ئەو گفتوگۆیەم بێدەسکاری هێشتەوە کە لە ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ ئیکرام کەریم لە تەلەفزیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی کردبووم.

## یەک

### ئاین چییە؟

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەک دیاردەیەک لە گێتیدا حەقیقەتێکە خاوەنی مێژووی خۆیەتی. لە قۆناغەکانی ئەو مێژووەشدا هەموو دیاردەکانی ناو کۆمەڵ جێگای تایبەتی خۆیان هەیە چونکە رۆڵی دیاریکراویان پێسپێردراوە و ئەرکێکی دیاریان کەوتۆتەسەر. لەو کاروانی پێگەیشتنی مرۆڤایەتیدا دین لە وێستگە سەرەتاکاندا وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی دیاردە سروشتیەکان و شەرعیەت بەخۆدانی کۆمەڵە سەرەتاییەکان هاتەکایەوە.

کۆمەڵناسی بەناوبانگ ئانتۆنی گیدنز سەبارەت بەم باسە پێیوایە" بۆ ئەوەی سەبارەت بە دین نەکەوینە داوی یەکلابینینی کەلتوریانە

واباشتره بپرسین ئەرێ دین چی نیه؟" (جامعه شناسی ل ٤٩٦) ئەو دبێژی دین ب تەنێ یەکتاپەرستی نیه چونکه هەندێک دین چەندین خوایان هەیه. هەروەسا رێنوێنی و فەرمانی رەوشتیشی (ئەخلاقی) نیه وەک ئەوەی موسا بانگەشەی بۆ دەکرد چونکه له ئاینه کۆنەکانی یۆناندا خواکان زۆر کاریان وەسەر کاری مرۆڤەوه نەبوو. دین هەر بۆ ئەوەش نەبووه پێمان بڵێ گێتی چەوا هاتیه وجود، چونکه زۆربەی دینەکان هەر باسیش لەو پرسه ناکەن. ئاخیری قسان، دین بۆ ئەوەش نیه له باوەڕه بان بوونیەکان (مەتافیزیک) و گونجاندنیان وەگەڵ دیارده سروشتیەکان بکۆڵێتەوه چونکه هەندێک ئاینی له چەشنی کۆنفۆسیۆش هەر خەریکی پێکەوه گونجاندنی سروشت و دیاردەکانیەتی. ئەی کەواته دین چەس؟ هەر خۆی یێژێ " هەموو دینەکان بریتین له ژمارەیەک رەمز و ئاماژه، جا ئەو شتانه رێز و ترس ئەخولقێنن و پەیوەندی توندوتۆڵیان بەو داب و نەریتەوه هەیه که لەلای خەڵکی ئیماندار پەیڕەو دەکرێ"(هەمان جێ).

لەلایەکی دیکه ولیام جێمس له کتێبەکەی خۆی the varieties of religious experience دەڵێ" ئەوەی من له دین لەم باسەمدا تێیدەگەم بریتیه له هەندێک هەست و شارەزایی که هەندێک کەس له ئەنجامی گۆشەگیریی لایان دروست دەبێ و وایان لێدەکات رەفتاری دیاریکراو بنوێنن. ئەو هەست و شارەزاییەش وابەستەیه به پەیوەندیەک کەوا ئەو کەسه لەنێوان خۆی و ئەوەی به پەروەردگاری دەزانێ دەیکاتەوه" (دین الانسان/ فراس السواح ل ٢٢). کەواته دەکرێ لەو قسەیەی جێمس واتێبگەین که دین دەکەوێته ناو تەونی پەیوەندیەکانی ناو کۆمەڵ.

له سەرگەیەکی دیکەی ئەم باسەدا ئەندیشمەندی ناودار و دووەمین بیرمەندی کاروانی کۆمەڵناسی هێبێرت سپێنسەر دەڵێ:" هەموو دینەکان



سەرەڕای جیاوازییەکانیان، لەوەدا کۆکن کەوا گێتی نەهێنیەکه ئەخوازێ ئاشکرا و شیبکرێتەوه" (هەمان جێ).

له شیکردنەوەی ناوەرۆکی دیندا هەموو ئەندیشمەندەکان خۆیان له قەرەی داوه و لەوانیش بیرمەندی ئەڵمانیایی ماکس مولەر دبێژی:" دین هەوڵێکه له پێناوی ئینگارێک(تەسەور) که ئینگار ناکرێ، گوفتارێکه لێکناکرێتەوه، ئەوه نیرێکه تاهەتایێ دەمێنێتەوه" (هەمان جێ). لەسەر هەمان خەتدا رافائیل له کتێبی پێشەکیەک بەسەر دیرۆکی دینەوه ئەڵێ" دین بریتییه له وابەستەیی ژیانی مرۆڤ به هەستێکەوه که پێیوایه عەقڵی بنیادەم به عەقڵێکی دیکەوه که فەرمانڕەوای سەر گێتیه گرێ دەدات، ئەوەش جۆرێک لەخۆرازیبوونی پێدەبەخشێ" (هەمان جێ ل ٢٤).

له هەمان شێوه بیرکردنەوەدا که زیاتر له تێرامان دەچێ، خواناس و لێکۆڵەرەوەی ئاینی، ف .شلێرماخەر دەنووسێ" دین هەستکردنه به جۆرێک له بێکۆتایی و تاقیکردنەوەی ئەو بێکۆتایی بوونه. مەبەستم لەو بێکۆتاییەش یەکبوون و یەکدی تەواوکردنی جیهانی بەرهەستمانه. ئەوه خەیاڵی تاکه که باوەڕی خودا پاڵدەنی بەرەو دوو پێناو، یەکیان جیاوازی و یەکبوونه، ئەویدکەیان بەرەو جۆرێک له خواپەرستی نادیار خلۆری دەکاتەوه که پێیدەگوترێ وەحدەتی وجود" (هەمان جێ).

هەر لەو باسەدا ئیدوارد تایلۆر(١٨٣٢-١٩١٧) گەوره دانیشمەندی ئانترۆپۆلۆجیا له کتێبی primitive cultureدا دووپاتیدەکاتەوه:" هەوەڵین ئامانجمان له لێکۆڵینەوەی میتۆدیانەی ئاینی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بۆ ئەوەیه بشێین پێناسەیەکی سەرەتایی لەبۆ دین بکەین. جا پێداگرتن لەسەر باوەڕبوون به وجودێکی باڵا وادەکات ئاینه سەرەتاکان له

جوغزی دین دەرباوێژێ چونکە ئەو جۆرە باوەڕە قۆناغێکی پێشکەوتووی ژیانی ئاینیە. لەبەر هێندێ واباشە سنورێکی سەرەتایی بۆ پێناسەکردنی دین دابنێین کە ئەویش وەستانە لەسەر سنوری باوەڕبوون بە بوونەوەرێکی روحی" (هەمان جێ).

ئیتر لە تایلۆرەوەیە، روانگای کۆمەڵناسانە بۆ دین دەستپێدەکات و ئەرکی رێکخستن و پاساوهێنانەوە بۆ داب و نەریت و عورفەکانی هەر کۆمەڵێکی پێدەسپێردرێت.

دانیشمەندێکی دیکەی بریتانیایی کە ناوی جێمس فریزەرە(١٨٥٤-١٩٤١)، لە پێناسەکردنی دیندا زیاتر بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی هاتووە. ئەو دبێژیت:" نووسینی پێناسەیەکی ئەوتۆ بۆ دین کە هەموو لایەنە ناکۆکەکان پێیرازی بن، هەر ناکرێ. جابۆیە لێکۆڵەرەوە تەنیا دەتوانێ بە وردی واتای خۆی لەسەر دین دەربڕێت، دوایی ئەو پێناسەیە وەک وشەیەک لەو کتێبانەدا بەکاربێنێ کە دەیاننووسێت. لەوەشەوە تێدەگەین دین بریتیە لە کردەوەیەکی فریاخوازانەی خۆڕازیکارانەی مرۆڤ لە هێزێکی سەرەوەی خۆی کە پێیوایە فەرمان بەسەر سروشت و مرۆڤدا دەکات. ئەو کردەوەیەش لەدوو رەگەز پێکدێت کە یەکیان تیۆریە و دووەمیان پیادەکردنی بە کردەوەیەتی" (هەمان جێ ل٢٥).

## دوو

### ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی دین کامانەن؟

دانیشمەندی گەورەی فەرانسەیی ئامیل دورکهایم یەکێک لە شاکارە تیۆریە گەورەکانی خۆی the elementary forms of religious life بنەمایەکی زانستی لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی بۆ لێکدانەوەی رۆڵی



دین دانا و وەک سیستەمێک لە سیستەمەکانی پێکهێنەری بینای کۆمەڵایەتی ناساندی. ئەو دەنووسێ:" دین سیستەمێکی هەماهەنگی پێکهاتووە لە باوەڕ و کردەوەی ئەوتۆ کە باس لە بابەتی پیرۆز دەکات و لە کەشی دنیایی جیایدەکاتەوەو چەند جۆر قەدەغەی لەسەر دادەنێ. ئەو باوەڕ و کردەوانەش هەموو ئیماندارەکان و دەستەندەرکارانی ئاینی لە کۆمەڵەیەکی مەعنەوی کۆدەکاتەوە کە ناوی کەنیسایە"(هەمان جێ ل ٢٧). دورکهایم گۆڕانێکی بنەڕەتی لە باسەکانی سەر بە ئاین کرد، ئەویش لەو تیۆریەیدا چڕدەبێتەوە کە پێیوایە گرنگ نیە بیرمەندێ بیر لە ئاین دەکاتەوە بەڵکو گەوهەری مەسەلەکە لەوێدایە کە چی رۆڵێک لە ئایندا دەبینێ. ئەو روونیکردەوە کە دین سیستەمێکە لە سیستەمە کاریگەرەکانی بینای کۆمەڵایەتی، وەک هەموو ئەوانی دیکە لە ئەرکی تەنزیم کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەشدارە. ئەم تیۆریەی دورکهایم هیچ لە بایەخی فکری ئەو فەیلەسوفانە کەمناکاتەوە کە روانگایەکی غەیرە لاهوتیان بۆ داهاتنی دین هەبووە. لێرەوە ئەم تیۆریە کۆمەڵناسانی ناچارکرد واقیعیانە بڕواننە دەوری کۆمەڵایەتی دین و لە گۆڕانکاریەکاندا مامەڵەیەکی واقیعیانەی لەگەڵ بکەن.

ماکس فێبەریش لە یەکێک لە سێ تێزە سەرەکیەکانی خۆی کە لە کتێبی( ئابوری و کۆمەڵ)دا باسی رۆڵی پیرۆزییەکان دەکات کە دین و عورف و داب و نەرێتە دێرینەکان دەگرێتەخۆ و دەبنە سەرچاوەی دەسەڵات لە کۆمەڵدا، بە تایبەتی لە کۆمەڵگا تەقلیدیەکاندا،( متفکران بزرگ جامعه شناسی/ راب استونز). ئەوە جیا لەو دیراسە تێر و پڕەی لەسەر رۆڵی دین لە پێشکەتنی سەرمایەداریدا کردویەتی کە لەوێدا (پرۆتستانیی و رۆحی سەرمایەداری) دین وەک سیستەمێکی کارای کۆمەڵایەتی و مەعریفی شیدەکاتەوە.

دوای پێداچوونەوەی روانگای بیرمەند و کۆمەڵناسە ناودارەکان، منیش لەم نامیلکەیەدا دووپاتیدەکەمەوە کە دین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی – مێژوویی دێرینە و پانتاییەکی زۆر لە مەعریفەی کۆمەڵایەتی داگیردەکات و وەک بنەمایەکە بۆ مەعریفەی تاک لەو کۆمەڵگایانەی کە دین وەک سەرچاوەیەکی فەلسەفیانە بۆ بوون (الوجود) تەماشادەکرێ. ئەو جۆرانەش زۆرینەی کۆمەڵگاکانی جیهان پێکدێنن. دین بە شێوەی زۆر سەرەتایی و رەگوریشەی زۆربەی رەگەزەکانی، مێژوویەکی دوورودرێژی لە کاروانی پێگەیشتنی مرۆڤایەتیدا هەیە و تەعبیر لە ئاستی توانایی کۆمەڵ بۆ لێکدانەوەی دیاردەکانی گێتی لە ئەوکاتدا دەکات. وێدەچێ ئەو چەند هەزار ساڵە دیاریکراوەی دینە سەرەکیەکانی جیهانی تێدا هاتنە کایەوە، لە تەمەنی پێگەیشتنی مرۆڤایەتیدا رۆڵی فرچکیان دیتبێ، بۆیە تا ئەم زەمانەش دۆزینەوەکانی زانست و تکنۆلۆژیا سەرەرای حەقیقەتی بێچەندوچوونیان، نەشیاون بە تەواوەتی پێگە بە دین چۆڵ بکەن.

قوەتی ئاین لە چەمکی پیرۆزییەتی بنەماکانی دایە کە بە ئاسانی پێداچوونەوەیان تێداناکرێ، هەر بۆیە لە قۆناغی کۆمەڵگای مەدەنیشدا مقاوەمەتی خۆی دەکات و وەک سیستەمێک دەمێنێتەوە، ئەوەش سەرەرای ئەو کەمبوونەوەیەی لە ئەرکەکانیدا روو دەدات. بەڵام کاتێ باس دێتە سەر ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی ئاین، ئەوە پێویستە دیقەت و واقیعبینیەکی زیاتر بەکاربێنین. ئاین وەک سیستەمێکی کارای ناو بینای کۆمەڵایەتی، لە پلەی مەعریفەی دینیەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو دامودەزگاکانی کۆمەڵایەتی. ئەو دامودەزگایانەی بڕوا ئاینیەکان لە مەعریفەوە دەکەنە رێورەسمی بە گەلەکۆی کردەوەیی و لە شوێنی تایبەتی خۆیدا ئەنجامدەدرێن .وەک مزگەوت و جەژن و رەسمە



دینییەکان، دانان و کۆنترۆلکردنی رەفتار و رەوشتی تاک و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان. مەبەستمان لەو دامودەزگایانە پەرستگاکان و شوێنە دینیەکانی دیکەشە. لە کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا مزگەوت و تەکیە و خانەقا و شوێنەکانی دیکەی وابەستە بەوان. دورکهایم دەڵێ کۆمەڵگا لەو کانالانەوە فەرمانەکانی خۆی دەسەپێنێ و هەستی گەلەکۆیی(جەمعی) لە رێی چەمکە پیرۆزەکان بە کاریگەری دەهێڵێتەوە. تاکیش وا رادەهێندرێ تا بە شێوەیەکی خودبەخودی(تەلقایی) ملبداتە تەقس و فەرمانەکانی دینی.

لەم روانگایەوە دین لەبەرامبەر هەموو سیستەمێکی نوێ مقاوەمەت دەکات و بە ئاسانی باوەڕ و رەفتاری تازە( کە بە بیدعە دەیناسێنێ) قبوڵ ناکات چونکە لە نوێکاریەکاندا دەوری تەقلید و پیرۆزیی لە کەمی دەدات و دەسەڵاتی دین پاشەکشە دەکات. لە قۆناغی کۆمەڵگای مەدەنیدا، دین دەورێکی لەم چەشنە دەبینێ و لە بەرامبەر یاسا دانراوەکان(قانونە وەزعیەکان) سەختی نیشان دەدات.

سێ

## دین وەک سەرچاوەی یاساکان

یاسا لە ژیانی سیاسی و ئیداریی وڵاتانی ئەوروپا و دوایش ئەمریکا، مێژوویەکی دورودرێژی هەیە. هەر لە یۆنانی کۆنەوە بگرە تا دەگاتە ئیمپراتۆریەکانی رۆمانی، دوایش فەرمانڕەوایی کەنیسە بەسەر ئەوروپادا، ئەو کاروانە بە قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە. لە رینەسانسدا روانگای دنیایی(عەلمانی- سکولاریزم) پەرەیسەند و بەپێی واقیعی ژیان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خرانە ژێر

شیكردنەوە، بۆیە یاسای داندراوی دەستی مرۆڤ شوێنی یاسا دینی و لاهوتیەكانی گرتەوە. ئەگەر جاران یاسا لاهوتیەكان دەبوونە رێكخەری پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و مافەكانیان لەسەر روانگای خۆیان دادەرشت، ئەوە رینەسانس، لاهوتی بەلاوەنا و چارەنووسی مرۆڤ و كۆمەڵگایەكەی خستەوە دەستی خۆی و واقیعی پەیوەندییەكانی كردە بنەمای دانانی یاسا.

لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، پرۆسەكە بەپێچەوانە رۆیشتووە. سەرچاوە شەرعیەكان بە تاكە چاوگەی بەڕێوەبردنی كۆمەڵ و فەرمانڕەوایی مانەوە، هەر بۆیە بە دەگمەن رێگا بۆ بیرۆكەی یاسای وەزعی دەكرایەوە. لە كۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا و لە ئەنجامی پەرەسەندنی كۆلۆنیالیزم و هاتنی بیرو ئەندیشە و دەسەڵاتی نوێ كە سەرچاوەكانیان ئەوروپا بوو، كەسان و ناوەندی چاكسازیخواز پەیدابوون و رۆڵێكی گرنگیان لە گۆرانكارییە سیاسی و ئیدارییەكانی رۆژهەڵاتدا دیت. ئەوانە بیرۆكەی دەستور و دانانی یاسایان هێنایە ناو ئیمپراتۆرییە ئیسلامیەكانی عوسمانی و قاجاری بەلام نەیانتوانی كۆتایی بە دەوری دین لە دانانی یاساكاندا بێنن. لێرەدا چەند شاهیدێكی هاوچەرخ دێنینەوە. د. موحسن عەبدلحەمید كە تا ئەم دواییە سەرۆكی حزبی ئیسلامی عیراق بوو، بە نەتەوە كوردە و لە رووی ئایدیۆلۆژیاوە بە دەمراستی ئیسلامیەكانی ناو كوردستان دەزانرێ دەڵێ: "ئیسلام دەوڵەت و نیشتمانە یا دەسەڵاتداری و نەتەوەیە، رەوشت و هێزە، یا میهرەبانی و دادپەروەرییە، رۆشنبیری و یاسایە، زانست و دادگەرییە،ماددەو سامانە، یا كەسابەت و دەوڵەمەندییە، تێكۆشان و جیهاد و بانگەوازە، یا لەشكر و بیرو باوەڕە، هەروەها عەقیدەیەكی راست و پەرستشێكی دروستە"، (نوێكردنەوەی بیری ئیسلامی/ ل١٦٩).



بەپێی ئەو پێناسەیەی د. موحسن عەبدلحەمید هیچ بوارێک بۆ بیروباوەڕی هاوچەرخ لەبۆ دانانی یاساكان و رێكخستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان نامێنیتەوە. هیچ وڵاتێكی ئیسلامیش جیا لە توركیا، پێچەوانەی ئەو بیرەی سەرەوەی نەكردووە و هەمیشە شەریعەتی ئیسلام بە سەرچاوەی یاسان ژمێردراوە. ئەو قسەیەم بەو مانایە نیە هیچ هەوڵێک بۆ یاسا مەدەنییەكان نەدرابێ بەڵام رۆحی یاساكان لە تەفسیری لاهوتی دەرنەچووە بۆیە دامودەزگای مەدەنی پەرەیان نەسەندووە. نووسەری ناوبراو لە بوارێكی دیكەدا دەڵێ: "ئاینی پیرۆزی ئیسلام بیروبۆچوون و فەلسەفەی مرۆڤ نیە و هەموو ئەم چەمكانەش ( بیروبۆچوون و فەلسەفە) دەرەنجام و بەرماوەی بیرو مێشك و هۆشی مرۆڤایەتین لە قۆناغە جیاجیاكانی مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئیتر ئایا لە كۆمەڵگای ئیسلامیدا و موسوڵمان یاخود لە كۆمەڵگای تری مێژووی مرۆڤایەتی بووبن. تەنها ئەوەندە هەیە ئەو دەرەنجام وبەرهەمە بیرییانەی لە مێشك و هۆشێكی ئیسلامیەوەو لە رێنمایی و رەچاوكردنی بنەماكانی ئیسلامەوە هەڵقوڵابن، ئەگەری بەهەڵەداچوونی كەمتریان لێ رەچاودەكرێت، لەو بیروبۆچوونەی كە لە مێشك و هۆشێكی نائیسلامیی دووره، لە بنەماو بناغەكانیەوە هەڵقوڵابێت"،(هـ.س / ل ٣٧).

لەبواری چۆنیەتی ئەو مرۆڤە نموونەییەی كە دەبێ لە كۆمەڵگای نموونەیی بیری ئیسلامیدا هەبێت، دەكرێ روانگای عەلی باپیر كە ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامی كوردستانە وەک شاهید بێنینەوە. ئەو دەڵێ:

١- تۆبەكردن و پاک بوونەوەیە. بەپێی قسەكانی ئەو مرۆڤ پێویستە لە هەموو كردەوەو ئاكارە ئازادەكانی كۆمەڵگای مەدەنی دوور بكەوێتەوە و یەكەیەكەی فەرمانە شەرعیەكان رەچاو بكات.

٢- زانیاری و چاوروونبوونەوە. ئەویش بەمانای شارەزایی و پەیرەویکردنە لە هەموو ئەو فەرمانە شەرعیانەی لە قۆناغی یەکەمدا هاتوون. ٣- ئیخلاس و یەکبوونە. لەوێدا تەنیا راکێشانی سەرنجی خوا رەچاو دەکرێ و شتێک بەناوی خواست و ئارەزوو و ئازادیی مرۆڤ مانای نامێنێ. ٤- پارێزگاری و وردبوونەوەیە. لێرەدا کۆمەڵێک رێوشوێن داندراون کە مرۆڤ لەم دنیایە دووردەخەنەوە و دوورەپەرێزی دەکەن. ٥- ئیحسان و بەرزبوونەوەیە. ٦- دەوام و ساردنەبوونەوەیە.( عەلی باپیر/ رێگای ساڵح بوون و بەرەوخوا چوون/ ل ١٦- ٣٩).

بەڕای من هەروەک ژمارەیەکی زۆر لە توێژەرو بیردۆزان ئاماژەیان پێکردووە، یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی، دوورخستنەوەی ئاینە لە ژیانی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگا، پاڵنانیەتی بۆ بوارەکانی عیبادەتی فەردی کەوا تەنیا وەک قەناعەتێکی فەلسەفی و عەقیدەیی پەیڕەو بکرێ. ئەگینا هەرکاتێک شەریعەت ببێتە سەرچاوەی یاسا و بڕوا کۆمەڵایەتییەکان، گومانی تێدا نامێنێ کە رێگرەدەبێ و لەگەڵ ئازادییەکانی تاک و کۆششی ئابوری ئازاد ناگونجێ. ئەو دووانەی دوایی(ئازادی تاک و ئازادی ئابووری) بە دوو پرەنسیپی سەرەکی کۆمەڵگای مەدەنی دەژمێردرێن.

تەجرەبەی کوردستان لەم بوارەدا بریتیە لە کێشەو تەسلیم. واتە یاساکان زۆربەیان لەژێر کاریگەری دین دان، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک یاسا هەیە سەرچاوەکەی عەلمانیەتە. وەک یاساکانی پەیوەند بە تیرۆر، یاساکانی دیفاع لە مافەکانی ئافرەت و یاساکانی سزادان.

من بە پێویستی دەزانم لەبیرمان نەچێت چەمکی یاسا و ئەو باوەڕەی پاڵپشتییەتی، لەگەڵ کەلتوری رۆژهەڵاتی ئیسلامی نامۆیە.



هەروەک دیارە لەو کۆمەڵگایانە باسی مافەکانی مرۆڤ دەکرێ کە بنەماکانی لەسەر یاسای هاوچەرخ داڕێژرابێ، واتە ئەو یاسایانەی بەرهەمی بیر و مێشکی مرۆڤن دێنەکایەوە تەنانەت ئەگەر لەگەڵ فەرمانە شەرعییەکانیش یەکنەگرنەوە. ئالێرەدا وەزعییەت و شەرعییەت (بە مانای عەلمانی و ئاینی) دەکەونە بەرامبەری یەکدی. چونکە بە درێژایی مێژووی زیاتر لە هەزارو چوارسەد ساڵ، هەر بەرهەمێکی بیر و ئەندیشەی مرۆڤ لە جیهانی ئیسلامدا بە بیدعە(داهێنانی دەستی مرۆڤ) داندراوە و کوفرێندراوە، بۆیە شتێک بەناوی جێگای چەمکی یاسا لە کەلتوری رۆژهەڵاتدا وجودی نیە. مێژووی ئیمپڕاتۆرییەکانی راشدین و ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانی و فاتمی و سەفەوی و قاجاری شاهیدی ئەوەن کە دەوڵەتەکان بەبێ یاسا بەڕێوەچوون و تەنیا لێکدانەوەی دەقە شەرعییەکان زامنی کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی و جێگرەوەی دەستور و یاسای دەوڵەتەکان بووە. هەر ئەو کەلتورەیە وایکردووە چەمکی کوفراندن (تەکفیر) بووەتە بیرکردنەوەی زۆر ئاسانی تیپە جیاجیاکانی تاقمە سیاسییە ئیسلامییەکان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ و ئەندیشە و داهێنانەکانی.

بنچینەی پەرچدانەوەی بیری یاسایی، سەرچاوەکەی ئەو قەناعەتە ئاینییەیە کە ئاماژەم پێکرد. ئەو کەلتورە تاکەکانی وارادێنێ کە فەرمان و رێنوێنیەکانی شەرع، بۆ بەڕێوەبردنی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ بە کافی بزانێ. بۆیە دەڵێم لەم رۆژگارەدا دین کاتێک بۆ رێکخستنی سیاسی بەکار بێت، رەنگی ئایدیۆلۆژیا وەردەگرێ و لە رابردووی خۆی دووردەکەوێتەوە. ئەو ئایدیۆلۆژیایە کە بە چەمکی ئاینی پیرۆزێندراوە، چەکی بەرەنگاربوونەوەی بێبەزەییانەی ئەو توێژە بەرفراوانەی کۆمەڵگای تەقلیدییە کە ناتوانێ

گۆڕانکارییەکان قبوڵ بکات. ئالێرەدا دین دەکاتە سەرچاوەی بیروباوەڕی پاشکەوتنخوازانەی خۆی.

پلەی بەرزی نەخوێندەواری و سیستەمی خۆپارێزانەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، زەمینەیەکی لەباریان بۆ مانەوەی ڕوانگای تەقلیدییانە بۆ ژیان،ڕەخساندووە.

## ڕوانگای مرۆڤناسانە بە دین

ئیسلامی سیاسی ئەو گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینییەی کەوا نزیکەی بیست ساڵە لە وڵاتەکەماندا وەک سەرەتا پەیدا بوو،ئەوە بۆ پانزدە ساڵ دەچێ گرفتێکی گەورەی سیاسییە،نزیک دە ساڵە بووەتە گرفتێکی گەورەی سوپایی، وا پێنج ساڵە بووەتە گرفتێکی گەورەی ئەمن و ئاسایش. هەر بۆیەش بابەتێکی گرنگە.

بۆ ئەوەی لە ڕەگ و ریشەی ئەو گرفتە بکۆڵینەوە، کردوومەتە پێنج بەش. یەکەمجار پێویستە هەڵوەستەیەک بکەین داخۆ دین چ مانایەک دەگەیەنێ؟ ئەوەش جیا لەو تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەی لە ماڵ و گەڕەک و قوتابخانە یان بە گشتی لە پەروەردەی دینی وەرمانگرتووە چونکە ئەویان شتێکی دیکەیە. هەروەها بۆ ئەوەی بزانین بزووتنەوە دینییەکان چن و بزووتنەوە ئیسلامیەکان کام جۆری ئەو بزوتنەوانەن، پێویستە بزانین خودی دین لە کام ڕوانگاوە تەماشای دەکەین.

لە باسی دووەممدا هەوڵدەدەم بگەڕێینەوە بۆمێژووی پەیدابوونی دەوڵەتە دینییەکان. لە باسی سێیەممدا هەوڵدەدەم بگەڕێینەوە سەر تەجرەبەی دەوڵەتی دینی کە بە شەریعەت بەڕیوەدەچوو هەروەها چۆنییەتی نشستهێنانی و لە ئەنجامی ئەوەدا چۆن فکری چاکسازی پەیدا بوو. هەر لەو باسەدا باسی ئەنجامەکانی دەوڵەتی دینی دەکەم لە ناو ئیسلام و دینەکانی دیکەدا کە چۆن بووە زەمینە خۆشکاری فکرو بزووتنەوەی چاکسازی. چەمکی چاکسازی لە دەوڵەتی دینیدا مانای چییە و چەند بوار دەگرێتەوە؟ بۆ نموونە بوارەکانی نیزامی دینی و سیستەمی کۆمەڵایەتی و شێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت گرتەوە.

لە باسی چوارەمدا باسی جێگرەوەی دەوڵەتی دینی دەکەم کە لە ئەنجامی پرۆسەی چاکسازی هاتەدی ئەویش سیستەمی دنیاییە(عەلمانیی) کە لە ڕاستیدا دەستپێکردنی سیستەمی دیموکراسییە و بە دەوڵەتی سکولار ناسراوە. باسی کۆتاییمان لەسەر بۆچێتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی دینییە. ئەویش دیارە بۆ گێڕاندنەوەی دەوڵەتی دینی هاتوونە کایە. ئەوکاتە تێدەگەین لایەنە باش و خراپەکانیان چن، ئەوجا دەتوانین بیر بکەینەوە لەناو کۆمەڵگادا چۆن بەرەنگاریان بینەوە، هەروەها چۆن توندوتیژی و داپلۆسین لەو بەرەنگاربوونەوەماندا بەکارنەهێنین. بەرەنگاربوونەوەی فکری توندڕۆیی بخەینە ناو کاری ڕۆشنگەری لەپێناو دیموکراسی.

ئێستا دێمەسەر باسی یەکەم.

پێشەکی بە پێویستی دەزانم لە لێکۆڵینەوەی دینناسیدا، خۆمان لە ڕوانگای ئیلحادی دوور بگرین و پەنا بۆ تۆژینەوەی زانستی ببەین. هەڵبەت ڕوانگای ئیلحادیش یەکێکە لەو هەوڵانەی لە ڕۆلی دین دەکۆڵێتەوە بەڵام ڕوانگایەکی کامڵ نیە چونکە خەت بەسەر واقیعێکدا دێنێ کە هەیە، بۆیە ناتوانێ ببێتە تاکە بەدیل و ڕوانگای باش بۆ تێگەیشتنی چەمکی دینی. بۆیە باشترین ڕێگا ڕوانگای واقیعی و

زانستییە. بۆ ئەوەش دەبێ پێناسەی مرۆڤایەتی بکەین و لەو قۆناغانەی وردبینەوە کە پێیداتێپەڕیوە.جا لێرەدا پێویستە بگەڕێینەوە سەر مێژوو، لەوێدا قۆناغێک هەیە پەیوەستە بە خەملان و پەیدابوونی زانین(مەعریفە). لەو قۆناغەدا بوو کە لە ماوەیەکی دەهەزار ساڵیدا روانگای دینی پەیدا بوو. لەو ماوەیەدا دینەکان لە هەرە سادەیانەوە تا هەرە کامڵەکەیان پەیدا بوون و یەکتریان پەرچ دایەوەو پرۆسەیەکی دوڵەمەندبوونیان گرتەبەر و لە دواییدا لەدژی یەکدی کەوتنە شەڕ.

شاراوە نیە کە مێژووی مرۆڤایەتی هێندە دوورودرێژ نیە. یەکێک لە شاکارەکانی بەشەر ئەو ئاورە بووە کە لە خۆی داوەتەوە تا خۆی بناسێ، دوای ئەوە دەتوانێ جیهانی دەوروبەری خۆی بناسێ و وەڵامی ئەو دیاردانە بداتەوە کە لە کۆندا تێیاننەدەگەیشت. هەر ئەوەش بوو کەموکوڕی و هەڕەشە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی پێبەربەست نەدەکرا تا بتوانێ لە ئەمان و ئاسایشدا بژێ. بۆ هەر کام لە روانگاکان بگەڕێینەوە، لەسەر سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی وەڵامێکی لێکدی نزیکمان دەستدەکەوێ ئەویش لە بیست وپێنج هەزار ساڵ تێناپەڕێ.ئەو زەمانە بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە ماوەیەکی زۆر کورتە. ئەگەر پاشماوەی لەوە درێژتر هەبن، جێپەنجەی بنیادەمی پێوە دیار نیە بۆیە شایانی ئەوە نیە بکەویتە ناو لێکۆڵینەوەی مرۆڤناسی. هەڵبەت من لە ژمارەی سالاندا دیققەتێکی زۆرم بەکارنەهێناوە و ئەوە مێژووناسەکانن بە دیققەت سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی دیاریدەکەن.

دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشم کەوا کەلتوری کۆمەڵگای کوردستان مۆرکی دینی بەسەردا زاڵە، بۆیە بەشێکی زۆر لە پرسیارەکانی تاک بە قەدەغە و گوناح دادەندرێ چونکە دەخرێتە ناو مانای کوفرەکان. لەلای ناوەندە ئاینییەکان باو بوو دەگوترا هەندێک



پرسیار لە دیندا قەدەغەیە. بەگوێرەی ئەو سیستەمە مەعریفییە، هەندێک راستی هەیە نابێ بەشەر بیزانێ. بۆ؟ چونکە تاک دەخاتە گومانەوە. گومانی چی؟ گومانی پرسیار. پرسیار چی لە تاک دەکات؟ وایلێدەکات بەدوای وەڵامدا بگەڕێ. ئەگەر بەدوای وەڵامدا گەڕا ئەوە لە هەندێک فەرمانی سابیت و نەگۆڕ دەردەچێ. بۆیە شارەزایانی شەریعەت تاکیان لەو رێچکەیە دەوەستاند و پێیانوابوو ئەو وردەکارییە لە شەیتان نزیکی دەخاتەوە و دەگاتە فکری شەیتانی.

ئەو میتۆدە مەعریفیە دینییە هەڵەیە. پرسیار بەشەر دەگەیەنێتە وەڵام و بەسەر ئەو سیستەم و واقیعەدا یاغی دەبێ کە بەستویەتیەوە. بۆیە دەیگەیەنێتە چاکسازی نەک فکری شەیتانی. فێری مناقەشەی دەکات نەک تەسلیم بوونی کوێرانە. لەوەدا بەشەر پێدەنێتە ناو قۆناغێکی نوێ.

لەروانگای دینییەوە، سەرەتای هەوڵدانی بنیادەم، ئەوکاتەی تازە لە جەنگەڵەکان دەردەچوو،وردە وردە ئەشکەوتی بەجێدەهێشت و گوند دروست دەبوون،هەندێک لە ئاژەڵەکانی کەیی دەکردن و بەکاریدەهێنان و دەیخستنە بەر خۆشگوزەرانی خۆی. ئەو گیاو درەختانەی بە تەجرەبە بۆی دەرکەوت کە دەخورێن دیاریکردن و هەڵی چاندن و زۆرکردنی بەرهەمیانی دەدا. ئا لەوێوە سەرەتای دامەزران و داسەکنان و کەمێک دڵنیایی بنیادەم دەستپێیکرد. پێش ئەو قۆناغە وەک هەر ئاژەڵێکی دیکە بەردەوام لەبەر هەڕەشەی نەماندا بوو. ترس و دڵەڕاوکێیەکی کوێر بەسەریدا زاڵ بوو. مەترسی نەمانی لەسەر بوو لە لای ئاژەڵە درندەکان و هاونەژادەکانی خۆی کە تازە لە خێزانەوە بەرەو بەرەباب دەڕۆیشت. لەو کاتەدا بنیادەم هیچ خەزێنەیەکی زانین و تەجرەبەی لەبەردەستدا نەبوو. ئەو چەمکە دوڵەمەندانەی ئەمڕۆ لە

مەعریفەتی(زانین) مرۆڤدا چەسپاون ئەوکات نەبوون. بۆیە دەبینی جیاوازییەکی زۆر کەم لەنێوان بنیادەم و ئاژەڵ هەبوو. ئەوانە هەمووی لە مێژووی مرۆڤناسیدا تۆمار کراوە و بواری گومان و مناقەشەی نەهێشتۆتەوە. ئەوەی بیەوێ بپرسێ و بزانێ، دەبێ بچێ بخوێنێتەوە.

نەژادی بنیادەم بۆچی ئەوەندە بە دەست پرسی ئاسایشەوە تەنگاو و خەریک بووە؟ وەڵامەکەی ئاسانە، چونکە بە ئاسانی خۆی پێنەدەپارێزرا. ئەو لەو تاقمە گیاندارانەیە کە زۆر بە زەحمەت دەتوانێ دیفاع لەخۆی بکات. بۆ نموونە وەک شێر و پڵنگ و گورگ و سەگ نەیدەتوانی بە ئاسانی ئاژەڵە دوژمنەکانی هەڵدڕێ و بیانخوات. ئەوەش بۆ چەند کارامەیی سروشتی دەگەڕێتەوە کە ئەو نیەتی؛ نە چاوی زۆر تیژە،نە توانایی بۆنکردنی فراوانە،لە راکردنیشدا زۆر بەهێز و خێراو پاز گەورە نیە. کاتێک لە بەرزاییەوە بکەوێ تێکدەشکێ،ئەو کارامەییە سروشتییەی کە پشیلەو پڵنگ هەیەتی ئەو لێی بێبەشە.

ئەو هۆکارانە پاڵیان بە نەژادی بنیادەمەوەنا تا بەو ئاقارەدا بڕوات کە توانایی خۆپاراستنی پێدەدات. ئەویش تاکە یەک رێگا بوو، ناسینی دەوروبەری خۆی. با نموونەیەک بێنمەوە؛ خۆراک یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بوو. ئەوەی لە زەین و توێی ئەفسانەکاندا پێمانگەیشتووە باسی قاتوقڕی ترسناک دەکات و ئەو زەمینەیە وەسف دەکات کە پاڵەوانە فریادڕەسەکانی هێنایە کاوە. ئەی بۆ لەم رۆژگارەدا ئەفسانە و پاڵەوان دروست نابن؟ چونکە ئەفسانە دیاردەیەکی مەعریفی رۆژگارێکە کەوا بنیادەم بێتوانا بوو، نەیدەتوانی بەسەر دیاردەکانی دەوروبوریدا زاڵ بێت.دەبوا پشت بە پیاوێکی زەبەلاحی بەتوانا ببەستێ کە بە وزەی بازو چەند خێزانێک بپارێزێ. رەفتار و رەوشت و کردەوەکانی ئەو کەسانە  دەبووە جێی باس و پێدا



هەڵگوتن و سەرەنجام ئەفسانەیەکی لێدروست دەبوو. ئەفسانەکان ئەو کەسانە دروستیان دەکردن کە لە سایەی پاڵەوانەکاندا دەژیان.

ئێوە لە بنیادەم وردببنەوە دەبینن هێندە لاوازە تەنانەت ناتوانێ وەک بزنێک بە شەویلاگەکانی گیا بڕنێتەوە. کەچی گایەک زۆر بە ئاسانی دەیکات. ئاژەڵەکانی دیکە دەیانتوانی تویکڵی دەرەختەکان دابڕنن و لق و پۆپەکانی داشکێنن و بیخۆن. بۆیە بنیادەم ناچار بوو دەست بەکاربێنێ ئەوجا خواردن بخاتە ناو دەمی خۆی. وەک دەبینن شیوازی ژیانی بنیادەم لەچاو ئاژەڵەکانی دیکە زۆر بە زەحمەتە.

سەرەتای پەیدابوونی هزری دینی لەوێوە دەستپێکرد کە لەناو کۆمەڵگا بچووکەکاندا کەسانێکی زیرەک و بەتەجرەبە پەیدابوون پێیاندەگوتن کاهین یا شامان(ردێن سپی و زانا و قسە رۆیشتوو). زانایانی سەدەکانی نۆزدە و بیست لێکۆڵینەوەیان لەسەر هۆزە دواکەوتووەکانی ئوسترالیا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقا دەکرد و ئەم راستیانەیان سەلماند. هەڵبەت رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە ناوچەی ئێمەیە زۆر زوو پێشکەوت و ئەو قۆناغانەی تێپەڕاند. ئەو پیاوە زیرەکانەی هەڵدەکەوتن بە کۆکردنەوەی تەجرەبەی پێشوو هەروەها زانایی خۆیان دەکەوتنە شیکردنەوەی ئەو دیاردانەی لە سروشت و کۆمەڵگادا هەڕەشەیان لە بوونی بنیادەم دەکرد. ئەو کارەیان دەکرد بەبێ ئەوەی هیچ خوێندەوارییان هەبێت و هەڵێنجان و ئامۆژگارییەکانیان پشت بە پشت دەڕۆیشت. بۆیە کاری ئەو کاهینانە بە سەرەتای پەیدابوونی کاری دڵدانەوەو سیحر و ورە وەبەرنان دەژمێردرا. ئەو رووداوانەی بەسەر ژیانی هۆزێک یان کەسێکدا دەهاتن شیدەکردەوە و مانایەکی پێدەبەخشی تا ئەو کەسە قەناعەت و فەرامۆشی بێت. ئینجا دەستی بە پێشبینی کردن و فاڵگرتنەوە دەکرد.

ئەوانە بۆچی دەکران؟ هەردەبێ لەپێناوی توانایی بەردەوام بوون لە ژیان بێت. سیحر پێویستی ئەو زەمانە و هی ئەم رۆژگارە نیە. سیحر بناغەی لەسەر خورافە و بیروباوەڕی نازانستی دامەزراوە. ئەوە لە ژیانی بنیادەمدا دەوری گێڕاوە بەڵام بە تەجرەبە نەدەسەلمێندرا.

کۆبوونەوەی تەجرەبە شەخسی و هۆزایەتیەکان و بێتوانایی روانگای سیحربازان، زەمینەی دۆڵەمەند بوون و کاریگەریێتی ئەفسانەکانی خۆش کرد. ئەفسانەکان بریتی بوون لە چیرۆکی بەسەرهاتی گەورەپیاوان و هۆزەکان لە کاتی لێقەومان و ئەو سەرکەوتنانەی بە ئاواتیەوە بوون و چاوەڕوانییان دەکرد. هەڵبەت هەندێک بیروباوەڕیان دەهۆنییەوە و بوونەوەری ئەوتۆیان باس دەکرد کە وجودیان نەبوو، ئەوانەیان دەخستە ناو مێشکی بنیادەم. بوونەوەری وەک جن و دێو کە قەت وجودیان نەبووە بەرهەمی ئەو پرۆسەیەن. ئەگەر داستانە ئەفسانەییەکانی خۆمان ببیستن یان ئەگەر نوسرابنەوە بیانخوێننەوە دەبینن هەمیشە کێشەی بنیادەم لەگەڵ ئەو دێوانە بووە کە تاقەتێکی زۆریان هەبووە و تەلەسمیان دەکرد و بنیادەمیان دەکردە بەرد و جانەوەر. ئەنجا پاڵەوانێک دێت و ئەو تەلەسمانە دەشکێنێت. بۆ؟ چونکە پێویستە لە کۆتاییدا بنیادەم سەرکەوێت. ئەو قۆناغانە چەندان هەزار ساڵی خایاند. ئەوەش لەلایەن شوێنەوارناس و ئانترۆپۆلۆژییەکانەوە بە بەڵگە لێکۆڵدراوەتەوەو سەلمێندراوە. لەو قۆناغەدا چەمک و باوەڕە سیحراوی و ئەفسانەییەکان لەگەڵ پێگەیشتنی بنیادەم تێکەڵ بوون. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر جەستەی بنیادەمدا هات. بمانەوێ و نەمانەوێ بنیادەم تیرەیەکە لە تیرەکانی مەیمون. هەر وەک چۆن شێر و پڵنگ و بەور و پشیلە لقی یەک تیرەن کەچی پشیلە زۆر



بچووکە و شیر زۆر گەورەیە. هەروەها سەگ و گورگ و چەقەڵ و رێوی لق و پۆپی تیرەیەکی دیکەن.

ئەو گۆڕانەی بەسەر جەستەی بنیادەمدا هاتن بریتی بوون لە شارەزایی و راستبوونەوەی دەست و قاچ، قیت بوونەوەی پشت و خڕبوونی کەللەی سەر. لەگەڵ ئەوەدا خودی زمان زیاتر پێدەگەیشت و چەمکەکان لە مێشکیدا دەچەسپان،خودی چەمکەکانیش یارمەتی زمانیاندەدا تا دۆڵەمەندتر بێ. کەواتە پرۆسەی پێگەیشتنی فکر و زمان لەگەڵ پێگەیشتنی جەستەی بنیادەم وئینجا پرۆسەی سیستەمی خۆرێکخستنی بنیادەم بۆ دابینکردنی ئاسایش و مان هەروەها دابینکردنی پێداویستییەکانی مانەوەی خۆی بوو. ئەوانە هەموو بە هەماهەنگی پێدەگەیشتن. هەربۆیە قۆناغی یەکەمی داهاتنی زمان و پەیدابوونی چەمکە تەفسیرییەکان بۆ ئەو جیهانەی بنیادەم لێیدەترسا، لەو کاتەوە دەستییپێکرد. سیحر و ئەفسانە بۆ لێکدانەوەی ئەو جیهانەی بنیادەم دەیویست بیناسێ،سەرچاوەیەکی یەکگرتوو نیە. هەربۆیەش فکری سیحری و کەلتوری ئەفسانەیی نەیتوانی کۆمەڵگای بەشەری لە دەوری یەکدی کۆبکاتەوە. لە جیات ئەوە بە شێوەی تاقمی بچوک و پەرت و بڵاو  کۆیدەکردنەوەو باوەڕی بۆ دروست دەکردن،توانای بەردەوامی دەدانێ و لێکدانەوەی دیاردەکانی پێدەبەخشین. ئەو دیاردانە باران و لافاو و بومەلەرزە و وشکەساڵی و گڕکان و ئەو نەخۆشیە کوشندانەی بڵاودەبوونەوە، دەبوا تەفسیریان هەبێ و چارەسەریشی دەخواست، بۆ هەر چارەسەرێکیش زانیاری دەویست،سەرچاوەی زانیارییەکانیش ئەوانە بوون.

ئەو باوەڕە ئەفسانەییانە لە سەرەتای پرۆسەی کۆبوونەوەی زانیندا زۆر بە قوڵی لە ئاگایی بنیادەمدا چەسپان و تا ئەم زەمانەش بەشداری

لە پێکهاتەی زانینی(مەعریفە) مرۆڤ دەکەن. هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر هەیە سەرباری خوێندەوارێتی هەر باوەڕی بە جن و دێو و ئەفسانەکانی دیکە ماوە. ئەوانە لە باوەڕ و ڕەفتاردا جێگیر بوون. بۆ؟ چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پشت بەپشت گەشەی سەندووە زانینەکانیش سینگاوسینگ هاتوون. هەموومان بەبێ ئیرادە و ئاگایی لەدایک دەبین لە سیستەمی پەروەردەکردندا فێرمان دەکەن رادێین. یەکێک لە ئامادەییەکانی بنیادەم بۆ بەردەوامی،راهاتنە. ئینجا لەوەوە توانای بەرگریی و بەردەوامی پەیدا دەکات.

دین قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتنی بەشەرە کە دوای سیحر وئەفسانەکان هاتووە. دەستپێکردنی دین بە کێشەیەکی توند دژی مەعریفە(زانین)ی سیحر و ئەفسانە دەستپێکرد. دوو هەزار ساڵ پێش ئیسلام، دینی یەهودی پەیدا بوو. تەورات لە لاپەڕەی یەکەمەوە باسی کێشە و بەرەنگاریی پێغەمبەرەکانی وەچەی ئیسرائیل دەکات لەبەرامبەر باوەڕی سیحر و ئەفسانەیی. چونکە ئەو سیستەمە باوەڕییە نەیدەتوانی کۆمەڵگای بەشەری پێکەوە تەباو ڕەبا بکات، بۆئەوەی چیتر یەکدی نەکوژن و بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن. بۆ نموونە کاتێک ئیبراهیم پێغەمبەر دەیویست(ئیسحاق) ئیسماعیلی کوڕی بۆ خودا بکاتە قوربانیی موچوڕک بە لەشماندادێت. لە تەوراتدا دەڵێ ئیسحاقە ئیسماعیل نیە بەلام لە قورئاندا بە ئیسماعیل هاتووە. خودی ڕووداوەکە گرنگە و کارمان بەسەر جیاوازییەکەدا نیە.

پێش هەڵوێستەکەی ئیبراهیم،کاهینەکان و ساحیرەکان پێیانوابوو خودا یەک نیە و چەندین خودای جیاجیا هەیە، بۆ هەر بەلایەک خوایەک هەیە. لە زۆربەی هەرە زۆری سەرزەمینەکانی جیهان پێیانوابوو خودای خاوەن بەلا خوێنی دەوێ. بۆیە دەبێ بە قیمەتترین بەهای بنیادەمی



بدرێتێ کە خوێنیەتی. بەپێی باوەڕە جیاجیاکانی هەر سەرزەمینێک یەکەم کوڕ یان جوانترین گەنج دەکرایە قوربانی، لە دواییدا لەسەر ئافرەت قوربانکردن گیرسانەوە. لە هەندێک شوێن خوێن یان پارچەیەکی جەستەکەیان دەخوارد. لە میسر ئافرەتیان دەکردە قوربانی و دەیانخستە ناو ڕووباری نیل. کێشەی وەچەی ئیسرائیل لەناوخۆیاندا لەگەڵ ئاکامەکانی سیحر و جادو بوو. ئەو کێشەیە بەردەوام بوو تا لە زەمانی موسا داسەکنانی کرد، ئەویش بنەماکانی باوەڕەکانی ئاینی یەهودییە. هەڵبەت دوای ئەویش پێغەمبەر و ڕێنیشاندەر هاتن و وردەکارییان خستە سەر دینەکە. ئەو دینە بۆ یەکەمجار چەمکی خودای لە پەرت و بڵاوی و ئەرکی لێکدی جیای وەک خوای باران و خوای بومەلەرزە ..رزگار کرد و رایگەیاند خوا یەکێکە و لە ئاسمانە و هیچ وەسفێکی دیاریکراوی بۆ نەکرد بەلام وەک خولقێنەر و بە تواناترینی ناساند. لە ڕوانگای یەهودییدا خودا نابیندرێ بەلام دەنگی لەلایەن پێغەمبەرەکانەوە دەبیستریێ،بۆ بەشەری لادەر و نەزان تۆڵە سێنەر و سزادەرێکی بەوەجە، تۆڵەسەندنەکەی لەسەر ئەم دنیایەیە و بەلای گەورەی توش دەکات. لە کۆتایی کارەساتدا پێش ئەوەی نەژادی بەشەر قڕ بێت، چاکسازێکی بۆ دەنێرێ تا پێیانڕابگەیەنێ بگەڕێنەوە سەر ڕێنوێنییەکانی خودا. جا لە دینەکاندا هەمیشە لەو وەرچەرخانانەدا ڕێنوێنی و فەرمانی نوێ بۆ دین زیاد دەکرێن.

ئەوە هەنگاوێکی بەوەج بوو بەرەوپێشەوە چونکە بەشەری لە پەرت و بڵاوی دەردەهێنا و لەسەر هەندێک فەرمانی نوێ کۆیدەکردنەوە کە لە خزمەتی مانەوەو پێشکەوتنی ئەوکاتی کۆمەڵی بەشەریی دابوون. هەروەها خەزێنی زانین و مەعریفەی کۆمەڵگاش دۆڵەمەندتر دەبوو،جیا لەوە وردە وردە ڕوانگای فەلسەفییانەش هاتنە کایەوە. پرسیار دەکرا

ئەرێ جیهان چییە؟ دینی یەهود وەڵامی دەدانەوە جیهان خودای بەتوانا دروستی کردووە. لێیاندەپرسین بۆ؟ وەڵامیاندەدایەوە کە وای حەز لێبوو. هەر لەوێدا چیرۆکی پەیدابوونی بنیادەمیان بۆ هەڵەی یەکەم دەگێڕایەوە کە ئادەم و حەوای یەکەم دایک و باوکی بنیادەم تووشی بوون و لە ئەنجامیدا لە بەهەشتەوە بەربوونەوە سەر زەوی خاکیی. ئەو چیرۆکە بۆ دینی مەسیح و ئیسلامیش گواستراوەتەوە. پەیڕەوانی ئەو دینانە ڕێزی ئەو بڕوایە دەگرن. هەربۆیە یەکەمین دینی یەکتاپەرستی لە یەهودەوە دەستپێدەکات.

ئەوەی جێگای سەرنجپێدانە ئەو دینە تەنیا لەناو تیرەکانی بنی ئیسرئیل مایەوەو نەبووە جیهانگیر. وەک دینی خێڵێکی چەندین بەرەبابی مایەوەو لەگەڵ دراوسێکانیان هەمیشە لە کێشمەکێش دابوون. چونکە دینێکی داخراو و لەناوخۆیدایە،کراوە نیە. یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانیان دانانی بنی ئیسرائیلە بە لێهاتووترین و باشترین مەخلوقی خودا. هەربۆیە بەخۆیان رەوادەبینی بەسەر هەموو دنیادا زاڵ بن. هەڵبەت دنیای ئەوان لە نیلەوە تا فوراتە و هەموو ڕووداوەکانی ناو تەورات لە چیای جودی ناو کوردستانی ئەمڕۆ تێناپەڕێ. سنوری جیهانی یەهود لە چیای جودییەوە دەستپێدەکات و بە لێوارەکانی دیجلەو فوراتدا شۆڕدەبێتەوەو دەگاتە سەرزەمینی فیرعەونەکان کە میسرە، لەوێوە دێتەوە بۆ سەرزەمینی پیرۆز واتە ئەو شارەی کە ئێستا حەماس و جووەکان یەکدی تێدا دەکوژن. مەبەستم شاری قودسە.

پەیڕەوانی دینی یەهود لەناوخۆیاندا یەکگرتوو نەبوون، جار جار لە دینەکەیان هەڵدەگەڕانەوەو دوایی چاکسازێک دەهات و ئامۆژگاری دەکردن بۆیە ژمارەی پێغەمبەرەکانیان یەکجار زۆرن کە هەموویان لەلایەن دینی ئیسلامیشەوە پەسند کراون.



لە ماوەی دوو هەزار ساڵدا گۆڕانکاری زۆر بەسەر ناوچەکەی ئێمەدا هات کە جووەکان بەرەنگاریان دەبوونەوە بۆیە فەرمانڕەواییەکان پەیڕەوانی ئەو دینەیان پەرت و بڵاوکردن. دەبینین جوو لە سەرانسەری جیهان هەیە. هەڵبەتە دوایی لەگەڵ قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا پەڕینەوە بۆ کیشوەری ئەمریکا.

دووەمین دینی یەکتاپەرست، مەسیحییەتە. ئەو دینە بریتیە لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی عیسای مەسیح کە لە ئەنجامی هەڵگەڕانەوەی بنی ئیسرائیل دەستیپێکرد. ڕێنوێنی نوێتر و ئینسانیتری هێنا ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە توندوتیژی لە سەرزەمینی بنی ئیسرائیل پەرەی زیاتری سەندبوو، پیاوە ئاینییەکانی بنی ئیسرائیل لە پەیڕەوی خۆیان دوورکەوتبوونەوە. لەوکاتدا ڕۆمانیەکان سەرزەمینی پیرۆزیان داگیر کردبوو و پابەندی هیچ دینێک نەبوون چونکە لە ئەوروپادا دین ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو. لەناو هەندێک کۆمەڵگاشدا دین دەبووە هۆکاری دروستبوونی فەرمانڕەوایی. ئامۆژگارییەکانی عیسا لە ئینجیلدا کۆکراوەتەوە کە کتێبی پیرۆزی مەسیحیەکانە و بە چوار ریوایەت گێڕدراوەتەوەو هەمووشیان لەلای پەیڕەوانی مەسیحی پەسندن. هەڵبەت مەزەبە جیاوازەکانی ئەو دینە لە هەر کۆمەڵگایەکدا بڕیادەدەن کامیان بەلاوە سەرەکیترە. هەر حەوت ئینجیلەکە یەک پەیام دەگێڕنەوەو ڕووداوەکان پەسند دەکەن. ئینجیل وەک قورئانی موسوڵمانان نیە کە بە گوفتاری خودا دابندرێ، بەڵکو کردار و گوفتاری عیسا دەگێڕێتەوەو دانەرەکانی دیارن و بە خەلیفەکانی ئەو دینە دەزاندرێن. ئەوانە قوتابیەکانی عیسا بوون و پەیامی مامۆستاکەیان دەگێڕنەوە.

گەوهەری مەسیحییەت بریتی بوو لە پەیام بۆ بنی ئیسرائیلیەکان تا بگەڕێنەوە بۆ لێبوردەیی و زوهد و گۆشەگیریی و دادپەروەری.

سەرەجام عیسا بە پیلانی پیاوە دینییەکانی یەهودی گرفتاری دەستی فەرمانڕەوای ڕۆمانی کراو لە خاچ درا. داستانی زیندوبوونەوەی لەسەر زاری قوتابیەکانی، لەدوای مردنی داهات. کاتێک عیسا لە خاچ درا نەیدەگوت من یەهودی نیم، نەشیدەگوت من دینێکی نوێم هێناوە. لەسەر زار و کاری قوتابی و بڵاوکارەوەکانی وردە وردە دینەکە بەپێی ئامۆژگارییەکانی ئەو پێکهێندرا. ئەوان ڕایانگەیاند دینی مەسیح لە یەهودەت جیایە و دینی یەهود لە ڕێڕەوی پێغەمبەرەکانی لایداوە بۆیە ئێستا خودا کوڕی خۆی بە پێغەمبەرایەتی ناردووە تا مرۆڤایەتی ڕێنوێنی بکات. بەم چەشنە دووەمین دینی ئاسمانی هاتەدی.

شایانی باسە لە هەردووک دینی یەهود و مەسیحیەتدا پێغەمبەرەکانیان داوای فەرمانڕەوایەتیان نەکردووە تەنیا دەیانویست پادشا و فەرمانڕەواکان گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانیان بن. فەرمانڕەواییەتی پێغەمبەرانی وەک سولەیمان و داود واینەکرد دین ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی بکات. هەردوو دینی یەهود و مەسیحییەت لە سەرەتادا لەپاڵ فەرمانڕەواییدا دەڕۆیشتن. عیساش لەسەر هەمان توراس ڕۆیشت و ئامۆژگاریە بەناوبانگەکەی دەڵێ کاری خودا و فەرمانڕەوا لێکدی جیاوازن. ئەو باوەڕە بووە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی چاکسازی ئەوسای دینی یەهود.

پێویستە لەبیرمان نەچێ کەوا دینی زەمینی و نائاسمانیش هەن. وەک بودایی و هیندوس و کۆنفسیوس و شینتۆ و دەیان دینی دیکەی لەوان بچوکتر. خاڵی هاوبەشی دینە زەمینییەکان پەند و ئامۆژگاری مامۆستاکانیانە کە ئێستا سیفەتی پێغەمبەریان وەرگرتووە. ئەوانە کتێبی ئاسمانی و چەمکی خودایان نیە. بۆ نموونە یەکێک لە پەیڕەوەکانی بودا لێی پرسی خودا چییە؟ بودا لە وەڵامدا گوتی ئەوە کاری من نیە و پرسیاری تۆش نەبێت.



کەواتە دینی ئەوتۆ هەن خودایان نیە و پەرستنیش لە داب و نەریتیاندا وەک دینە ئاسمانییەکان نیە و دوایی بە درەنگەوە دەستپێکرد. ئەوانە زیاتر دینی هێمنن. هەڵبەت لە دینە ئاسمانیەکانیشدا جیاوازی گەورە هەنە. بۆ نموونە لە دینی یەهودیەتدا قیامەت و زیندو بوونەوە و بەهەشت و دۆزەخ نین. بەهەشت هەبوو بەڵام هەڵەی ئادەم و حەوا لە کیسیانی برد. لە دینی مەسیحدا چەمکی بەهەشت و دۆزەخ داهات و لە دینی ئیسلامدا کامڵتر کرا. کتێبی پیرۆزی یەهودی تەوراتە بەڵام لای مەسیحیەت تەوڕات و ئینجیل بە کتێبی پیرۆزی خۆیان دەزانن.

سێیەمین دینی ئاسمانی ئیسلامە. لەو دینەدا هەردوو دینەکەی دیکە بەلاوە نراون و کتێبە پیرۆزەکانیشیان قبوڵ ناکات. قوڕئان بە فەرمایشی خودا دەزانێت. لەوەڕا ئەو بەراورد و لێوەرگرتنەمان دێتە زەین کە ئەگەر پێغەمبەری مەسیحیەت کوڕی خودا بێت، ئەوە لە ئیسلامدا کتێبی پیرۆز فەرمایشی خودایە. لێرەدا تەجرید لە ڕامانی دینیدا بەرەوپێش دێت. دینە زەمینی و دینە ئاسمانییەکان لە جەوهەردا دینن بەڵام لە کردەوەدا جیاوازن. دینە زەمینییەکان هیچ پاساوێکی ئاسمانی بۆخۆیان ناهێننەوە کەچی دینە ئاسمانییەکان خۆیان بە پەیام و نوێنەری خودا دەزانن. ئەو دوو جۆرە دینە دابەشدەکرێن بەسەر دوو جۆری هێمن و توند.

دینی ئیسلام لەسەر دەستی پەیامبەر محەمەد داهات و لە ئەنجامی زۆرانبازییەکی کۆمەڵایەتی و مەعریفی زۆر توند و تیژی ناو کۆمەڵگای دوڕگەی عەرەب زەمینەی بۆ ڕەخسا. ئەم دینە بە ڕابەرایەتی محەمەد کێشەکانی چارەسەر کرد و هەموویانی یەکخست. لەو دینەدا ئامۆژگاری و مێژوو و یاسا و فەرمانی نوێ هاتن کەوا هەمووی پێداچوونەوەو هەندێکی دووبارەکردنەوەو ڕەدکردنەوەی هەردوو دینەکەی پێشووە. قوڕئان کتێبی پیرۆزی دینی ئیسلام،

بەردەوامییەکی نەپساوەی ئەو کاروانەی مێژووە کە هەر سێ دینە ئاسمانییەکەی جیهانی داهێنا. بۆیە باسەکانی لەگەڵ تەورات و ئینجیل نامۆ نین.

ئەو سێ دینە (یەهودییەت، مەسیحییەت، ئیسلام) بنەمای ئەو دوو شارستانییە سەراپاگیرەی جیهانن (رۆژاوا، رۆژهەلات) کە سێبەریان بەسەر جیهانی ئەمڕۆدا گرتووە و زۆربەی کێشە و ناکۆکییەکان بۆ کێشەی بەردەوامی نێوانیان دەگەڕێتەوە.

چەمکی پەروەردگاری داهێنەر(خالق) لەلای دینی ئیسلام لە هەمان چەمک لەلای ئەهودییەت و مەسیحیەت زۆر فراوانتر و دۆڵەمەندترە، هەربۆیە کۆنترۆلی بەسەر کۆمەڵگادا فراوانتر و توندترە. خوا هیچ وەسفێکی بۆ ناکرێ تەنیا هێزێکی بێکۆتایی بەردەوامە کە بنیادەم بۆی نیە زۆر لێی وردبێتەوە،تەنیا دەبێ لێی بترسێ، لە هەمانکاتدا پڕ زەبییە، تۆڵە لە بەندەی خۆی دەسەنێتەوە بەڵام تۆڵەکەی لەم دنیایەدا نیە،بەڵکو لە دنیای هەمیشەیی دیکەدایە. هەبوونی بڕوای تووشبوونی بەڵا لەم دنیایەدا لە ئەنجامی کاری خراپەدا،وەرگرتنی سیفەتێکی خودای دینی یەهودە. هەروەها خودای دینی ئیسلام زۆردار نیە و میهرەبانە و ئامادەی لێبوردنە لە بەندەکانی. لەسەر بڕوای هەزار گوناح و یەک تۆبە وەستاوە.

چەمکی بەهەشت لە دینی یەهودییەتدا نیە بەڵام لە مەسیحیەتدا تاریف کراوە. ئەو چەمکە لە دینی ئیسلامدا زۆر فراوانتر و روونترە لەوەی لە مەسیحییەتدا هەیە. ئەو هێمنییەی عیسا بە چەمکی خودای دەدا، محەمەد کامڵتری کرد،تێگەیشتنی بۆ بنیادەم ئاسانتر کرد. سزادان و پاداشتی لەنێوان زەمین و ئاسمان دابەشکرا. کەچی لە دینی مەسیحدا تەنیا زوهد و گۆشەگیری و خۆبەخشین پێشنیار دەکرا. قسە



بەناوبانگەکەی عیسا دەڵێ ئەگەر زللەیان لە گۆنایەک وەشاندی، تۆ گۆناکەی دیکەشتی بدەرێ. عیسا دەڵێ زللە مەوەشێنەوە. کەچی لە دینی ئیسلامدا مافی دیفاعکردنت دەداتێ. هەموو سیفەتە باڵاکانی وەک بەزەیی و لێبووردەیی و گەورەیی درایە خودا. ئایەتەکانی قورئان ئەو سیفەتانەی تۆمار کرد. ئەوە بە پێچەوانەی دینی یەهود و مەسیحە کە لەواندا موسا و عیسا قسەکانی خوا دەگێڕنەوە. ئینجیل زۆربەی ئامۆژگاری و کردەوەکانی عیسایە. لەوێدا زۆر لە شێوازی کاری مامۆستایی دینەکانی بودایی و کۆنفۆسیۆس دەچێ. هەربۆیەش ئینجیل بەدەستی قوتابیەکانی نوسراوەتەوە.

لە دینی ئیسلامدا قسەکان بوون بە هی خودا و کرانە فەرمانی پیرۆز کە مناقەشە هەڵناگرێ و دەبێ پەیرەو و جێبەجێ بکرێ. بۆی هەیە لێکبیدەیەوە تا باشتر تێبگەی بەڵام نەک بۆ ئەوەی بیگۆڕی. دوایی حەدیس و سوننەتەکانی پێغەمبەریشی هاتەسەر کە بووە دووەم سەرچاوەی نەگۆڕ لە دینی ئیسلامدا.

پێویستە لێرەدا بەراوردێکی مێژوویی لەنێوان هەرسێک دینی ئاسمانیدا بکەین. رێنوێنییەکانی دینی یەهود تەنیا بۆ بنی ئیسرائیل بوو تا یەکبگرن و دان بە راستییەکانی دینی خۆیاندا بێنن و سەرەنجام لە دەردەسەری ئاوارەیی و ستەمی دینی رزگاریان بێت و بگەرێنەوە سەرزەمینی گەنم و هەنگوین کە بە نیشتمانی پیرۆزی خۆیان دەزانی. پادشا و فەرمانڕەوا یەهودییەکان دەبوا لە ئامۆژگاریی پێشەوا ئاینییەکانیان لانەدەن. بەڵام دینی مەسیح هەر لە سەرەتاوە بە کاری ئامۆژگاری(تەبشیری)یەوە دەستیپێکرد و تەنیا خۆپارێزی و هاتنەسەر رێی راستی لە کۆمەڵگای لادەر دەویست. دوای لە خاچدرانی عیسا دینەکە بە تەبشیر پانتایی خۆی فراوان کرد و سەرەنجام بووە دینی رەسمی ئیمپڕاتۆریی رۆمانی، ئینجا وەک دینی دەوڵەت بەسەر خەڵکدا

سەپێندرا و سەرەنجام دەوڵەت و دین بوونە یەک دەزگا. کەچی دینی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە بە دینی دەوڵەت دەستپێکرد و قورئان یاسای بنەرەتی و دەستورەکەی بوو. رێکخستنی کۆمەڵایەتی،سزا و پاداشت لە قورئاندا هەیە. دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر حەدیس و سوننەتەکانیشی کۆکرانەوە و هەمان دەوڵەت بە تەواوکەری قورئانی دانان. یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی خودت پێغەمبەر دامەزرا و لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبیتالیب کۆتایی هات.

لە یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامیدا کە بە دەوڵەتی راشیدین ناسراوە، پێنج فەرمانڕەوا بە دوای یەکدا هاتن ئەوانیش محەمەد، ئەبوبەکر،عومەر، عوسمان، عەلی بوون. دوای ئەوە سەردەمی فەرمانرەوایی ئیسلامی ئەمەوی دەستپێکرد. دوایی عەبباسییەکان هاتن. دوایی هەندێک فەرمانڕەوایی بچووک پەیدا بوون و سەرەنجام فەرمانڕەوایی عوسمانی هات. لە سەرزەمینی ئێران مەزەبی شیعە پەرەی سەند و فەرمانڕەوایی سەفەوی لە پاڵ عوسمانیی هاتە مەیدان. لەوێوە هەردوو مەزەبی شیعە و سوننە فەرمانڕەوایی خۆیان لێکدی جیاکردەوەو بەردەوام لە جەنگی یەکدی دابوون.

دینی ئیسلام لە سەدەمی محەمەد پێغەمبەر تا کۆتایی فەرمانرەوایی عەلی، پێویستی بە دەقی نوسراوە نەبوو. چونکە قورئان سینگ بە سینگ دەخوێندرایەوە و ئەسحابەکان زۆربەیان مابوون. هەرچەند عوسمان قورئانی کۆکردەوە کە چەند دانەیەکی لێکدی جیاواز بوون، وەک ئینجیلەکانی عیسا. عوسمان یەک دانەی هەڵبژارد و ئەوانی دیکەی سوتاند تاکو جیاوازی لەو دەقە پیرۆزەدا نەبیتە مایەی زیاتر نانەوەی بشێوی. وەک دیارە ئەو بڕیارەی عوسمان سیاسییانە و بەرژەوەندییانە بوو، چونکە دوایی خۆی لە ئەنجامی ئاژاوە کوژرا.



بۆیە دەکرێ بڵێین ئەوەی ئێستا قورئانی پەسندی عوسمانە. دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام بە دەسکارییەکی زۆر کەم پارێزراون بۆیە کاریگەرییان لەسەر پەیڕەوانی تا ئێستاش زۆر بەهێزە.

لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا کۆکردنەوەی حەدیسەکان دەستیپێکرد و لێکدانەوە و شەرح و شیکردنەوە وەک پێویستییەک هاتە ناو مەعریفەتی دینی ئیسلامی. ئەویش قۆناغێکی نوێی لە دینی ئیسلامدا دەستپێکرد کە بریتی بوو لە هاتنی مامۆستایانی نوێی خاوەن رەئی و ئیجتیهاد. ئەو مامۆستایانە شەریعەتیان داڕشت. زانینی دینەکەیان بەسەر چەند بوار دابەش کرد. لەسەر بنەمای لێکدانەوە  فەرمان و رێنوێنی تازەیان داهینا. لەو مامۆستایانە نۆ کەسیان قوتابخانەیان لەناو دیندا دروست کرد و موسوڵمانان بەسەر نۆمەزهەب دابەش بوون. مەزهەبەکان بریتین لەمانە: شافیعی، حەنەفی،حەنبەلی،مالیکی،ئەبازی،زاهری،هادەوی،زەیدی،جەعفەری.چوار مەزهەبی یەکەم زۆر لێکدی نزیکن و تەنیا لە وردەکاریدا جیاوازییان هەیە. ئەوانە لەسەر بنەمای سوننەتی پێغەمبەر و کەلەپوری فەرمانڕەوایی راشیدین کۆک بوون، بەڵام مەزهەبی نۆیەم کە جەعفەرییە زۆر لەوانی دیکە دوورکەوتەوە بۆیە بە کافر داندران و خوێنیان حەڵاڵ کرا. جەعفەری سادق بە داهێنەری فیقهی شیعەی جەعفەری دادەندرێ بەڵام ناکۆکییەکە لە رۆژی کوژرانی عەلییەوە دەستیپێکردو تا ئەمرۆی عێراقی عەرەبی بەردەوامە.

ئەو مەزهەبانە رێگای لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە و ئیجتهادیان کردەوە و دەرفەتیان بۆ فەرمانڕەواکانی دیکە رەخساند تا ئەوان بڕیاری یەکجاری لەسەر لێکدانەوەی پەسندی خۆیان بدەن و ئەرک و سزای خوازراوی خۆیان لە بەرزەفتکردنی کۆمەڵگادا بسەپێنن. لێرەوە

شەریعەت لقی(فیرقە) جیاجیای لێدرست بوو کە پێویستە لە دواییدا باسیان بکەم.

لێرەدا کاتێک واقیعییانە لە دینەکان دەکۆڵینەوە، دەبنە دوو بەش،یەکەمیان دینەکانی زەمینی و هێمن، دووەمیان دینەکانی ئاسمانی وتووند. دینە زەمینییەکان بۆیە هێمنن چونکە عیبادەتیان لەسەر ئامۆژگاری مامۆستا پێغەمبەرەکانیانە. کەچی دینە ئاسمانییەکان قسەی خودا و هەڵبژاردەی خودا و کوڕی خودان کە بەسەر پەیرەوەکانیاندا دەسەپێندرێن، بۆیە سزایان بەدواوەیە و توندوتیژی بەکار دێنن. دەپرسمەوە دین چییە؟ لە راستیدا بریتییە لە سیستەمێکی فراوانی مەعریفی کە وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی بنیادەم دەداتەوە کە پەیوەندییان هەیە بە بوون(وجود)، مرۆڤ چییە،چارەنووسی بەرەو چی دەروات، چۆن خۆی رێکبخات،تاکی بنیادەم چۆن بژێت،ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی چین، مافەکانی کامەن. کەواتە دین سیستەمێکە لەناو کەلتوری هەموو کۆمەڵگایەکدایە. لە دیندا کۆمەڵ لەبەرچاو دەگیرێ نەک میللەت. بۆیە ئەگەر ژمارەیەکی زۆری میللەتان پێکەوە بژێن ئەوە لە روانگای دینییەوە بە یەک کۆمەڵ وەردەگیرێن. خۆ ئەگەر میللەتێک بە تەنیا ژیا ئەوسا خۆی بە تەنیا کۆمەڵێک پێکدێنێ. قۆناغی دین ئارامی و رێکخستنێکی زۆری بە کۆمەڵی بنیادەم بەخشی. دین بنیادەمی بۆ قۆناغی دوای خۆی ئامادە کرد کە قۆناغی زانستی بوو. ئەویش قۆناغی ناسین و زانینی جیهانە بە هۆی خودی بەشەرەوە بەبێ پەنابردن بۆ بروا و هانای غەیبی و رێنوێنی ئاینی.

تێگەیشتنی دین بە میتۆدی زانستی دەکرێ نەک بە نکوڵی لێکردن و دژایەتی کردنی. بۆیە دژایەتیکردنی دین هیچ چارەسەرێکی بۆ کۆمەڵگا ئاینییەکان پێنادۆزرێتەوە و یارمەتی قۆناغی زانستی نادات.



تەنیا دەبێتە دینێک لەبەرامبەر دینێکی کۆنتر. بۆیە ناتوانێ یارمەتی ئازادی بیروڕا و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و سیستەمی شارستانی بدات.

## فەرمانڕەوا دینییەکان چۆن پەیدابوون؟

دوای کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی راشیدین و ئەمەوی، ئیدی نەدەکرا دەقە پیرۆزەکان کۆنەکرێنەوەو کۆمەڵیان پێوە تەنزیم و سەرکردایەتی نەکرێ. قورئان یەکلا کرابۆوە بەڵام حەدیس و سوننەتەکانی پێغەمبەر لە زارەوە بۆ زار دەچوون. جیا لەوە لێکدانەوەی جیاوازیشیان بۆ دەکرا و تاقمی دژ بە یەکدی لەناو کۆمەڵگای موسوڵماندا دروست بوون و شەڕی زۆر خوێناوییان دەستپێکردبوون. جیا لە خەوارج و موعتەزیلەکان، خوێناویترین شەڕی پاکتاوکردنی یەکدی ئەوە بوو کە لەدژی بنەماڵەی پێغەمبەر کراو هەموویان کوژران.

لەو بارودۆخەدا زەمینەی پەرەسەندنی دیاردەی لێکدانەوە(تاویل) رەخسابوو. پێنج مەزهەبەکەی دینی ئیسلام لەوکاتدا پەیدابوون. بیرمەندە دینییەکانی ئەو مەزهەبانە لە ئەنجامی پێویستییەکانی ئەو بارودۆخە رێگایان بەخۆیاندا دوای کۆکردنەوەو ریزبەندی کردنی حەدیسەکان، فتوا بدەن و بیروڕاکانی خۆیان بکەنە تەواوکەری دەقە پیرۆزەکانی دینی ئیسلام. هەربۆیەش شافعی و ئەبوحەنیفە وئیبنو حەنبەل و مالکی و جەعفەری سادق لەو پرۆسەیەدا کەوتنە ناو کێشەیەکی قوڵ و هەندێکیان ئازاری زۆریان بینی.

ئێمە بۆ هەر لەسەر دینی ئیسلام دەوەستین؟ خۆ روانگای دین بۆ دەوڵەت تەنیا لە دینی ئیسلامدا نەبووە. وەک دیارە پێش ئەو لە دینی مەسیحیەتدا روانگای دەوڵەتی دینی دروست بوو کە قۆناغێکی زۆر تاریک و درێژی بڕی و کۆتاییشی بە شکست هات. جگە لە دینی مەسیح و ئیسلام لە هیچ دینێکی دیکە روانگای دەوڵەتی دینی نەبووە. هەڵبەت بەشێوەی جیاجیا دینەکانی دیکەش کاریگەریان لەسەر شێوازی دەوڵەت بەڕێوەبردن هەبووە بەڵام لەوە زیاتر تێنەپەڕیون. ئێمە گرفتەکەمان لە ئاینی ئیسلامدایە و دەبێ هێندەی مناقەشە بکەین تا کردەوەی چاکسازی دەگرێتەبەر و لە سیاسەت دوور دەکەویتەوە ئینجا واز لە سزادانی تاک دێنێ و تەنیا ئامۆژگاری بکات.

فەرمانڕەوایی راشدین و ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانی بە دەوڵەت داناندرێن. دەسەڵاتیدارێتی هەرێمێکی بەرفراوان بوون کە دینێکیان بەسەردا سەپێندرا بوو. دەوڵەتی مۆدێرن خاوەنی داودەزگای تەواوکەری یەکدییە کە ئەوە لە فەرمانڕەوایەکانی پێشوودا نەبوو.

فەرمانڕەوایی ئەمەوی یەکەمین جۆری دوای فەرمانڕەوایی راشیدین بوو کە گوڕ وتینێکی زۆری بە داگیرکردن (فتوحات)ی سەرزەمینەکانی دیکە و سەپاندنی دینی ئیسلام و بە عەرەبکردن داوە. ئەوەش لەو پیرۆزییەوە دەهات کە قورئان بەو زمانە دابەزیوە و خودا بۆ دوا پەیامی خۆی بۆ بەندەکانی ئەو زمانەی هەڵبژارد. هەروەها دوایین پەیامبەر لەو میللەت و زمانە بووە. ئەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشەی لەنێوان هۆزەکانی عەرەب و یەهودی لە دوورگەی عەرەبدا هەبوو. لە پێش قورئاندا ریوایەتێک لە تەوراتدا هاتبوو کە میللەتی دەسبژێری خوا یەهودیەکانن. خودا ئەو میللەتەی پێ لەهەموو میللەتەکانی دیکە ژیرتر و لێهاتووتر



بووە. بۆیە پێیانوایە شایانی ئەوەن سەرکردایەتی هەموو جیهان بکەن. هەڵبەت ئەوەشمان لەبیرە کە لە ئینجیلدا هەنگاوێک روانگایەکە فراوانتر کراوەو دەڵێ خوا بنیادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردووە. دوور نیە بڕوا بەخۆبونی جو لەو کەلتورە خاوەن مێژووە درێژەوە هاتبێ کە هەیانە. من لەو قسانەمدا لایەنگر ودژی هیچ دینێک نیم، تەنیا بەراورد دەکەم.

ئەو روانگایە لە قورئاندا رەنگیدایەوە چونکە زۆربەی ئایەتەکان لە کێشە لەگەڵ یەهودیەکاندا هاتووە. لە هەندێک ئایەتدا تەواوکەری بۆچوونەکانی تەوراتە. بۆ نموونە کاتێک دواین پێغەمبەر لە عەرەبان و بە زمانی ئەوان بێت،کەواتە خودا لە رێگای ئەوانەوە بۆ دواجار کۆمەڵگای بەندەکانی دەخاتە چاکسازییەوە. ئەوە درێژبوونەوە و چاولێکەریی تەوراتە.

ئەو قسەیە بۆیە دەکەم تا بیسەلمێنم بۆچی ئەمەویەکان کە لە تیرەی محەمەد پێغەمبەر بوون، زۆر بەتوندی برەویان بە ئیسلامکردن و عەرەبکردن دەدا. ئەگینا لەوکاتدا چەمکی ناسیۆنالیزم مانای نەبوو،زەرورەتی ژیانیش نەیهێنابوە کاوە.لەوەڕا ناکرێ پێداگرتنی ئەمەویەکان بە هەبوونی هەستی توندڕەوانەی ناسیۆنالیستی دابنێین. چەمکی موالی و عەرەبی دوای سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب،لەکاتەوە هاتەکایە. بنەماکانی بۆچوونی مەزهەبی سوننە لە زەمانی ئەمەویەکان داڕێژرا. توندڕۆ و سەلەفییەکانی ئەمڕۆژگارە هەوڵدەدەن باوەڕەکانیان لە هەردووک قۆناغی راشدین و ئەمەوی هەڵێنجن.

بە پێویستی دەزانم بیڵێمەوە کە مامۆستاکانی هەرپێنج مەزهەبەکەی ئیسلام ئازاری زۆریان لە دەست فەرمانڕەواکانی خودی ئیسلام بینی و

ڕێگای گەشەسەندنیان ئاسان نەبوو. ئەمەویەکان ئەبو حەنیفەیان ئازاردا وعەبباسییەکان شافیعی و ئیبن حەنبەلیان خستە ژێر گوشارەوە.

شان بەشانی گەشەسەندنی مەزهەبی سوننە، ڕێبازێکی دیکەی پێچەوانەی ئەو سەریهەڵدا کەوا دەیویست هەموو لایەنەکانی دین و ژیان بخەنە ژێر مناقەشە، ئەویش موعتەزیلەکان بوون. ئەوانە زۆر بە توندی سەرکوت کران. موعتەزیلەکان باوەڕیان بە دروستبوونی قورئان بە دەستی بەشەر بوو چونکە لە زاری پێغەمبەرەوە دەرچووە، ئەویش عەبدی خودایە کەواتە دروستکراوی دەستی بەشەرە. ئەوە سەرباری بەپیرۆز زانینی خودی دەقەکە. بۆیە دەرگاشیان لەڕووی هەموو دیاردەیەکی نوێ دەکردەوەو مناقەشە و دیراسەی عەقڵانییان دەکرد. کەچی سوننەکان دەیانگووت قورئان وەک خۆی لە ئاسمان هاتۆتەخوار و هیچ باس هەڵناگرێ. سەرەنجام ئەم رایە سەپێندرا و بووە بڕوای پیرۆزی موسوڵمانان.

موعتەزیلەکان تەنیا ماوەیەکی کەم مەئمون خەلیفەی عەبباسی باوەڕی پێهێنان. هەر لەو زەمانیشدا کیندی فەیلەسوفی بە ناوبانگی ئیسلام دەژیا و بیروباوەڕەکانی ئەوانی بڵاودەکردەوە. لە زەمانی موعتەزیلەییەتی مەئموندا، لەجیاتی سوتاندنی کتێب و کەلەپوری میللەتانی دیکە، هانی وەرگێڕان لە زمانەکانی دیکەوە بۆ عەرەبی درا و کەسانی سریانیزان و یۆنانیزان و عبریزان بۆ وەرگێڕان و نووسین پشتیوانی دەکران. ئەوە پێچەوانەی ئەو فەرمانەی عومەری بنی خەتتاب بوو کە فەرمانی دابوو لە کوێ کتێبێکتان دیتەوە بیسوتێنن. هەڵمەتی کتێب سوتاندن لە دوای روخاندنی فەرمانڕەوایی ساسانی و داگیرکردنی میسر و سوتاندنی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، بە کارەساتێکی گەورەی فکری و مەعریفی دادەندرێ کە تا ئێستاش لە



زیانەکانی دەرنەچووین. وشەیەکی پێش ئیسلام لەو شارستانییە دێرینانە نەماوەتەوە و پەرستگاکانیان تێکدران.

هەر لە زەمانی مەئموندا بەغدا بووە مەکۆی فکر و زانست، گشت لاباڵە دینی و فکرییەکان لەوێ مناقەشەی یەکدییان دەکرد و خۆیان دەدۆزییەوە. بەرهەمەکانی فەلسەفەی یۆنانی لەو زەماندا کەوتە بەردەستی ناوەندە دینی و فکرییەکان و تێکەڵی بۆچوونە فقهییە جیاجیاکان بوو. خاوەنفکرانی وەک کیندی تا دەگاتە ئیبن روشد بەرهەمی ئەو کرانەوەی مەئمونن. لەو نێوانەدا زانایانی وەک فارابی و غەزالی و ئیبن سینا و ئیبن خەلدون پەیدا بوون. ئیبن خەلدون دواییانەو لە کاری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی تا سنوری شێوازی ئاکادیمی نزیک کەوتەوە. ئەوانە باس و گفتوگۆیەکی فراوانیان لەناو نوخبەی فکریی- دینی نایەوە.

هەموو ئەو خاوەنفکرانە لە یەک قۆناغدا دەچەقین ئەویش هەوڵی گونجاندنی فەلسەفەی یۆنانی بوو لەگەڵ لایەنی لایەنی نەقڵیی و عەقڵیی ناو شەریعەتی ئیسلام. ئەوەش پاشماوە و پەرێزی شێوازی بیرکردنەوەی موعتەزیلەکان بوو. ئەو جیلەی خاوەنفکران بەخێرایی سەرکوت و تەکفیر کران. بەم چەشنە لە مێژووی فەرمانڕەواکانی ئیسلامدا ڕێگا بە چالاکی فکری نەدرا. بۆ نموونە مەئمون پاش ماوەیەک هەڵگەڕایەوە و ئەو کارانەی هەڵوەشاندەوە کە خۆی کربوونی.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی موعتەزیلەکان رەوتێکی خۆپارێزی توند پەیدا بوو کە پێیاندەگوتن ئەشعەری. ئەوانە پەیڕەوی سونەت بوون و جگە لە لێکدانەوەی خۆپارێزانەی دەقە پیرۆزەکان(نەقڵ) هیچ شێوازێکی دیکەیان قبوڵ نەدەکرد. هەر بیرێک پێچەوانەی روانگای خۆیان بایە بە بیدعەیان دادەنا و بیدعەش کوفرە، کافریش خوێنی

حەلاڵ بوو. لەوەڕا سڕینەوەی فکر و کوشتنی خاوەنەکەی لە مێژووی ئیسلامدا نەریتێکی تازە نیە. کوشتنی مەلای خاوەن بۆچوون و سۆفی و عارفەکان بەدەستی خەلیفە و سوڵتانەکانی ئیسلام کارێکی بەردەوام بووە. جا بۆیە ئەگەر بەراوردی چەند سەد ساڵ فەرمانڕەوایی کەنیسە لە جیهانی مەسیحیەتدا لەگەڵ ئیسلام بکەین،دەبینین لەو رۆژەوە کە پێغەمبەر فەرمانڕەوایی ئیسلامی راگەیاندووە تا ئەم رۆژگارە، جیهانی ئیسلام لە فەرمانڕەوایی و دەوڵەتی دینیدا دەژیت. هەڵبەت لە هەر قۆناغێکدا بەشێوەی جیا جیای خۆی. بۆیە ئێستا باسی گەرمی جیهانی ئیسلام ئەوەیە ئایا دین لە دەوڵەت جیابکریتەوە یان ناکرێتەوە. کاتێک دەڵێن با جیا نەکریتەوە، ماناکەی ئەوەدەبەخشێ با یاساکان لەسەر بنەمای دینی بن. ئاوێتەکردنی ئەم روانگا دینییە لەگەڵ هەندێک یاسا و باوەڕی هاوچەرخ هیچ لە جەوهەری دۆزەکە ناگۆڕێ.

لێرەدا دەمەوێ بیڵێمەوە کە کرداری توندڕۆیی بەرامبەر بە کرانەوەی فکری لە جیهانی ئیسلامدا مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە، ئەگەر بمانەوێ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە،پێویستە تێبیگەین، ئەگینا نابێ هەر لە خۆمانەوە قسە بکەین.

سۆفیگەری لە دوو لقەوە پەیدابوون. یەکێکیان لە بۆچوونی عەقلانیی موعتەزیلەکانەوە دەهات،حەللاج نموونەیەکی روونیەتی. لقی دوومی لە رێگای ئێرانەوە لە هیندستانەوە خشایە ناو جیهانی ئیسلام. ئەوە لە کاتێکدا کەلەپوری گۆشەگیری لەناو پیاوانی دینی مەسیحییەتدا پێش ئەوانە هەبووە. کاتێک داگیرکارانی(فاتحان) ئیسلام ئەو سەرزەمینانەیان دەگرت، دینی خۆیان دەسەپاند بەڵام نەیاندەتوانی کەلتور و باوەڕە چەسپاوەکانیان لە رەگەوە هەڵکێشن، بۆیە ناچار دەبوون چاو لەو پاشماوانە بپۆشن کە کۆمەڵگا تازە



موسوڵمانکراوەکان لەگەڵ خۆیان دەیانهێنا. ئەو باوەڕانە لە داب و نەریت و تەقسەکاندا پەیڕەودەکران و سەرەنجام دەهاتنە نا دینەکەوە. ئەمە لە خوارەوەی دەقە پیرۆزەکان و لە وردەکارییەکاندا بڕوای دینی موتوربە دەکرد. فکر و داب و نەریتی سۆفیگەری بەم چەشنە هاتە ناو ئیسلام و تێکەڵەیەکی نوێی دروست کرد. کەرستەی غەیرە عەرەبی ئەو تێکەڵەیە رەگ و ریشەی بودایی و زەردەشتی تێدا هەیە.

سۆفیگەری یاغیبوونێکی ئاشکرا بوو لە بەرامبەر بە عەرەبکردنی کۆمەڵگاکان و سەپاندنی رەقی باوەڕە دینییەکان لە رێگای شەریعەتەوە. جیاوازی دەقە پیرۆزەکان لەگەڵ شەریعەت لەوەدایە کە دەقە پیرۆزەکان دیاریکراون و دەکرێ تێیانبگەی بەڵام شەریعەت لێکدانەوەی وشک و سادەی ئەو دەقانە بوو بۆ یەکجار و بڕایەوە. هەر بۆیە پێنج مەزهەبەکە بە نەگۆڕیی تا ئێستا بەردەوامن. کەچی روانگایەکی دیکە هەیە دەرگا لەبەردەم لێکدانەوەی مرۆڤی ئەم زەمانە بە ئاوالایی بەجێدێڵێ. ئەوەش گۆڕان دەخاتە ناو شەریعەتەوە و لە رێچکەی وشک رزگاری دەکات.

کەلتوری ئێرانی کۆن کە جوگرافیایەکی فراوانی هەبوو، خەزێنەی ئەو بیروڕایانە بوو. ئەو کەلتورە بووە هۆکاری روخاندنی ئەمەویەکان و هێنانی عەبباسییەکان. دوایی فەرمانڕەوا سۆپاییەکانی عەبباسی هەر لەوان بوون و ئەوانیش خەلیفەیان دەگۆڕین. هەر ئەوان رێگایان بۆ کۆچی بەردەوامی هۆزە تورکەکانی باکوری خۆیان بەرەو بەغدا و دوایی بەرەو رۆمی رۆژهەڵات کردەوە و سەرەنجام فەرمانڕەوایی عوسمانی لێدروست بوو. هەر لە ئێران بنەماڵەی سۆفی و شیعەی شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی، مەزهەبی شیعەیان بەسەر ئێران و باشوری عێراق و کەنداودا سەپاند.

عوسمانیەکان سوننی بوون بەڵام سەفەویەکان شیعە بوون. ئەو دووانە بەردەوام لەدژی یەکدی لەشەڕدابوون. سنوری شەڕەکانیان لە کەنداوەوە دەستیپێدەکرد و لە کوردستان رادەوەستا. هەر ئەوەش کوردستانی کردە دوو پارچە.

ئەگەر سەفەویەکان لە عەلەویەتدا مەزهەبی جەعفەرییان قبوڵ کرد و سەپاندیان، ئەوە عوسمانییەکان مەزهەبی حەنەفییان قبوڵ کرد. ئەبو حەنیفە ئێرانی بوو،فتوای دابوو کە دەکرێ بەپێچەوانەی شافیعی، غەیرە عەرەبیش خەلافەتی جیهانی ئیسلام بەدەستەوە بگرن. بەڵام شافیعی بڕوای وایە خەلیفەی ئیسلام دەبێ قورەیشی بێت و موسوڵمانی غەیرە عەرەب موالین و بە پلەی دووەم دێن.

وەک دیارە، لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئیمپراتۆریی عوسمانی لێکهەڵوەشا و بچووک کرایەوە تا ئەو سنورە جوگرافیایەی ئێستا تورکیای لێپێکدێت. سەفەویەکان روخان و قاجارییەکان شوێنیان گرتنەوە. ئەویش بچووک کرایەوە تا ئەو سنورەی ئێرانی ئەمڕۆی لێپێکدێت. بریتانیا و روسیا بەشێوەی راستەوخۆ دەستیان لە پەڕوباڵ کردنی هەردوو ئیمپراتۆریی سوننی و شیعەکەی موسوڵماندا هەبوو.هەڵبەت رۆڵی فەرەنسا لەو پرۆژەیەدا چالاک بوو، کاریگەری فەرهەنگیی خۆی دەکردەسەریان. بەم چەشنە هەردوو فەرمانڕەوا دینییەکە کەوتنە بەر پەلاماری کۆلۆنیالیزم و دارمێندران. کۆلۆنیالیزم بۆ هەندێک ئامانجی دیاریکراو پەلاماری ئاسیای دەدا کە هەرە دیارەکانی ئەوانەن: داگیرکردنی سامان،کارتێکردنی فەرهەنگیی، تواندنەوەی نەتەوەکان لە زمانی خۆیاندا، بەکارهێنانی سەرزەمینەکانیان بۆ شەڕی نێوان خودی وڵاتە کۆلۆنیالییەکان. ئەوکات قۆناغی بوژانەوەی ناسیۆنالیزم



بوو لە ئەوروپا. ئینگلیز و فەرەنسا و ئەڵمانیا و روسیا بە توندی لەو کێبەرکێیەدا بوون. هەڵبەت نابێ لەبیرخۆمانی ببەینەوە کەوا یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانیان بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحیی بوو ئەویش لە رێی کارە تەبشیرییەکانەوە. هەڵبەت کاری تەبشیری زیاتر لەناو مەسیحیەکانی رۆژهەڵات کاریگەر بوون. وەک دیارە مەسیحیەکانی ناو جیهانی ئیسلام لە گۆڕانکاری و مەزهەبەکانی هەمان دین لە رۆژاوا بە ئاگا نەبوون.

دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکان تەنیا بەروانگای نوێ و کارشناسە سیاسی و عەسکەری و ئیدارییەکانیان وێڕای تاقمە مسیۆنەرەکانیان(تەبشیری)، توانیان سوپای پێویستیان لە گەلانی ناوچەکە دابین بکەن و کۆتایی بە ئیمپراتۆرییە زەبەلاحەکانی ئیسلامی بێنن! بۆ؟ هۆیەکەی بۆ ئەو ئیمپراتۆرییانە دەگەڕێتەوە کە سەریان بۆ بەدەوڵەتبوونی مۆدێرن دانەنواند و هەر بە چەشنە پاشکەوتووە هەڵۆڵەکەی خۆیان مانەوە تا روخان.

پاش ئەوەی کۆلۆنیالیزم نەخشەی سیاسیی ناوچەکەی بەپێی بەرژەوەندیی خۆی دارشتەوە، هەندێک گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەدەوڵەتبوون روویدا بەڵام لە جەوهەری خۆیاندا دەوڵەتە نوێیەکان وەک دەڵەتی دینی دارێژرانەوە و بەهامان شێوە مانەوە. وەک دیارە هەموو سەرچاوەکانی یاسا و داب و نەریت لەسەر باوەڕی دینی دادەڕێژرێن. بۆ؟ چونکە وەک جاران هەر بیرکردنەوەیەکی غەیرەشەریعەتی بۆتە باو بە بیدعە دادەندرێ و بەلاوەی دەنێن. لە فکری شەریعەتدا بیدعە مانای گەڕانەوەیە بۆ عەقڵ و دەرچوونە لە جوغزی بیرمەندە دینییەکان. ئەوە مرۆڤ دەخاتە گومان و وایلێدەکات بەدوای وەڵامدا بگەڕێ. ئەوە لەفکری دینیدا بۆ مرۆڤ قەدەغەیە.

لەراستیدا گومان ئەگەر مرۆڤ بەرەو بیرکردنەوە هان بدات و پرسیاری لەلا دروست بکات و ناچاری بکات گرفتەکانی ئەم جیهانەی خۆی تێیدادەژیت چارەسەر بکات. لە ئەنجامدا وەڵامەکان ببنە مایەی گۆڕان لە هوشیاری و داب و نەرێتدا و دواجار یاسا بێنێتە ناو سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئەوە کارێکی باشە. بەڵام چونکە لە رۆژهەڵاتدا یاسا حەرام بووە و تەنیا شەریعەت زاڵە، بۆیە ئەو پرۆسەیە بە حەرام دادەنێن. وەک دیارە لە کەلتوری ئێمەدا رێسایەک بەناوی یاسا بوونی نیە. هەر بۆیە لە ویژدانی ئێمەدا پێشێل کردنی یاسا گوناح نیە بۆیەش حەرام نیەو لێپێچانەوەی بەدوادا نیە. لەبەر هەندێیە یاسا زۆر بە زەحمەت لە جیهانی ئیسلامدا دەچەسپێ.

هۆکارێکی دیکەی دارمانی ئەو ئیمپراتۆرییانە، سەپاندنی لایەنی پەرستن(عیبادی) بوو بەشێوەیەکی زۆر وشک و رەق بەسەر هەموو کردەوە و رەفتارەکانی مرۆڤدا. لێرەدا مەبەستم قەدەغە کردنی پەرستن نیە، بەڵام کاتێک دەسەپێندرێ و سزای دنیایی بەدواوە دەبێ لەو چەشنەی تالیبان و سعودیە دەیکەن، کاتی نیوەرۆیان پۆلیس کوتەکی بەدەستەوە بێ و خەڵک بە تۆبزی بەرەو نوێژ ببات. کەچی بنەمای دینی ئیسلام لەسەر ئامۆژگاری بۆ عیبادەت و پاداشت و سزا وەرگرتنە لە دنیای دیکەدا. کەواتە دەکرێ بڵێین لە ئیسلامدا بوارێکی زۆر بە عەقڵ و مەنتق و بیرکردنەوەی مرۆڤ دراوە. کەچی روانگای سوننە جگە لە سەپاندن هیچی دیکەی وەرنەگرت و روانگای عەقڵی کوشت و بیرکردنەوەی فەلسەفیی قەدەغە کرد و رێگای لە دانانی یاسا و گۆڕینی داب و نەرێت گرت. بەم چەشنە هیچ بواری بۆ بیرکردنەوە و شێوازی وەزعی(پۆزیتیڤیزم) نەهێشتەوە. روانگای



وەزعی رێگا دەدات کۆمەڵگا بۆ رێکخستنی ژیانی ئەم دنیایە یاسا و رێسای گونجاو دابڕێژێت.

ئەو هۆکارانە بوونە مایەی خێراتر لێکهەڵوەشانی کۆمەڵگای ئیسلامی و هیچ مقاوەمەتی لەبەرامبەر هێرشی کۆلۆنیالیزمی مەسیحی پێنەکرێت. ئەو دوو دینەی کە سەدان ساڵ دژی یەکدی لە شەڕدا بوون. جا دینەکان کاریگەرییان بەسەر دروستبوونی کەلتورەکانەوە هەیە، بۆیە دەوڵەتی مۆدێرنی رۆژاوا لە جەوهەردا تام و بۆی مەسیحیی پێوە بوو، ئەوەش بیانویەکی لەبار بوو بۆ بەرەنگار بوونەوە لەلای کەلتوری ئیسلامی. چونکە دینێکی دیکە ناتونێ رێگای گۆڕان نیشانی پەیرەوانی دینی منافسی خۆی بدات.

شەڕی نێوان دینەکان هیچ پەیوەندی بە مەنتیقەوە نیە، بەڵکو فەرمانی وشک و نەگۆڕن کە یەکدی قەڵاچۆ دەکەن. بۆ نموونە ئەو شەڕەی ئێستا لە  قودس دەکرێ لەم چەشنەیە و هیچ مەنتقێکی تێدا نیە.

کۆلۆنیالیزم ئیمپراتۆرییە تەقلیدییە دینییەکانی جیهانی ئیسلامی لێکهەڵوەشاند، بەبێ ئەوەی هیچ ئامادەییەکی فکری و ئابوورییان تێدا دروست بووبێت. بۆیە لەوکاتەوە تا ئێستا کۆمەڵگا موسوڵمانەکان لە تەنگوچەڵەمەدا دەژین.

# ئایدیۆلۆژیا لەسەر کەلاوەکانی ئیمپڕاتۆڕی

سەبارەت بە رۆل و روانگای حەسەن بەننا لە پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژیا و بزووتنەوە ئیسلامیە توندڕۆکان، لەدوای جەمالەدینی ئەفغانی دووەمین کەسایەتی کاریگەرە  لەو بوارەدا. ئەو توانی لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئیسلامیدا، ئایدیۆلۆژیایەکی پەلاماردەر لەو دینە دروست بکات. لەو کەسانەیە لەو پێناوەدا زیرەکانە کەلەپوری عەرەبی وئیسلامیان بەکارهێنا. ئەوانە بەدوای ئەلتەرناتیڤێک بۆ روانگاکانی رۆژاوای کۆلۆنیالی دەگەڕان و لەو پێناوەشدا هانایان بۆ تەجرەبەی ئیمپڕاتۆڕیی عوسمانی برد. هەربۆیەش لە فکری ئێخواندا ئەو ئیمپڕاتۆڕییە بە نموونەیەکی باش دادەندرێ.

وەک دیارە ئیمپڕاتۆڕیی عوسمانی ژمارەیەکی زۆر میللەتیان لەژێر فەرمانڕەوایی دابوو، بەڵام زمانی سەردەست تورکی بوو. سوڵتانەکانی عوسمانی عەرەبیان نەدەزانی. ئەو هۆکارانە رۆلیان لە چۆنیەتی دروستبوونی کەلتوری ئەو ئیمپڕاتۆڕییە هەبووە. ئەوەش بەتایبەتی لە بەشی غەیرە عەرەبی جیهانی ئیسلامدا. لەو ئیمپڕاتۆڕییەدا کردەوەی عەراباندن بە تەبیعەتی خۆی وەستا و بە ئیسلامکردن بەردەوام بوو. هەر ئەوەش وامانلێدەکات بەراوردێک لە نێوان بە ئیسلامکردن و عەرەباندنی باشوری ئەوروپا لەسەر دەستی ئەمەویەکان و بە ئیسلامکردنی رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا بکەین لەسەردەستی عوسمانیەکان.

عوسمانیەکان بەئیسلامکردنیان بە پلەی یەکەم دەویست و لەرووی زمانەوە هەوڵیاندەدا بیانکەنە  تورک کەچی زمانی دینەکە عەرەبی بوو. ئەوە گۆڕینی زمانەکەی بە زەحمەت دەخست و لەبەرژەوەندی



مانەوەی زمانی ئەوروپاییە موسوڵمانکراوەکاندا بوو. ئەو هۆکارە بووە هۆی لاواز بوونی تورکاندن. لەکاتێکدا ئەمەویەکان بەپێچەوانەوە هەردوو کردەوەکەیان پێکەوە گرێدەدا.

ئیمپڕاتۆڕیی عوسمانی هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر هەیکەلێکی دینی و ماڵباتی دەزگایی پوخت بەڕێوەنەدەچوو. هەربۆیە هەمیشە پشتیان بەو سوپا تایبەتییەی بنە ماڵەکەیان دەبەست کە پێیدەگوترا (یەنی چەری) کە بە شێوەیەکی تایبەتی پەروەردە دەکرا. ئەگینا لەناو ماڵباتی سەڵتەنەتی ناوبراودا یەکدی زیندانی کردن و کوشتنی ناوخێزانی کارێکی بەردەوام بووە و لەرووی دینیشەوە پیاوانی ئاینی پاساویان دەدا. بۆیە روویداوە سوڵتان کوڕ یان برای خۆی بەشێوەیەکی موتڵەق زیندانی دەکرد و نەیدەهێشت کەس ببینێ. بۆیە دوای مردنی سوڵتان کە وەلیعەهدیان لە زیندانی خێزانی دەردەهێنا، روویداوە ناوبراو لە نەخۆشییەکی دەروونی سەخت و بێئاگاییەکی نزیک لە موتڵەقدا دەژیا. چونکە لە ماوەی ژیانیدا تەنیا نان و جنسیان بۆ دەبرد. جا ئەگەر ژنەکە(کەنیزە) سکی بوایە ئەوە بە دووگیانی فرەیاندەدایە ناو دەریا.

ئەوە حاڵی دەزگای ماڵباتی عوسمانی بووە. هەربۆیە نەیدەتوانی مەکۆیەکی باش بێت بۆ رۆشنگەری میللەتانی دیکە. ئیمپڕاتۆڕیی عوسمانی زۆر تۆکمە و مەرکەزی نەبوو بۆیە هەمیشە بوار بۆ یاغی بوونی میرەکانی ویلایەتە دووردەستەکان هەبووە.

عوسمانی بوون بە مانای موسوڵمان بوون و فەرمانڕەوای سوڵتانی تورک بووە، شاهیدی ئەوەش قسە بەناوبانگەکەی ئەمین زەکی بەگە کە دەڵی تا فکری رۆشنگەری لە ئەوروپاوە نەهاتە ناومان،نەمدەزانی ئەمن کوردم.

فکری نەتەوەیی لە ئەزەلەوە نەبووە. لە کۆندا زمان و کەلتور هەبوون بەڵام  ژیانەوەو بوون بە ناسنامە بۆ کۆمەڵگاکە لە سەردەمی

سەرمایەداری روویدا. ئەویش بە مانای جوگرافیایەکی سیاسی خاوەن سنور بوو کە دەبوا بپارێزرێ تاکو سەرمایە گەشە بکات و تکنۆلۆجیا پێشبکەوێت. ئەوە ئینتما و سایکۆلۆجیای نوێی دروست دەکرد و هەستێکی تازەی لە ئاگایی تاکدا دروست دەکرد تا خۆی دەربخات داخۆ ئەڵمانیاییە یان ئینگلیزیی یان فەرانسەییە. منافەسە و شەڕە گەورەکان بۆ داگیرکردنی جیهان و دابەشکردنی کێشوەرە پاشکەوتووەکان، بەشێوەی مۆدێرن لەوکاتەوە دەستیپێکرد. ئاکامی ئەوەش گۆڕانی زمان و ئاینی بەشێکی زۆر لەوانەیە. نموونەی ئەمریکا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقای دەرەوەی جیهانی ئیسلامن.

دین لە قۆناغێکی دیاریکراودا دروست بووە و رۆلی خۆی گێڕاوە و ئێستاش لە کۆمەڵدا بێدەور نیە بەلام بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ بەڕێوەبردن نابێ. ئەو قسەیەم هەموو دینەکان دەگرێتەوە. دەبێ باوەڕبێنین کە ئەم قۆناغە تەنیا بە دەوڵەتی دەزگادار بەڕێوەچێ، هەروەک چۆن زەمانێک زەمینە بۆ دەور و دەوڵەتی دینی هەبوو. بۆ نموونە دەزگاکانی دەوڵەت بە یاسا دیفاع لە هەریەک لە کۆمەڵگا، خێزان،تاک دەکەن. ئایا ئەو چەمک و مافانە لە قۆناغەکانی پێشوودا هەبووە؟ نا نەبووە. کێشەی رۆژهەلاتی ئیسلامی لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەرێ دەوڵەتی مۆدێرن شوێنی سیستەمی کۆن بگرێتەوە یان نا؟ واتە رێگا بە هۆشی مرۆڤ بدرێ کاروباری ئەم زەمانەی خۆی رێکبخات یان نا؟

کێشەی توندرۆ ئیسلامیەکان لەسەر ئەوەیە و رازی نابن بە یاسای ئەم زەمانە بەڕێوەبچێ. هەربۆیە لە جیهانی ئیسلامیدا دەرگا لەسەر داهێنانی بیری مرۆڤ داخراوە. ئەو داخستنە دەزگا زانستی و کۆمەلایەتییەکانی وەک زانکۆ و خێزانەکانی داپۆشیوە.



لەلایەکی دیکە پێشکەوتنی تکنۆلۆژیا،توانایی بە کۆمەڵگاکان داوە یەکدی ببینن و کارلێکدی بکەن. بەپێچەوانەی جارانە کە لە ناو ماڵ و گەڕەک و گوند و شارەکانەوە ئاگایی بۆ تاک دروست دەکرا. ئەویش تەنیا بەشەری کۆپیکراوی کۆن بە هەندێک گۆڕانی بچووکی بەرهەمدەهینایەوە. کەچی ئێستا جیلەکانی هاوچەشنی کۆمەڵگا دوورەکان لە رێگای جیا جیاوە پەیوەندییان بەیەکدییەوە هەیە و کارلێکدی دەکەن. بۆیە وا خەریکە کەلتورەکەمان دەهەژێ و لق و پۆپی نوێی لێدەردەکەوێ. لایەنە رەقەکانی کەلتورەکەمان وا لێکهەڵدەوەشێ و ناتوانی لەبەرامبەر مەنتق و گەشیی ژیاندا بوەستێ.

## چاکسازی لە پێشوازیی دین

دەوڵەتی دینی لە جیهانی مەسیحییەتدا کەوتە ژێر رەخنە و فشاری رۆشنگەران. ئەوەیان لە رۆژگاری رینسانس(رۆشنگەری) بوو. روناکبیران سیستەمی دینی و کۆمەلایەتییان خستە ناو کاری رەخنەگرتنی خۆیان. سەرەنجام ئەو سیستەمە لێکهەڵوەشێندرا. دەوڵەتی دنیایی(عەلمانی- سکولار) جێی فەرمانڕەوایی دینی گرت. ئەلتەرناتیفی دنیایی بریتی بوو لە دوورخستنەوەی دین لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و رێکخستنی جۆری ژیانی تاک. پاشەکشەیان بەدین کرد بۆ ناو کەنیسە تا لەوێ بەوپەڕی ئازادی کار لەسەر پەیوەندی نێوان تاک و خوا بکات و بە ئامۆژگارییەوە خەریک بێت.

جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتی دنیایی، مانای ئەوە نەبوو کە دین لەناوببرێ. خودی رۆشنگەرە ناودارەکان ئیماندار بوون. بەو کارەش

ئیمانداریی و دەوڵەتی دینییان لێکدی جیاکردەوە. سەلماندییان کەسی ئیماندار دەکرێ بە دەوڵەتی دینی رازی نەبێ و هەڵگری فکری دنیایی بێت. تۆماس هۆبز و ژان ژاک رۆسۆ دوو نموونەی ئەو رۆشنگەرە کاریگەرانەی ئەوسان.

کۆمەڵگای دنیایی هێمن و لەسەرخۆ و دوور لە نەخۆشییە کەلتوری و دەروونییەکانی دینییە، کۆمەڵگایەکە دەتوانی هەنگاوی بەوەج بەرەو پێشکەوتن و زانیاری بهاوێ. دوای ئەو هەنگاوە چەمکی مافەکانی مرۆڤ گەشەیان کرد و خرانە ناو بیری نوێی مرۆڤ. سەرەنجام لە ساڵی ١٩٤٨ بووە جارنامەیەکی جیهانی نکوڵی هەڵنەگر. ئێستا بەشێکی گرنگی یاسای باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتییە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەپێناو پاراستنیدا دەست لە کاری هەمو دەوڵەتان و کۆمەڵگا و کەلتور و دینەکان وەردەدات.

مافی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە دیموکراسی و پێشکەوتنی تکنۆلۆجیا و بوژاندنەوەی کۆمەڵگا. ئەو ئایدیۆلۆژیا نیە بەڵکۆ مەبدەئو پرەنسیبی پێشکەوتنی مرۆڤن.

جیهانی ئیسلام تا ساڵی ١٩٢٠ لە دەوڵەتی دینیدا ژیا. دوای ئەوە ئیمپراتۆریی عوسمانی لێکهەڵوەشێندرا. بەشە شیعەکەی جیهانی ئیسلام کە فەرمانڕەوایی قاجاری بوو، ئەویش لە ژێر پاڵەپەستۆی روسیا و بریتانیا، بچووک بووەوە و سەرەنجام روخا.

ئەو پرسیارەم دێنمەوە بەرچاو؛ رێکخراوە ئیسلامییە توندڕۆکان چۆن دروست بوون؟ من باسی ئەو خاوەنفکرە ئیسلامییانەم کرد کە لە سەروبەندی روخانی هەردوو فەرمانڕەوای عوسمانی و قاجاری،داوای ژیاندنەوەو نوێکردنەوەی فکری ئیسلامییان دەکرد. ئەوانە پەیوەندییان لەگەڵ ناوەندە رۆشنگەرییە رۆژاواییەکان هەبوو.



ئەوانە داوای چاکسازیی ئاینیشیان دەکرد تا کۆمەڵگای موسوڵمانان خۆی بگرێتەوە و تۆکمە بێت. لەو گوتارەشیاندا چەند ئامانجیان هەبوون، لەوانە دەرچوون لەو تەنگوچەڵەمەیەی لە ئاکامی داگیرکاریی کۆلۆنیالیزم تووشی رۆژهەڵاتی موسوڵمان بووە. هەروەها گەیشتنی کۆمەڵگای ئیسلامی بە پلەی منافەسەکردنی وڵاتانی رۆژاوایی، ئەو وڵاتانەی لە روانگای ئەواندا ناحەزی کۆنی دینی رۆژهەڵاتی ئیسلامی بوون. لەو خاوەنفکرانە جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە و ئایەتوڵڵا نائینی بەناوبانگن. ئەوانە پەیڕەو لایەنگریان زۆر بوون و جیلی یەکەمی چاکسازییخوازی رۆژهەڵاتی موسوڵمانن. ئەو رۆشنگەرانە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم و فەرمانڕەوا هەژاوەکانی خۆی لە کێشەدابوون.

جەمالەدینی ئەفغانی بە رەگەز ئێرانییە و شیعە بووە بەڵام لە بیروڕاکانیدا خۆی بۆ سەرەوەی هەردوو مەزهەب هەڵدەکێشا و دەگەڕایەوە بۆ خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان کە جەوهەری دینی ئیسلام پێکدێنێ. ئەو بە دەستەبژێرکردن(ئینتقائی) بیری دەکردەوەو هەوڵیدەدا زەمینەیەک بۆ روانگاکانی خۆی خۆش بکات. تا لە ئەنجامدا کێشەی نێوان شیعە و سوننە نەمێنێ و رۆشنگەریی و چاکسازی لە یەک کاتدا لە هەردوو مەزهەب دەستپێبکات. لەو روەوە دەیەویست دەوری لۆتەر یان کالڤین ببینێ. مەبەستم ئەو دوو پیاوە ئاینییەیە کە مەزهەبی پرۆتستانتیان لە رۆژاوا داهێنا و بوونە پێشڕەوی چاکسازی. لە ئەوروپا چاکسازیی دینی دەرگای چاکسازیی کۆمەڵایەتی کردەوە. قۆناغی مۆدێرن بە پاشەکشەکردنی دین لە کاری دەوڵەت دەستپێکرد. لۆتەر تەنیا بەکاری رۆشنگەرییەوە خەریک نەبوو بەڵکو دواجار رێگای چەکداری پەسند کرد کە کۆتایی

به فەرمانڕەوایی فاتیکان هێنا. پەرستگا و فەرمانە پیرۆزە ڕەقەکانیان داگیر کردن و بەلاوەیان خستن.

شێخ محەمەد عەبدە لە چەند ساڵی دوایی ژیانیاندا لە جەمالەدینی ئەفغانی دابڕا، ئەویش لە ئاکامی جیاوازی بیرکردنەوەیان بوو لەسەر چاکسازیی و نوێخوازی. محەمەد عەبدە بەلای ڕۆشنگەری بەردەوام و وەرگرتنی لایە باشەکانی فکری ڕۆژاوا دەچوو بەلام جەمالەدینی ئەفغانی زیاتر بەلای توندوتیژیدا دەڕۆیشت. ئەوانە جیلی یەکەمی خاوەنفکرانی ئیسلامین کە دینیان وەک ئایدیۆلۆژیا تەماشا دەکرد.

لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم تا دەیەی سێیەم، ماوەیەکی بێدەنگی فکری ئیسلامی هەبوو. هەر لەو ماوەیەدا شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەرکەوت و فکری کۆمۆنیستی بووە هاندەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ڕۆژهەلات. لنین پشتیوانیکردنی گەلانی ژێردەستەی کردە پرەنسیپێکی نوێی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی.

لەو ماوەیەدا، دەوڵەتی وەهابی لە سعودیە لەسەر کەلاوەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانی دروست بوو. وەهابییەت کاردانەوەی توندی بەرامبەر بەو داب و نەریت و شێوازە فەرمانڕەواییە هەبوو کە سوڵتانە عوسمانییە غەیرە عەرەبەکان دایانهێنابوو. لە هەمانکاتدا زۆر دژی دینی یەهودیی و مەزهەبی شیعە بوون. شیعەکانیان بە بەردەوامی کەلتوری زەردەشتی دەزانی و بە شعوبی و داهێنەری بیدعەیان لە قەڵەم دەدان و بە کافریان دەزانین. هەروەها زۆر دژی عیرفان و سۆفیگەرین. وەهابییەت و شیعە لە دوو جەمسەری دژی یەکدین. شیعە بڕوایەکی زۆریان بە پیرۆزکردن و پێهەڵاگوتن و کۆتەڵ ڕازاندنەوەو دروستکردنی مەزارگای گەورە هەیە و لە پێهەڵاگوتنی



ئیمامەکانیان و پەیڕەوی لە مەرجەعەکانیان زیادەڕۆیی دەکەن. وەهابییەکان هەموو ئەو کارانە بە شیرک و بتپەرستی دەزانن.

شەڕی وەهابییەکان دژی ناوچە شیعە نشینەکانی باشوری عێراق، مێژوویەکی درێژی هەیە. ئەو شەڕە ئیستا لە عێراقی دوای سەدام حوسێن زیندو بۆتەوە.

هەر لەو سێ دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کۆلۆنیالیزم شێوەی دەوڵەتی مۆدێرنی بەسەر وڵاتە تازە دروستکراوەکاندا سەپاند و گۆڕانکارییەکی گەورەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری دروست کرد کە گەرانەوەی تێدا ئاسان نەبوو. بۆنموونە ڕێگاو بانیان کردەوە. لە کوردستاندا شەمەنەفەریان گەیاندە کەرکوک و موسڵ چونکە دەیانویست نەوت دەربێنن. ڕێگای هاملتۆن و خوسرەوییان دروست کرد چونکە تەمایەکی زۆریان بە بازاڕ و پەیوەندی ئێران هەبوو. هەروەک چۆن هیندستانیان بە شەمەنەفەر بە خۆیان بەستەوە چونکە تەمای پاراستنیان هەبوو.

ئەو فەرمانگاو بانکانەی کۆلۆنیالیزم دروستی دەکردن، شۆڕشگێڕە نیشتمانپەروەرەکان تێکیاندەدان. ئەوە کەلتوری بەرەنگاربوونەوەی مۆدێرنیزم بوو بەلام لە بەرگی شۆڕشگێڕییدا. شۆڕشگێڕی دژی کۆلۆنیالیست مافی خۆی بوو داوای سەربەخۆیی بکای بەلام هیچ کاتێک بانک و پۆست و قوتابخانە و دیاردە نوێیەکانی دیکەی مۆدێرنیزمی نەدیتبوو، نەشیدەزانی بەرهەمیان چییە و لەگەڵیان ڕانەهاتبوو، بۆیە تێکیدەدان. هەڵبەت دوایی بەخێرایی جیلی نوێی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز باشییەکانی بیری ڕۆژاوای وەرگرت و دیموکراسی کردە شیعاری خۆی. باشترین نموونە بۆ ئەو حاڵەتە کوردستانە.

لەدوای دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەم توێژێکی سیاسی پاشکەوتوو پەیدا بوون و دژی هەر جۆرە گۆڕانکاریی و پێشکەوتنێک بوون و داوایان دەکرد بگەڕێنەوە سەر ئیمارەتی ئیسلامیی و کۆمەڵگا بە شەریعەت بەڕێوە بچێ. هەر بۆیەش پای خۆیان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کێشایەوە. حەسەن بەننا و سەید قوتب دیاترین خاوەنفکری جیلی دووەمی توندڕۆیی ئیسلامی هاوچەرخن کە دوای جەماڵەدینی ئەفغانی دێن. ئەوانە یەکسەر دەگەڕانەوە سەر بیروباوەڕی سەرەتای ئیسلام و لەو سەفەری گەڕانەوەدا لە وێستگەی وەهابییەت هەڵوەستەیان کرد. بۆ؟ نهێنییەکە لەوەدایە کە وەهابییەت لەو کاتدا دەوڵەتێکی دۆڵەمەندی وەک سعودییەی لەدەستدا بوو. بنەماڵەی پادشا و کۆمەڵگای سعودییەیان لە دەست گۆڕانکاریی دەپاراست. ئینجا دەستیانکرد بە کۆنترۆڵ کردنی دەوروبەریان. هەنگاوی دیکەیان ناردنی ئایدیۆلۆژیای وەهابیی بوو بۆ دەرەوەی خۆیان. توندڕۆکانی جیلی دووەم لەگەڵ وەهابییە دۆڵەمەندەکان یەکیانگرت. بەو کارەیان سەرچاوەیەکی دارایی و نموونەیەکی کردەوەیی ئایدیۆلۆژیایەکەیان بەدەستکەوت. کۆمەڵگای سعودی وەک ئەلتەرناتیفی عوسمانیی پێشکەشی پەیرەوانی رێکخراوە ئیسلامییەکان کرا. هەر لەوانە بزووتنەوەی ئیخوای دروست بوون کە من لە بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبە باسمکردووە.

رێکخراوە ئیسلامییەکان بەتایبەتی ئەوانەی وابەستە بە ئیخوان بوون، تاقمی توندڕۆی دیکەیان لێجیابووەوە کە پێیانوابوو ئەوانە سازشکارن و خۆیان بە کاری دەعوەوە زۆر خەریک دەکەن کەچی پێویستە یەکسەر بچینە سەر کاری جیهاد و ناحەزەکانی خۆیان بە کافر دادەنا. ئەوانە ناوەندی ئیخوانیان رەتکردەوە و بۆخۆیان ئەمیری



جیاجیایان دادەنا و هەر کەسە بە کەیفی خۆی فتوای بەکافرزانین و کاری توندوتیژی دەدا. کوشتنی ئەنوەر سادات خاڵی وەرچەرخان بوو لە کاری پەرت و بڵاوی تاقمە توندڕۆکان. ئەو تیرۆرە لە گرنگیی مێژوویدا وەک تیرۆری ناسرەدین شا وایە.

ئەگەر ئیمپراتۆریی عوسمانی کۆمەڵگای نموونەیی بوو بۆ جیلی دووەم و دەوڵەتی سعودی نموونەی ئیخوانەکان بوو، ئەوە ئیمارەتی تالیبان لە ئەفغانستان کۆمەڵگای نموونەیی جیلی توندڕۆی سێیەمە کە بن لادن کەسایەتی خاوەنبیریانە. کردەوەی یانزدەی سیپتامبەری٢٠٠١ ئەو رووداوە مێژووییە تیرۆرییەیە کە بە سێیەمین قۆناغی کردەوەی تیرۆر لە مێژووی ئیسلامی سیاسیی دەستپێکرد. ئیدی لەوێوە ئاکامی بیروڕای توندڕۆیی ئیسلامی لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلام تێپەڕی و بووە دیاردەیەکی جیهانگیر. ئەوانە دیراسەیەکی وردی تکنۆلۆژیای کۆکوژ و گەیاندن و راگەیاندنیان کرد و وەک چەک بەکاریانهێنا. یەکێکی دیکە لە دیاردە نوێیەکانی جیلی سێیەمی توندڕۆی ئیسلامی بەکارهێنانی فتوا و ئیجتهادی ئەوتۆیە کە بە ئاشکرا دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام دەبەزێنێ، ئەویش کاری خۆکوژیی و بە کۆمەڵکوشتنی خەڵکی مەدەنی بێلایەنە لە کێشەکاندا. لە ئیسلامدا غەزا هەیە بەڵام خۆکوشتن و خەڵکی بێلایەن کوشتن حەرامە.

یەکێک لە سیماکانی جیلی سێیەم رەفز کردنی موتڵەقی هەموو دیاردەیەکی نوێ و پێشکەوتووە. ئەوانە گفتوگۆ و چاکسازی قبوڵ ناکەن. لەوەدا دژی باوەڕەکانی جیکی یەکەم و دووەم دەوەستن. دووەمین تایبەتمەندییان فتوادان و ئیجتهادە بەڵام بە ئاراستەی پێچەوانەدا، واتە بەرەو دواوە. هەڵبەت هەریەک لە سێ جیلەکە

کاردانەوەن بۆ واقیعی زەمانی خۆیان و رادەی تێکەڵبوونی کۆمەڵگای موسوڵمان لەگەڵ جیهانی دەرەوە نیشان دەدات.

ئیخوانەکان سەرەڕای خۆپاراستنیان لە دەست توندڕۆکان، لەکاتی شیاودا وەک باڵی چەکداری خۆیان بەکاریاندەهێنن و پارەیان دەدەنێ و وەک بەچکە گورگ نیشانی حزبە دنیاییەکانیان دەدەن. لە نموونەی کوردستاندا،دەکرێ پەیوەندی نێوان یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵ و ئەنسارِی ئیسلام وەربگرین.

لەم رۆژگارەدا دوو باڵی ئیسلامی لە تەنیشت یەکدی دەژین، ئیخوان و قاعیدە. قاعیدە بە شەڕ و کوشتارەوە خەریکە بەڵام ئیخوان بیر لە ئایندە دەکەنەوە و لە هەندێک کۆمەڵگادا ئەگەر ناچار بن ئامادەیی چاکسازیی وەردەگرن. تورکیا نموونەیەکی لەو چەشنەی ئیخوانە. ئەوانە ئەگەر باوەڕیان بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت هێنا، ناچار دەبن بەشەکانی دیکەی سیستەمی دیموکراسی لە بواری کۆمەڵایەتی قبوڵ بکەن. مەبەستم ئازادییەکانی تاکە. ئەوەش رۆیشتنە بەو رێگایەی حزبەکانی دیموکراتی مەسیحی لە رۆژاوا برییان.

لە بەشی شیعە نشینی جیهانی ئیسلامدا محەمەدخاتەمی نموونەی چاکسازیخوازی وەک ئۆردوغان و عەبدوڵڵا گوڵی تورکیایە. بەو مانایە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا دەکرێ تاک بە ئەخلاقی ئیسلامی بژێت و رێگا لە خەڵکی مەدەنی جیاواز لەخۆی نەگرێت.

# بەشی دووەم

## پەیوەندیی نێوان ئاین و سیاسەت

کاتێک پێویستە باسی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئیسلامیی ناو کوردستان بکەین کە لە بیروباوەڕیان تێگەیشتبین. لە لێکۆڵینەوەدا پێویستە بە دیقەت باسی ئاین بکرێ تاکو بەدحاڵیبوون دروست نەبێت. دینێک هەموو کۆمەڵگا باوەڕی پێیەتی، بە درێژایی مێژووی هەزار و چوارسەدو بیست ودوو ساڵە، باب و باپیرانمان بەو قەناعەتە ژیاون، خۆشمان لە کەشوهەوایەکی فەرهەنگی ئەوتۆدا گەورەبووین کە ئەو دینە پانتایی هەرە زۆری بنەماکانی پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵایەتیمانی داگیرکردووە.

دەکرێ لە خۆمان بپرسین: باسی چی دەکەین مادامەکی ئێمە یەک کەلتوری هاوبەشمان لەگەڵ ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانەدا هەیە؟ ئایا ئێمە بەهەڵەداچووین و ئەوان لەسەر ڕاستین یان لێکدانەوەی ئەوان بۆ دەوری دین لەم زەمانەدا هەڵەی تێدایە؟

هەر باوەڕێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە کاتێکی دیاریکراودا سەریهەڵدابێت ئەوە وەڵامدەرەوەی خواستێکی دیاریکراو بووەو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و مەعریفی پێئەسپێردراوە، هەر بۆیە لە خزمەتی



پێشکەوتندا بووە. ئاینیش لە قۆناغێکی زۆر کۆنی مێژوودا وەک پێویستییەک سەریهەڵدا و ماوەیەکی دوورودرێژی مێژووی مرۆڤی داگیرکردووە و دیاردە سروشتییەکان و چۆنیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێ لێکدراوەتەوە. لێرەدا مەبەستم موناقەشە کردنی داهاتنی ئاین نیە، لەم باسانەشدا گەرەکم نیە پێنەویستیی دین بسەلمێنم، چونکە پێموایە هیچ میللەتێکی بێ ئاین لەم قۆناغەی دنیادا دەست ناکەوێ و هیچ وڵاتێکیش ئەوەندە پێشنەکەوتووە لە ژیانی تاکەکانیدا بەیەکجاری پێویستی بە ئاینی خۆی نەمابێ و بەلاوەینابێت، ئەوجا بیری لە ئەلتەرناتیڤێکی زانستی دیکە کردبێتەوە. هەروەها هیچ میللەتێکیش لە دنیادا نیە کەگریمان ئاینەکەی لێبستێندرێتەوە، بتوانێ بە ئاسایی بژی، بەتایبەتی ئەو میللەتانەی کە لە قۆناغی پێشکەوتندا لە ئاستی کۆمەڵی ئێمەدان. ئەوە جیالەوەی گەلانی هەرە پێشکەوتووی دنیاش وازیان لە ئاین نەهێناوە. مەبەستم لەم گفتوگۆیە باس کردن لەسەر رەگوڕیشەی ئاین نیە، ناپرسین ئاین هەبێ یان نەبێ؟ چونکە لە بنەمادا ئەمە کێشەیەک نیە بە پرسین و بڕیاردان چارەسەر بکرێ. لە ژیانی ئێستای میللەتی ئێمەدا، دین تێکەڵی فەرهەنگی(کەلتور) سەرەکی بووە و پێی پەروەردە دەکرێ و بەشێکی زۆری بیروباوەڕە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئەخلاقی و پێکهاتە دەروونییەکانی تاک و کۆمەڵ لەو کەشوهەوا کەلتوریەدا خەملاوە کە ئاینی ئیسلام داگیری کردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە هەروەک بوونی نەتەوەکەمان مێژوویەکی هەیە، ئاواش ئاینی ئیسلام خاوەنی مێژووی خۆیەتی. کەواتە ناتوانێ بەدوور بێت لە کاریگەریی مرۆڤ و ئەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لە مێژوودا هەبوون، هەروەک ناتوانێ لە

کاریگەریی ئەو دەسەڵاتانە بەدوور بێت کە بە درێژایی مێژوو بە ناوچەکەماندا هاتوون و بڕوای نوێیان، بەپێی قەناعەتی خۆیان بەسەر دیندا، زیاد کردووە.

لێرەوە دەمەوێ بڵێم ئەو دیاردەیەی ئێستا لەژێر ناوی قوتابخانەی ئیسلامی سیاسی هەیە، یەکێکە لەو دیاردانەی بەدرێژایی مێژووی ئیسلام بە شێوەی جیاجیا هەبووە. بەر لەوانە قوتابخانەی دیکەی جیاواز پەیدا بوون کە هەوڵیانداوە فکری ئاینی لەجێی خۆی مکومتر ببەستنەوە. لە بەرامبەر ئەوانیشدا قوتابخانەی دیکە هەبوون هەوڵیانداوە گۆڕانکاری لە چەمکە فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئیسلامدا دروست بکەن. جاری واهەبووە بەڕادەیەک کێشەکە پەرەی سەندوە کە حوکمداری بەشێکی فراوانی جیهانی ئیسلام هێرشی کردۆتە سەر پیرۆزترین شاری موسوڵمانان کە قیبلەگاشیانە —مەککە- داگیری کردووە و تا توانیویەتی کوشتاری تێداکردووەو دەسکاری شوێنە پیرۆزەکانیشی کردووە. بۆ نموونە هێرشی ئەمەویەکان و عەبباسییەکان و قەرمەتیەکان و وەهابیەکان لە سێ قۆناغی مێژوویی جیاوازدا، سەلمێنەری ئەم قسەیەمن. کەواتە ململانێ لەسەر لێکدانەوەی چەمکە ئاینیەکان، لە ناوچەی ئێمەدا دیاردەیەکی تازە نیە و پێشینەیەکی مێژوویی هەیە.

دەقە پیرۆزەکانی ئاینی ئیسلام کە بریتین لە قورئان و حەدیسەکانی پێغەمبەر، نەگۆڕن و بە درێژایی مێژوو وەک خۆیان ماونەتەوە. کرۆکی ململانێیەکە لەسەر ئەو چەمکانە بووە کە چۆن لێکدەدرێنەوەو تەفسیر دەکرێن؟ ئێمە لە قۆناغێکدا دەژین بواری لێکدانەوە لە جاران فراوانترە. ئێستا کە ئەم قسەیە دەکەم شاهیدی ئەو ئەزموونانەین و هیچ سیستەمێکی سیاسی نەیتوانی ئەو دەقانە بگۆڕێت. کەواتە دەبێ



بگەینە ئەو بڕوایە کە ئاینی ئێمە بنەمای نەگۆڕی خۆی هەیە و لە بیروباوەڕی خۆماندا ڕیزی لێدەگرین. ئەگەر مرۆڤ بیەوێ فێڵ لە بنەما نەگۆڕەکانی ئاینی ئیسلام بکات، بیانگۆڕێ یان بیانسڕێتەوە، ئەوە خۆبەهەڵەدابردنە بەڵام دەکرێ وەکو هەموو وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوی دنیا، تەفسیری گونجاومان لەم قۆناغەی کەتێیدا دەژین، بۆ دەوری ئاین هەبێ.

لەم قسەیەی سەرەوەمدا چەمکی وەستاوی و نەگۆڕیی دەقە پیرۆزەکانی ئاین مانای خۆیان هەیە و ئەوانەی دەیانەوێ تەفسیرەکانیان هێندە فراوان بکەن تا شوێنی بنەما نەگۆڕەکان بگرنەوە، ئەوا تووشی توندڕۆیی و گۆشەگیری دەبن.

گۆڕانکاریەکانی ناو شێوازی فەرمانڕەوایێتی دەوڵەتی ئیسلام، لەسەردەمی دەسەڵاتی خودی پێغەمبەرەوە دەسپێدەکات تا دەگاتە ئەمڕۆژگارە. لە خەلیفەکانی راشیدین، ئەمەوی، عەباسیەکان تا دەستپێکردنی ئەو پارچانەی کە لە ئێران و ئەفریقا و. هتد، لە ئیمپراتۆریی ئیسلامی جیا دەبوونەوە(کە دوور نەبوون لە جۆرە ئیجتیهادێکی ئاینی)، تا دەگاتە ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئیمپراتۆریی سەفەوی و حوکومەتی قاجاری. دوایی دارمانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دروستبوونی ئەو وڵاتانەی کە ئێستا پێیاندەڵێن جیهانی ئیسلام. ئەوانە نموونەی جیاجیای دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامین. دەکرێ بڵێین ئەمە ڕێچکەی گۆڕانکارییەکانی فەرمانرەوایی سیاسیە لە ناوچەکەماندا کە بنەما عەقیدەییەکەی ئاینی ئیسلامە. مەبەستم ئەو ناوچەیەیە کە بریتیە لە بەشێکی زۆری ئاسیا و بەشێکی ئەفریقا، بەشێکی بچوک لە ئەوروپا. پێموایە ئەم ململانێیە لە نێوان نەگۆڕیی ئاین و گۆڕانەکانی دەسەڵاتی سیاسی بووە. لەم ناوچە فراوانەدا ململانێیەکی بەردەوام

لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا هەبووە. ناکرێ نکۆڵی لێبکەین کە ململانێ لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدیندا لە هەموو قۆناغەکانی دیکەی مێژووی ئیسلام توندتر بووە و تەنانەت یەکدیان کوشتوە.

دوای راشیدییەکان، ئەمەوییەکان، پاشماوەکانی بنەماڵەی پێغەمبەریان وێران کرد و خانەوادەکەشیان قەتڵوعام کرد. عەباسییەکانیش بەهەمان شێوە پاشماوەکانی ئەمەوییەکانیان لەنێو برد. بۆ نموونە ئێستا قەبری خەلیفەیەکی ئەمەوی نابیندرێ چونکە هەموو مردووەکانی بنەماڵەی ئەمەوییان لە گۆڕەکان دەرهێنان و سوتاندنیان. ئەوەش بڕیارێکی سیاسی بوو، ئەوانەی ئەو کارانەیان دەکرد خەلیفەی موسڵمانان بوون و ئیمامەکانی شافیعی، حەنبەلی، حەنەفی و. هتد، لەژێر دەسەڵاتی ئەو جۆرە خەلیفانەدا بڕیاری ئاینییان (شەریعەت)دەنووسیەوە.

هەڵبەت ئیمامەکانیش لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە جیاوازییان خراوەتە نێوان، بۆ نموونە: ئەمەوییەکان پشتیوانیان لە ئیمامی شافیعی دەکرد، چونکە عەرەبێکی دەمارگیر بوو بەتایبەتی لە داڕشتنەوەی شەرع و تەفسیری دەقەکاندا، بەڵام ئیمامی ئەبوحەنیفە کە عەرەب نەبوو، کەوتە بەر ئازار و ئەشکەنجەیان. فەتوا شەرعییەکانی ئەوانە، بەرهەمی ئەو ململانێیە و پێکهێنەری مەزهەبەکانی ناو ئاینی ئیسلامن.

لە سەرەتای پەرەسەندنی ئاینی ئیسلامدا، دوو قوتابخانە هاتنەکایەوە: یەکێکیان پێیوابوو فەرمانە نەگۆڕەکان کە بریتین لە دەقە پیرۆزەکان، وەک خۆیان بمێنن بەڵام لە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەبێ ئازادی تەفسیرکردن بۆ مرۆڤ هەبێت. ئەوانە پێیاندەگوترێ نوێخوازەکانی سەرەتای ئیسلام و دواتر دەستیان بە توندوتیژی کرد. خەواریج(جیاوازیخوازەکان-یاغی بووەکان) بەشێک



بوون لەوانە و لەوێوە توندڕۆیی لە لێکدانەوەی ئاینی ئیسلامدا دەستیپێکرد و تا ئێستاش بەردەوامە. جیاوازیخوازەکان هەرکە بۆیان هەڵدەکەوت خەلیفەکانی ئیسلامیان یەک بە یەک بە خەنجەر دەکوشت. موعتەزەلیەکانیش پانتاییەکی زۆریان لەناو دیندا بە لێکدانەوەی ئینسانی دەدا.

دوایی قەرمەتییەکان هاتن، ئینجا ئەوانیش لە ناو خۆیاندا چەندین قوتابخانەی تەفسیرییان لێهەڵکەوت کە هەریەک لەوانە بوون بە گروپێکی توندڕۆ. ئیسماعیلیەکان لەهەرە توندڕۆکانی دوایی موعتەزیلەن. ئەوانیش چەندین سەدە درێژەیان کێشا و لوتکەی توندڕۆییان گەیشتە حەسەنی سەباح کە لە قەڵای ئەلەموتی ئێران دەژیا و پەیڕەوەکانی، ژمارەیەکی زۆر لە خاوەنفکرانی ئیسلامیان بە خەنجەر کوشت.

قوتابخانەی دووەم، مەزهەبی سوننەیە. سوننی بەو مانایەی کە ئێستا هەیە و لە هەموو حاڵەتێکدا پێیوایە کە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ فەرمانە نەگۆڕەکانی سەرەتای ئیسلام واتە بۆ لای پێشینیانی (سەلەف) ئەو دینە کە خۆی لە ئایەتەکانی قورئان و حەدیسەکانی پێغەمبەردا لێکدەداتەوە. ئەو گەڕانەوەیەش دەبەستریتەوە بە میزاجی ئەو کەسەی کە لە سەردەمی دیاریکراوی خۆیدا و لە بارودۆخی تایبەتیدا دەژیەت و چۆن دەگەڕێتەوە سەر دین و چۆن تەفسیری ئەو نەگۆڕییە دەکات کە لە بنەما و فەرمانەکانی ئیسلامدا هەیە.

تەفسیر لە ئاینی ئیسلامدا، لە هەموو قۆناغەکان و ئیمپراتۆرییەکی ئیسلامیدا هاوتەریب و هەماهەنگ بووە لەگەڵ بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ئەوکاتە. بەڵگەی ئاسانی ئەم قسەیەم لەوەدایە کە ئاینی ئیسلام لە کاتی دەسەڵاتی خەلیفەکانی راشیدیندا، هەمان ئاینە بوو کە لە سەردەمی

خەلیفەکانی ئەمەویدا هەبووە. کاتێک فتوحاتیش دەکرا هەر هەمان ئاینە بوو کە لەسەردەمی عەباسییەکان و عوسمانیەکاندا و لەکاتی ئیستیعمار و پارچە پارچەبوونی ئیمپراتۆریی عوسمانیشدا و لەکاتی گۆڕانکارییەکانی ئێرانیش هەبوو، هەر هەمان ئاین لەلای سەفەوییەکانیش هەبوو کە مەزهەبی شیعەیان بەسەر هەموو ئێران و بەشێک لە عێراق و بەشێک لە لوبنان و کەنداودا سەپاند. کەواتە لە هەر سەردەمێکدا کە گۆڕانکاری بەسەر دەسەڵاتدا هاتووە، هەوڵی ئەوە دراوە لە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕێزێک لە نەگۆڕیی فەرمانەکانی ئیسلام بگیرێت، بەڵام بەڕووەکەی دیکەیدا تەفسیر بە قازانجی دەسەڵاتی سەردەمەکە کراوە.

هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتدا مێژوویەکی درێژی نی، لە سەرەتادا لە ئەوروپا وەک دیاردەیەکی قۆناغی سەرمایەداری سەریهەڵدا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیشدا هەر لە ژێر کاریگەری کۆلۆنیالیزمی سەرمایەداری، ناوچەی ڕۆژهەڵات بەشێوە نوێیەکەی ئەو هەستەی لەلا پەیدا بوو. بەر لەو سەردەمە، ناوچەکەمان هەمووی ڕەعیەتی یەک سوڵتانی گەورە بوو کە پێیان دەگوت سوڵتانی ئیسلام. جا بۆیە هەستی نەتەوایەتی نەک هەر لای کورد بگرە لای نەتەوەکانی دیکەی لەبابەت فارس و تورک و عەرەبیش نەبوو. ئەوەی دەبینرا مەزهەبەکان و شەڕ و پێکدادان و دابەشکاریی نێوان شازادە و میرەکان بوو کە وردە وردە گەورە دەبوون و هەندێکیان دەبوون بە سوڵتان. لە ڕۆژهەڵات کاتێک چەمکی نەتەوە لە ئەنجامی گۆڕانکاری بەزۆرەملێی کۆلۆنیالیزم لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەریهەڵدا، ئیمپراتۆریی عوسمانی لێکهەڵوەشا، ئیمپراتۆریی سەفەوی نەمابوو و قاجاریش پارچە پارچە ببوو، قۆناغێک دەستی پێکرد کە هەموو میللەتێک هەستی بە بوونی خۆی دەکرد.



ئاینی ئیسلام هەمیشە لە لایەنگری دەسەڵاتی سیاسی گەورە (ئیمپڕاتۆریی) بووە. کاتێک کە هەستی نەتەوایەتی پەیدابوو، دابڕانێک لە نێوان هەستی نەتەوایەتی و ئاینیدا دروست بوو. وەک دیارە هۆشیاری ئاینی لە ناوچەکەماندا زاڵ بووە، هەر بۆیەش کاتێ سوڵتان دەهات ئیمارەتی بابانەکانی لە نێو دەبرد یان لە بەلکان حاکمی شوێنێکی دەکوشت و یەکێکی دیکەی دادەنا، لەلایەن کورد و بۆسنییەکانەوە نارەزایەتی نەدەبینرا چونکە هەستێکی نەتەوەیی نەبوو. کاتێک کە هەستی نەتەوایەتی پەیدابوو، هیچ دەسەڵاتێکی ئاینی لایەنگری ئەم هەستە نوێیەی نەکرد. ئەگەر بۆ کەلتوری ئاینی بگەڕێینەوە، شتێک بەناوی نەتەوە و بە قازانجی ئەو، نادۆزینەوە. هەمیشە قوڵایی فکری ئاینی لەگەڵ ئەو جوگرافیایەدایە کە خۆی تێیدا دەستڕۆیشتووە. لەبەر ئەوەشە کە هیچ بیرمەندێکی ئاینی بە چوارچێوەی نەتەوەکەی خۆی ڕازی نیە. ئەو کەسەی کە پێیوایە دەبێ ئاین ببێتە بنەما بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و دەسەڵاتی سیاسی، دەبێ بزانێ خاوەنفکری ئاینی فراوانتر لە چوارچێوەی نەتەوە بیر دەکاتەوەو لەناو چوارچێوەی نەتەوەکەی خۆیدا جێگای نابێتەوە. بەپێچەوانەشەوە فکری نەتەوەیی نابێتە پۆششێکی باش بۆ ئەو کەسانەی کە پێیانوایە دەبێ ئاین ببێتە بنەما بۆ بەڕێوەبردنی وڵات.

ئەم وەستان و دۆگماییەی کە فەرمانەکانی ئاین هەیەتی (بە بارە فکرییەکەیدا) قەت لەگەڵ ئازادیی بیرکردنەوەی مرۆڤ ناگونجێت، بۆیە بەردەوام لە مێژووی هەزار و چوارسەدو بیست و دوو ساڵەی ئیسلامدا، ئەو ڕۆشنبیر و زانایانەی جڵەوی فکریان شل کردبێ، چەوساونەتەوە و زۆربەی هەرە زۆریان کوژراون.

ململانێ لە نێوان ئازادیی بیرکردنەوە بە هەموو بارەکانییەوە (سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و..هتد) لەگەڵ چەمکە نەگۆڕەکانی فیکری ئاینی کە دەسەڵاتی پێداڕێژراوە، دوو شتی دژبەیەک بوون و ئەم ململانێیە لەجۆرێکی خوێناوی بووە. دەبینین لەو بوارەدا تەنانەت زوڵم لە خاوەن مەزهەبەکانی (سوننە)یش کراوە. بۆچی چوار مەزهەبە باوەکەی جیهانی ئیسلام پێکناکۆکن؟

لە ناوچەی ئێمەدا کە بڕوامان بە مەزهەبی شافیعیە، دەگەڕێتەوە بۆ هەماهەنگی شافیعی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کەلەو سەردەمدا لە ناوچەکەماندا زاڵ بوو. بۆ ئێمە بڕوامان بە وەهابیەت نیە کە مەککە لەبەردەستی ئەواندایە؟ چونکە بنەماڵەی سعود و باب و باپیرانیان ئیجتیهادی تایبەتیی خۆیان هەبووە بۆ ئیسلام و لە عەرەبستانی سعودیەدا هەموو پێی رازبوون، ئێمەش لێرە بەهی خۆمان رازین. چ شتێک لە تەفسیردا ئێمەی لێک جیاکردۆتەوە؟ بە قەناعەتەوە دەتوانم بڵێم دەسەڵاتی سیاسی.

خاوەنفکرانی جیهانی ئیسلام تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم و دواتریش هەموویان کەسایەتی ئاینی بوون چونکە جگە لە مزگەوت و تەکیەکان هیچ بوارێکی دیکە بۆ خوێندن نەبووە. لەم رووەوە یەکێک لە گرفتەکانی مێژووی ئێمە ئەو ناکۆکییە گەورەیە بووە کە لە نێوان چەمکی ئازادیی مرۆڤ لە رادەربڕین لەسەر تازەکانی سەردەمی خۆی، لەگەڵ بۆچوونی نەگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی زاڵاً کە سەرچاوەکەیان ئاین بوو. ئەمە بابەتێکە جێگەی باسە. لەوانەیە مەسەلەی ئازادیی مرۆڤ لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکاندا خواستێکی زۆر زەروری نەبووبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین زانای زۆر گەورەی وەک مەولانای رۆمی هەموو نووسینەکانی باس



لە ئازادیی مرۆڤ و ئازارەکانی دەکات. ئەگەر سەیری حافزی شیرازی، موتەنەبی و ئەبوعەلای میعەری و ناسر خوسرۆ..هتد بکەین، دەبینین بیرمەند و رۆشنبیری سەردەمی خۆیان بوون.

بوونی ئافرەت لە روانگای ئاینیدا، لە هەوەڵی مێژووی ئیسلامەوە هەتا ئێستا مەسەلەیەکی زۆر سەخت و ئاڵۆز بووە. بۆیەش کاتێک دێینە سەر باسی ئازادیی مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی، یەکێک لە گرفتەکانمان ئەوەیە ئەگەر چەمکەکانی ئاین بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆ بەکار بێنین، ناتوانین هیچ پێشکەوتنێک بەدەست بێنین و نیوەی کۆمەڵگا دوورە پەرێز رادەگیرێ.

لێبووردەیی(تەساموح ) خۆی چەمکێکی مرۆییە و بریتییە لە هەوڵدانی مرۆڤ بۆ پاراستنی جیاوازییە رەگەزی و ئەتەنی و ئاینیەکان. کاتێک ئاینی ئیسلام هاتە ناوچەکەمان، ژمارەیەک کەمایەتی ئاینی مانەوە، لێبوردەیی و یەکدی قبوڵکردن لەوێوە پەیدابوو. ئەو چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەڵاتانەی کە پتر ناوچەیی بوونە و مەزهەبی جیاجیایان قبوڵ کردووە، بۆپاراستنی بەرژەوەندیی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە بیر لە پێکەوە ژیان کراوەتەوە. ئەم چەمکە گەشەی سەندو گەیشتە ئاستی ئەمڕۆی کوردستان کە ئێزیدی، مەسیحی و موسڵمان و..هتد، بەیەکەوە بژین. لەوەڕا دەردەکەوێ چەمکێکی مرۆییە و ناتوانین بەچەمکێکی ئاینی تێیبگەین. کەواتە کەم کەم لە مێژووی ئیسلامدا بواری دەسەڵات و بۆچوونی کۆمەڵایەتی مەجالی تەفسیرکردنیان بۆ کراوەتەوە. چەندی ئەم تەفسیرانە زووتر هاتبن، زیاتر پیرۆزییان وەرگرتووە و خەریکە وا وردە وردە لە ریزی دواوەی فەرمانەکانی قورئان و حەدیسدا، چەمکی دیکەی وەکو لێبووردەیی و یەکترخوێندوەو ڕێزگرتن لە ئاینەکان جێگیر دەبێ. ئەم

پرۆسەیە بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ چەسپاندنی ئەو تێڕوانینە نوێیانەی کە دژایەتیان لەگەڵ ئایندا نیە، بەڵام لەهەمانکاتدا لەخۆیاندا فەرمانی ئاینیش نین.

ئەم پرۆسەیە بەدرەنگەوە دەستیپێکردووە و تا سەردەمی ئێمەش مانای خۆی پاراستووە. ئێستا تەساموح لە ناوچەکەماندا چەمکێکە جێی باسەو دەبێت پتر کاری لەسەر بکرێت و هەرگیز بەو مانایە لێکنەدرێتەوە کە ئاینەکانی دیکە بتوێندرێنەوە. لە ئێران گفتوگۆیەکی فراوان هەیە بەناوی پلۆرالیزمی ئاینی، کە هەر لە چەمکی لێبووردەییەوە سەرچاوە دەگرێ. یەکێ لە تایبەتمەندییە باشەکانی مەزهەبی شیعە ئەوەیە ڕێگا بەخۆیان دەدەن گفتوگۆ بکەن، گفتوگۆیەک کە تێیدا چەمکە نەگۆڕەکان بریندار نەکرێن. لە نێو سونییەکاندا ئەمە قبوڵ ناکرێ. عەبدولکەریمی سروش کە خاوەنفکرێکی شیعەیە، لەگەڵ ژمارەیەک لە راوێژکارانی محەمەدی خاتەمی دەڵێ: مەسیحییەت کە ئاینێکی ئاسمانییە و لە ناوچەیەکی دیاریکراودا پەرەی سەند، بەر لەوان یەهودی هەبوون و دوای ئەوان ئیسلام هات، هەروەها ئەو ئایینانەی کە ئاسمانی نین(بودایی و شیتۆ و زەردەشتی..هتد) مادامەکی ڕێگایەکن بۆ ناسین و پەرستنی خوا، بۆ دەبێت بەبچووک لە قەڵەم بدرێن؟. ئەم گفتوگۆیە ئێستا لە ئێران هەیە، تاقمی خاتەمی بەنیازی ئەوەن ئەمە وا لێکبدەنەوە کە وردە وردە کۆمەڵگای مەدەنی ڕێز لە بیروباوەڕە ئاینییە جیاوازەکان بگرێت. ئەمە باسێکە تا ئێستا جگە لە ئێران، لە شوێنەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامدا بڤەیە و باسی لێوەناکرێت. هەڵبەت جیا لە تورکیا کە دین لە سیاسەت جودا کراوەتەوە.

لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ ئاین وەک سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی، لە ئیسلامدا هەبووە، ئەویش سۆفیایێتییە. ئەو ڕوانگایە لەودیو



فەرمانەکانی شەریعەت کاری خۆی دەکرد بەڵام بەهێشتنەوەی بڕوا بە خودا بوون. ئەو ناکۆکیانەی لە جیهانی ئیسلامدا لە نێوان ڕۆشنبیران و خاوەنفکرانی جیاجیای ئاینیدا هەبوون، پاڵی نا بە بەشێک لە خەڵکی ڕۆشنبیر تا ڕاستەوخۆ بیر لە پەیوەندیی نێوان خۆیان و خودا بکەنەوە، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ کەلام و شەریعەت و تەفسیرەکان ببەن. هەڵبەت مێژووی بیری سۆفیایێتی دەگەڕێتەوە پێش هاتنی ئیسلام. لێرەدا جێی باسی من نیە.

سۆفیایێتی نەیتوانی زۆر فراوان بێت بەڵام شیا کاریگەرییەکی قوڵ بەجێبێڵێت. نەیتوانی هەموو وڵات بکاتە سۆفی بەڵام توانی کاریگەریی فکری لەسەر ڕۆشنبیر وسیاسی و دەسەڵاتداران و خەڵک دابنێت، بەتایبەتی لە بواری ئەدەب شوێنپەنجەیەکی بەرچاوی بەجێهێشتووە. هەموو شاعیر و ئەو کەسانەی کە پەخشانی جوانیان هەیە، گشتیان سۆفی بوون و لە ململانێیەکی بەردەوامدا بوون لەگەڵ بەشی شەریعەت لە دینی ئیسلامدا. ئەوەش زۆرجار بە کوشتاری سۆفیان کۆتایی پێدەهات. بۆ نموونە: عەینولقوزاتی هەمەدانی کە یەکێک بوو لە سۆفیە گەورەکانی دنیای ئیسلام، بە بڕیاری شەرعی کوژرا و کەوڵیان کرد و پێستەکەیان پڕ لە کا کردو بردیان لەسەردەرانەی تەکیەکەی خۆی هەڵیانواسی تا ببێتە پەند بۆ سۆفیەکانی دیکە. کەواتە ململانێ لە ئیسلامەتیدا بە چەشنێکی هێمن نەبووە، بگرە زۆریش توندوتیژ بووە. لێرەدا مەبەستم تەنیا بڵاوکردنەوەی زانیاری نیە، بەڵکو دەمەوێ بڵێم بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامیەکانی ئەمڕۆ، ڕەگوڕیشەیان لەم چەمک و کەلتوورەدا هەیە. بۆیە ئەگەر بمانەوێ لە شێوەی هەڵسوکەوتی ئەم بزووتنەوانە تێبگەین، دەبێ بەڕاستی مێژووی ئەو فکرانەی ئەمڕۆ کاریگەرییان بەسەر بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا هەیە تێبگەین.

# سەرهەڵدانی عەلمانیی لەبەرابەر فکری دینی

باسم کرد ئاین پێکهێنەرێکی فراوانی مەعریفەی مرۆییە و لە مێژوودا کاتێک هاتۆتەکایەوە کە مرۆڤ توانی لە دنیای ئاژەڵ جیابێتەوە، ویستی لە جیهان تێبگات و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی پاساو بدات. کەواتە بەو روانگایە، ئاین دەبێتە دیاردەیەکی مرۆیی. لەگەڵ ئەوەشدا باسمان کرد کە لەکاتی خۆیدا پیرۆزی وەرگرتووە و هەموو باوەڕ و شتێکی پیرۆزیش دۆخێکی داخراوی هەیە و بەئاسانی گۆڕانی بەسەردا نایەت. لە هەموو ئاینەکانی دنیادا، لە سەرەتای هاتنیانەوە تا ئەمڕۆ، فەرمانەکانیان وەک خۆیان ماوەنەتەوە و گۆڕانیان بەسەردا ناهێندرێت. ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئاینە. بۆیە کاتێک دێین باس لە ئاین دەکەین، دەبێ لەبەرچاومان بێت کە سیستەمێکی مەعریفی پیرۆزە و پیرۆزییەکانیش نەگۆڕن.

ئەم قسەیەی من واناگرێتەوە کە ئاینەکان ناکەونە بەر شالاوی گۆڕان و لەناوچوون. لەو قۆناغە دوورودرێژەی مێژووی مرۆڤدا کە ئاینەکان دەهاتنەدی، ژمارەیەکی زۆریان داهاتن و دوایی هێدی هێدی بە تۆبزی لەناوچوون یان تێکەڵی دینەکانی دیکە بوون. بۆ نموونە جیا لە ئاینە سەرەتاییەکان کە پاشماوەیان تا سەدەکانی ناوەراستیش لە ئەمریکای لاتین و ئەفریقا و ئوستڕالیا هەر مابوو، وەختی خۆی ئاینی مەسیحییەت وەک بەردەوامییەک بۆ ئاینی یەهودییەت پەیدا بوو. هەربۆیەش مەسیحییەت کتێبی پیرۆزی یەهودییەت( تەوڕات) بە بەشی کۆنی کتێبی پیرۆزی خۆیان دەزانن و لەگەڵ ئینجیل پێکیان لکاندوون. هەروەها پەیوەندی نێوان بودائیزم و هیندئیزم و کۆنفۆسیوسییەت و



شینتوییەت لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا لەم بابەتەیە. دوانموونەشمان لێکدی نزیکی نێوان هەردوو ئاینی ئیسلام و سیکە لە پەنجاب. کەواتە ئاینەکانیش سەرەڕای پیرۆزێتیان، مادام سیستەمێکن لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکان، کۆمەڵگاش بوونێکی زیندووە و گەشە دەکات و گۆڕانی بەسەردادێت، ئەو لۆژیکە دینیش دەگرێتەوە. هەڵبەت پێویستە بزانین دین لە بەشە هەرەجێگیر و گیانسەخت و درەنگگۆڕی کۆمەڵگایە بۆیە توانای پەڕینەوەی هەیە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی کۆمەڵگا. دین قۆناغەکانی کۆمەڵگا ناچار دەکات سازشی لەگەڵ بکەن و بۆی دابشکێنن. هێواشیی پەرەسەندنی زانست و درەنگتر گەشەکردنی مەعریفەی زانستی لای ئەندامانی کۆمەڵ، ئەمە جیا لە دواکەوتوویی سیستەمی پەروەردەی کۆمەڵ و حکومەت، ئەم تواناییەی بە دین داوە.

لەمڕۆی کوردستاندا باسی تەساموحی (لێبوردەیی) نێوان نەتەوە و ئاینە جیاوازەکان برەوی هەیە. لێبووردەیی ئەو باوەڕەیە کە کۆمەڵی مرۆیی بۆ بەردەوامی پێشکەوتنی ژیان لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، خستوویەتە سەر چەمکە پیرۆزەکانی ئاین، وەک تەواوکارێک پێوەی لکاندوە. هەر بۆیە هەموو بڕوایەکی تەساموحی لەسەرەتادا بە ململانێ پیرۆزییەکانی ئاین دەستی پێکردووە بەڵام بەشێوەیەکی هێمن، لە کۆتاییشدا بووەتە تەواوکەری فەرمانە ئاینیەکان. وەک چۆن یاسایەک دادەندرێت، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵگا و گۆڕانی بارودۆخ، وەڵامدەرەوەی تێکڕای خواستەکانی کۆمەڵ نابێ و ناشگۆڕدرێ، بۆیە چارەسەرییەکە لە تەواوکەرێک بۆ یاساکەدا دەبینەوە. تەساموح، تەواوکەری وشک و برینگی فەرمانە پیرۆزەکانی ئاینە.

فەلسەفەی نوێ بە روانگای ئەم رۆژگارەی قۆناغی دەستپێکردنی تەکنۆلۆژیا، لەسەرەتایەوە تاکو ئەمڕۆ، بریتی بووە لە سەرلەنوێ

پێناسەکردنەوەی کۆمەڵگا بەهەموو پێکهاتەکانییەوە، تا دەرگا لە بەردەم پێشکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵ بکرێتەوە. ململانێ لە نێوان فەلسەفەی نوێ و فکری ئاینی پرۆسەیەکی بەردەوامە و تا ئەمڕۆکەش هەیە. لە ئەوروپا و ئەمەریکا ئەم ململانێیەیان بە جۆرێک چارەسەر کرد کە فەلسەفەی نوێ ببێتە سەرچاوەی ئاسان بەبێ ئەوەی دین بسڕێتەوە . ئەمە لە سیستەمی لیبڕالیدا جێگەی کرایەوە تا ئاین وەک دیاردەیەکی پیرۆزی کۆمەڵایەتی بمێنێ، ڕێزی لێبگیرێت و لە یاسا و چەمک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا حیسابی بۆ بکرێت، واتە هیچ یاسا و ڕاسپاردەی نوێ جێناگرێ ئەگەر دەستدرێژیی بکاتەسەر ئاین. ئا ئەوێ دوا نوقتەی پەیوەندی نێوان دین و دەسەڵاتی یاسایی لە سیستەمی لیبراڵیدا تەنزیم دەکات. کەواتە لایەنی پیرۆزیی ئاین وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

ئەگەر بپرسین ئەدی فکرو فەلسەفەی نوێ چۆن هاتە ناو کۆمەڵگای تەقلیدی – دینی ڕۆژهەڵاتی خەوتو؟ لە ڕاستیدا کۆلۆنیالیزم لەگەڵ خۆیدا تەکنۆلۆژیا و فکری نوێ و شێوازی بڵاوکردنەوەو تێگەیاندنی تایبەتی خۆی(ماسۆنییەتی ) هێنا. ئەو توخمانە لە جەوهەری خۆیاندا هەر چەندە ئیجابی بوون، بەڵام لە هەمانکاتدا لە خزمەتی سیستەمی داگیرکاری کۆلۆنیالیدا بوون. ماسۆنییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە هێنان و بڵاوکردنەوەی فکری نوێدا هەبوو، لەگەڵ هەموو سیماکانی شارستانییەت و ژیانی نوێدا کۆمەڵێ بیروباوەڕیان هێنا. هەندێک یانە (ئەنجومەن) یان دامەزراند کە تێیاندا باسیان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و چەمکەکانی فکری نوێ بەتایبەتی لایەنی سیاسییەکەی دەکرد. هەروەها بڵاویاندەکردەوە ئەشێ ڕۆشنبیران (بە تێڕوانینی ئەوکات) بە هێمنی لە تەنیشت دەسەڵاتەوە کار بکەن تا کاریگەرییان بەسەر



دەستڕۆیشتوانی نێودەوڵەتەکاندا هەبێت، لەپاڵ ئەوەشدا پەرە بە پەروەردەکردنی ئەو کەسانە بدەن کە لە ناو کۆمەڵگادا بایەخ بە فکر دەدەن. ئەوان هەموو لایەنگرانی خۆیان لە شوێنێکدا کۆدەکردنەوە کە پێیاندەگوت : ئەنجومەنی ماسۆنییەکان. دیارە هەندێ ڕێوڕەسمی تایبەتیی خۆیان لە بابەت سوێند خواردن، نهێنی نەدرکاندن و. هەبووە. کاری ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات بەشێوەی نوێ لەگەڵ دەرکەوتن و چالاکیی ماسۆنییەکان دەستیپێکرد. ئەگەر سەیری ئێران و قەڵەمڕەوی عوسمانی بەگشتی و سەرزەمینی عەرەب بەتایبەتی بکەین، دەبینین ڕۆشنبیرانی تێکڕای ئەو شوێنانە، لەوکاتەوە بەدەرکەوتوون کە ماسۆنییەت گەیشتۆتە لایان و چالاکی نواندووە. ئەم قسەیەم واناگەیەنێت کە تا بەر لە هاتنی ماسۆنییەت، ڕۆژهەڵات ڕۆشنبیری تێدا نەبووبێ. نەخێر، شاعیر، نووسەر، گەڕیدە و کەسانی شارەزا لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئاینیدا هەبوون، بەڵام هیچ کام لەوانە بەپێی واقیعی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاینی ڕۆژهەڵات، نەیاندەتوانی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئاینی متڵەق تێبپەڕن ــ کە ئەوسا ڕۆژهەڵات لەم بوارەدا لە قەیرانێکی قووڵ و دواکەوتندا دەژیا.

کاتێک دەسەڵاتی کۆلۆنیالیی (ئیستیعمار) گەیشتە ئەم ناوچەیە، لە هەندێک شوێن هێزی سەربازی بەکارهێنا، لە هەندێک جێگەی دیکە بەڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەوێ و لە هەندێکی دیکەدا بە تکنۆلۆژیا دەکەوتەخۆ. هەموو ئەوانە لە پێناو یەک ئامانجدا بوون، ئەویش دەستبەسەرداگرتنی ناوەند و سەرچاوە ئابورییەکانی ڕۆژهەڵات بوو. ئینجا ئەم دەستبەسەرداگرتنەـ کە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو، دەبوایە هەندێ فاکتەری یاریدەدەری لە پشتەوە بێت تا بتوانێ بەردەوامیی خۆی بپارێزێ. جا ئیستیعمار ناچار بوو سود لە

هێزی کاری ئەو ناوچانە وەربگرێت تا هێزێکی کاری شیاو و هەرزانی هەبێ دەبوا دەست بە بڵاوکردنەوەی فکری نوێ بکات. ئاشکرایە کە بڵاو کردنەوەی فکری نوێ، بەرژەوەندیی ئەوانی (ئیستیعمار) تێدا بوو. ئەم دوو هۆکارەی سەرەوە: رۆشنگەریی و بەرژەوەندیی کۆڵۆنیالیزم،

لە لەلایەن گەلانی ژێر گوشار بەئاسانی وەرنەگیرا، واتە هاتنی هێزێکی داگیرکەر بەتایبەتی کە خاوەنی ئاینێکی دیکە و دەسەڵاتێکی بیانی بوو دەستی بەسەر سەرچاوە ئابوورییەکاندا دەگرت. ئەو سیاسەتە لایەنە سەلبییەکەی کۆڵۆنیالیزمی روونتر دەهێنایە بەرچاوان. وەلێ لایەنەکەی دیکە کە بریتی بوو لە هێنانی تەکنۆلۆژیا، وەک شەمەندەفەر، کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت و کانزاکان، ئەوجا سەرهەڵدانی چینی کرێکار، تویژی فەرمانبەر و دروستبوونی بەرێوەبەرایەتیی بە شێوازی هاوچەرخ، دیاردەی ئیجابی نوێی کۆمەڵایەتی بوون، کە ئیستیعمار لەگەڵ خۆیدا هێنانی. هەروەها کرانەوەی دەرگا بۆ خەڵکی رۆژهەڵات بەرەو ئەوروپا، خوێندن لە رۆژئاوا، دیتنی دنیای نوێ و شارستانیی و دیتنی دیموکراسی و تێگەیشتن لە مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی ئابووری، چۆنیەتی چارەسەرکردنی پەیوەندی نێوان ئاین و دەسەڵات کە لێکدی جیا کراونەتەوە، هەموو ئەوانە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر رۆژهەڵاتی خەوتوودا هەبوو. هەڵبەت جیلی یەکەمی روناکبیران کە ئەو پێشکەوتنانەیان بە باشە وەرگرت، لەوباوەڕەدا بوون کە پێویستە هەنگاوی یەکەم دەسەڵاتی کۆڵۆنیالی لە رۆژهەڵات دەربکرێت و پێشکەوتن بکەوێتە پلەی دووەم.

بەشێکی دیکەی روناکبیران ـ کە ئەوانە زۆرینەبوون و بە تەواوەتی کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەوروپاوە ـــ پێیانوابوو دەبێ



بەرژەوەندییەکانی رۆژهەڵات بە بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئاینییەکانی ئیستیعمارەوە ببەسترێتەوە. هەر بۆ نموونە بەشێک لە رۆشنبیرانی ئێرانی لە فەرەنسا و بەریتانیا و روسیا وازیان لە ئاینی خۆیان هێنا و بوون بە مەسیحی.

لە پاڵ ئەم جیلە نوێیەی رۆشنبیراندا، جیلێکی دیکەی رۆشنبیری خۆیی رەسەن سەریان هەڵدا، کە هەموویان داوایان دەکرد گۆڕانکاریی بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و ئاینی خۆیاندا بێنین تا بتوانن بەرەنگاری ئەو دوژمنە (ئیستیعمار) ببنەوە کە دەرگای پێگرتوون ودەیانچەوسێنێتەوە، لەولاشەوە بتوانن ئەو دەسەڵاتە سیاسییە خۆییە دۆگمایەی کە رێگرە لەبەر هەناسەدانیان، پاشەکشە پێبکەن.

ئەو روناکبیرە رەسەنانە هەستیان بە خۆبەکەمزانین دەکرد کە رۆژهەڵاتی ئیسلامی بەو رادەیە دواکەوتوو بێت، لەگەڵ ئەوەیدا کە ئاینەکەیان لە ئاینی مەسیح نوێترە، وڵاتەکانیان لەوکاتدا بریتی بوون لە ئیمپراتۆریی زۆر گەورە. ئەوان ئەو حاڵەی ئەوسای ئەوروپایان لەگەڵ سەدەکانی ناوەڕاستدا بەراورد دەکرد، کە رۆژهەڵاتی مسوڵمان لە رووی فکری و پیشەسازییەوە، زۆر لە پێشەوەی ئەوروپا بوو. بۆچی دەبوو لە پڕێکا، دوای سەدەکانی ناوەڕاست تووشی ئەو پاشکەوتوویی و بەجێمانە بێت؟ ئەوانە هەمووی ئەو بوارانە بوون دەبوا لێیان بکۆڵدرێتەوە. بەڵام تا ئێستاش ئەم پرسیارە هەر ماوە.

سەیدجەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە لەو کەسانە بوون کە بە سەرەتاکانی رووناکبیرانی رۆژهەڵات لە قەڵەم دەدەرێن. هەڵبەت پێش ئەوانیش لە ئێرانی شیعیدا تەقەلای رۆشنگەریی هەبووە بەڵام نەک بەو کاملییەی قوتابخانەکەی ئەفغانی. ئەوانە لەگەڵ ئەنجومەنی ماسۆنییەکاندا تێکەڵ بوون، لە هەمان کاتیشدا فکری دژایەتی کردنی

ئیستیعماریان بڵاودەکردەوە. مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەردا بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر بوو لە واقیعی ئەو دەسەڵاتە. سەید جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە بە ئاشکرا پێیانوابوو سەرەڕای پیرۆزێتی ئاینی ئیسلام بەڵام دەبێ لە تێڕوانینی سیاسی و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا، گۆڕانی بەسەردا بێت، لە فیقهدا پێویستە بەجۆرێک دەستکاری بکرێت کە بوارێک بۆچالاکی مرۆڤ بکرێتەوە تا مرۆڤی موسڵمان لە کۆمەڵگای خۆیدا بتوانێ دەستی لە پێشکەوتنی ئابووری و ئیدارەکردنی وڵاتدا هەبێت و ئازادبێ تا فەلسەفەی ئیسلامی بەو ئاراستەیەدا بەرەو پێشەوە بەرێت و گۆڕانکاریی تێدا بکات، بەجۆرێک کە مسوڵمان بتوانێ بە ئەوروپایی مەسیحی بڵێت لە پاڵ فەلسەفەی نوێی ئێوەدا فەلسەفەیەکی دیکەمان هەیە کە ڕەگێکی مێژوویی هەیە ئەویش فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیە.

لە ناوەندە کاریگەرەکانی ڕۆژهەڵاتدا (میسر، لوبنان، شام، ئەستەمبول و تاران ) جیلێک لەو ڕۆشنبیرانە پێگەیشتن کە هەندێکیان کتێبیان دەنووسی و ڕۆژنامەیان دەردەکرد. لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە دەستیان بە کاری وەرگێڕان کرد، یاسا و فکرەکانیان هێنایە سەر زمانی خۆیان. ژمارەیەکی زۆر لەوانە، دواتر بوونە سەرۆک کۆمار و وەزیر و کارمەندی پلەبەرز، هەندێکیشیان بوونە سیاسەتمەداری توندڕۆ و تەنانەت تیرۆریستی ناسراویشیان لێپاشکەتن. هەر بۆ نموونە جەمالەدینی ئەفغانی خۆی، دوای نائومێد بوونی لەئێران و هیوابڕانی لە ناسرەدین شای قاجار (١٨٢٨ – ١٨٩٤)، فەرمانی بە میرزا ڕەزای کرمانی کرد، ناسرەدین شا تیرۆر بکات. ئەوە بوو میرزا لە مەزاری شاعەبدولعەزیم لە باشووری شاری تاراندا شای ناوبراوی تیرۆر کرد. میرزا ڕەزا لە لێپرسینەوەدا گوتی: بە فەرمانی جەمالەدینی ئەفغانی کوشتومە و شانازیشی پێوە دەکەم.



تیرۆرکرانی ناسرەدین شا ڕووداوێکی تازە و چۆنایەتی بوو لە مێژووی نوێی فکری سیاسی ڕۆژهەڵاتدا. خۆ ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم ئەو کارە لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی مسوڵماندا، دوای چەندین سەدە لە تووندڕۆییەکانی خەواریج و ئیسماعیلییە ئەلەموتییەکان، بە یەکەم تیرۆری شێوە نوێی سیاسییانەی ئیسلامیەکان دادەنرێت.

پێشتر ئاماژەیەکم بەلایەنە باشەکانی کۆلۆنیالیزم کرد، بەرلەویش باسم لەلایەنە خراپەکانی کرد بوو. ئەوانە هەموویان جێی موناقەشە و گفتوگۆی پترن، من تەنیا بەسەریاندا تێدەپەڕم. نکوڵی لێناکرێ فکری دینی بەرەنگارییەکی بەرامبەر ئیستیعمار دروستکرد. لەولاشەوە فکری ڕۆژئاوایی و ئەو ڕەوتە فکرییە نوێیە ناوخۆییەی کە لە ناوکۆمەڵی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتدا، داوای گۆڕانکاریی دەکرد، وێڕای ناحەزایەتی کردنی لەبۆ ئیستعمار(کۆلۆنیالیزم)، بەرەی خۆی لە ئاین دوور خستەوە. مێژووی عوسمانییەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم، شاهیدی ئەم ململانێیە بوو. هەروەها لە ئێرانیشدا ئەو ململانێیە هەبوو تا ئەوەی کە ئایەتوڵڵا شیعەکان شانبەشانی دیموکراتخوازان، لە ڕێبەرایەتی سیاسی شۆڕشی مەشڕوتەدا(بەدەستوریکردنی دەسەڵات) بەشدار بوون.

لە کوردستاندا حاڵ بە چەشنێکی دیکە بوو. دوای ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، بزووتنەوەی نەتەوەیی وردە وردە بە ڕابەرایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری نیشانەکانی بەدەرکەوتن. کەواتە لە وڵاتی داگیرکراو و پارچەپارچەکراوی ئێمەشدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی لە سەردەستی ڕۆشنبیرانی ئاینی نوێخواز دەستیپێکرد. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری خاوەنی کاریزما و خانەقایەکی سۆفیاتی

نەقشبەندی گەورە بوو، هات بیری لە رزگاریی نەتەوایەتی کردەوە، ویستی کوردستان لە هەردوو ئیمپراتۆریی عوسمانی سوننە و قاجاری شیعە جیابکاتەوە، جا لە ژێر هەر ناو و نیشانێکدا بێت، کیانێک بۆ کورد دابنێت. هەڵبەت پێموانیە فکری نەتەوەیی ئەوسا بەو کامڵییە بووبێت کە لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هەبوو. ئەمەیان بمانەوێ یان نەمانەوێ جۆرێکە لە رۆشنبیریی ئاینی نوێخواز لە نێو وڵاتی ئێمەدا.

بەم پێیە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بەدامەزرێنەری بیری نەتەوەیی کورد دادەندرێت، لەهەمانکاتدا، سۆفی و شاعیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بوو، هەروەها مامۆستایەکی ئاینی و قوتبێکی عارفانەی مەزن بووە. ئەو هەموو سیفەتانە لە کەسایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا کۆببوونەوە، هەر بۆیە دەبینین میرزا و رازداری شێخ عوبەیدوڵڵا، شاعیرێکی شەفافی وەکو وەفایی بوو.

دوای ئەو قۆناغەی سەرەوە، هەموو رێبەرانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، رۆشنبیری ئاینی بوون. هەر لە شێخ عەبدلسەلام بارزانییەوە تا شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمود و قازی محەمەد و بارزانی نەمر. هەریەکەیان لەوانە رۆشنبیرێکی ئاینی بووە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا سەرۆکایەتی خەباتی رزگاریخوازیی کوردستانی کردووە.

پێموایە پێویستە بەو سەرکردانە بگوترێ روونـاکبیرانی ئاینی- نەتەوەیی. ئەوانە مەلا و شێخی خاوەن فتوای متڵەقی ئاینی نین. چونکە ئەگەر وابایە نەدەبوو لە ئیمپراتۆریی عوسمانی هەڵبگەڕێنەوە و باسی بیری نەتەوەیی بکەن. ئەو راستییەمان لەبیرنەچێ کە پێشتریش باسمان لێوەکرد، ئەویش ئاین پەیوەندی بە نەتەوەوە نیە چونکە



جوغزی جوغرافیای مرۆڤایەتی بنەماکانی ئاین لە سنوری نەتەوەیی فراوانترە. نموونەیەکی بچووک بۆ ئەم مەسەلەیە دێنمەوە ئەویش کێشەی ئوسامە بن لادنە (٢٠٠١/٩/٢٣). ئەو کابرایە بەو هەموو تاوانانەی کردوویەتی، یەک مامۆستای ئاینی کوردستان ئامادە نیە بەراشکاوی بڵێت: ئەوە کابرایەکی مرۆڤ کوژە و پەیوەندی بە ئیسلامەوە نیە. مەلاکانی کوردستان بۆچی ئەو هەڵوێستەیان هەیە؟ ئاشکرایە، چونکە بن لادن بە پێی بنەماکانی ئاین بە تاوانبار ناژمێردرێت. ئەوەیە واماڵێدەکات بۆ هەموو مەسەلەیەکی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی، نەگەڕێینەوە سەر بنەما ئاینیەکان.

لە ململانێی نێوان ئیستعمار و ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆدا، ئیمپراتۆرییە ئاینیەکانی رۆژهەڵات نەیانتوانی تا سەر تاقەت بێنن بۆیە لێکهەڵوەشان. لەژێر زەبرەکانی ئەم ململانێیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەدا، ئیمپراتۆریی عوسمانی سەدەیەک لە هەژاندا بوو، لە ئەنجامدا بە زەبری هۆکاری دەرەکی و ناکۆکی ناوەکی دارما. ئەوەش بووە زەمینەی رابوونێکی نەتەوەیی توندڕۆی تورکایەتی کە دوای لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی سەری هەڵدا. بۆچی تورکە لاوەکان هیچ شانازییەکیان بە ئیمپراتۆریی عوسمانی نەدەکرد؟ چونکە ئیمپراتۆرییەکی ئاینی بوو، بۆیە ئێستاش ناسیۆنالیستە کەمالیستەکان شانازیی پێوە ناکەن. ئەوانە پێیانوابوو عوسمانییەت لە ئەنجامی خۆیدا هیچ دەسکەوتێکی بۆ تورک نەهێنا،تورکەکان لەو ئیمپراتۆرییەدا بەشێکی فراوانی دنیایان لەبەردەستدابوو، بەڵام زمانێکی پێشکەوتوویان نەبوو، لە ژێر سێبەر و فەرمانڕەوایی عوسمانیەکاندا میللەتانی دیکە فەرهەنگیان پێشدەکەوت، کەچی تورکی عوسمانی هەروەک خۆیان دەمانەوە. بۆیە دوای روخانی ئیمپراتۆریی، دەستیان بە کامڵکردنی زمان وسیستەمی دەسەڵاتی

تورک کرد. هەر ئەوەش بڕوایەکی هەڵەی لای کەمالییەکان دروستکرد کە بە پەلەپڕوزێ ئەو سنوورە جوگرافییە بچووکە بپارێزین کە ئەمڕۆ پێیدەگوترێ تورکیا.

ئێرانیش لەسەردەمی قاجارییەکاندا، دەسەڵاتێکی ئاینی بوو. هەڵبەت هەندێک جار پاشاکانی قاجاری دەکەوتنە ژێر ئاراستەی غەیرە ئاینی و کەمێک لەگەڵ ماسۆنیەکاندا تێکەڵ دەبوون بەڵام قسەی دوایی لای ئایەتوڵلاکانی شیعە دەکرا و پاشا(قیبلەی عالەم) نەیدەتوانی لە فەتواکانی ئەوان لابدات. ئەو حاڵەتە مایەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم و لەگەڵ شۆڕشی مەشروتە سیستەمی ناوبراو لێکهەڵوەشا.

بەم پێیە جیهانی ئیسلام، نەیتوانی لە بەرامبەر جوڵانەوەی نوێخوازی و هێرشی داگیرکاریی کۆلۆنیالیزمدا خۆی ڕاگرێت. کاتێک کە فکری نوێ، تەکنۆلۆژیای نوێ رووی لە ناوچەکەمان کرد، دەسەڵاتی ئاینی سەفەوی و قاجاری و عوسمانی کە نوێنەرایەتی شیعە و سوننەی ناو ئیسلامیان دەکرد، نەیانتوانی هیچ ئەلتەرناتیڤێک پێشکەش بکەن، تەنیا مقاوەمەتیان لەبەرامبەر سیستەمی سیاسی نوێ و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەکرد. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی سەربازی و سیاسییان هەبوو، بۆ نەیانتوانی ئەلتەرناتیڤ بخەنەڕوو؟

لە وەڵامدا دەبێ بڵێم: چونکە لە ڕاستیدا لە هیچ کۆمەڵگایەکی هاوچەرخدا، ئاین نەیتوانیووە ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ سیستەمێکی سیاسیی باش. ئەوەش بە مانای کەمگرتن و بچووکردنەوەی ئاین نیە. ئەرکی ئاین ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا نیە. ئەگەر ئاینی ئیسلام بە دروستکردنی دەسەڵاتی دینی _ عەرەبی دەستیپێکردووە، بەڵام مێژووەکەی



نیشاندەدات لە دە ساڵی یەکەمدا تووشی قەیران و پارچە پارچەیی و ڕوانگای جیاجیا هات، واتە هەر لە قۆناغی یەکەمدا بەسەلامەت دەرنەچوو. مەسیحییەتیش هەروای بەسەر هات. لە سەدەکانی ناوەڕاست، دەسەڵاتدارانی ئەوروپا لەهەر کوێیەک بووان خۆیان بە ملکەچی پاپا دەزانی و کەنیسە دەخالەتی لە وردو درشتی بیرو ئەندیشەو شێوەی ژیانی خەڵک دەکرد. ئەمڕۆ ئەو شێوازەی ئەوکات بە تاریکستان ناودەبەن. بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر بڵێین ئەو ئەزموونانە بەڵگەی تەواون کە نابێ ئاین لەگەڵ دەسەڵات تێکەڵ بکرێت.

هەروەک ئاماژەیەک دەڵێم، لە ناو مەزهەبی شیعەدا هەوڵێکی زیاتر بۆ نوێکردنەوەی تێڕوانینی ئاینی دراوە. هەڵبەت کە دەڵێم تێڕوانینی ئاینی، مەبەستم دەقە پیرۆزەکان نیە، بەڵکو باس لە فیقهو و لێکدانەوەی دەکەم. کراوەترین ڕەوتی شیعە، شێخ بەهائەدینە کە تا ئەمڕۆش پەیڕەوەکانی بە بەهائی ناو دەبرێن. ئەوانە باڵێکی فیقهی _ سۆفیانە بوون کە لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیی شیعیدا قەبوڵ نەکران. ئەو مەزهەبە لە ئێران ڕاونران، هاتنە نەجەف و کەربەلا و قودس، واتە لە فەرمانڕەوایی شیعەکانەوە بەرەو ناو سنورەکانی ئیمپراتۆریی سوننی _عوسمانی کۆچیان پێکرا. شەڕی نێوان شیعە و سوننەش ڕووداوێکی مێژوویی زۆر کۆنە و عوسمانیەکان و سەفەوییەکان، بەردەوام لە شەڕدابوون و یەکتریان بەکافر دەزانی. بەهائییەکان بە ناچار بوونە داردەستی عوسمانییەکان و دوایش دەسەڵاتدارانی عوسمانی ڕایانگواستن بۆ ئەنادۆڵ و پەرت و بڵاویان کردن. ئێستاش لە ئەوروپا وەکو کەمایەتیەک هەن. دوای شۆڕشی مەشروتە لە ئێران دەرفەتی ژیانیان بۆ کرایەوە بەڵام بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، جارێکی دیکە کوشتاری گشتی کرانەوە.

هەندێک لە ئایەتوڵڵاکانی شیعە لە کاتی شۆڕشی مەشروتەدا زۆر ئیجتیهادی نوێیان کرد. یەکێک لەوانە (ئایەتوڵڵا نائینی)یە کە فتوای دەرکرد و گوتی: هەر کەسێک دژی دیموکراسی بێت دژی ئاینە و ئاین لە سەردەمی ئێمەدا بریتییە لەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە لە ئەنجامی شۆڕشی مەشروتە دێت. بەڵام لەبەرامبەر ئەویشدا ئایەتوڵڵایەکی وەکو (شێخ فەزڵولڵای نوری) راست بۆوە و فتوای دەرکرد: نەخێر بە پێچەوانەوە، دەبێ لە جیاتی مەشروتە (سیستەمی پەرلەمانی)، مەشروعە (سیستەمی ئاینی) هەبێ و هەر کەسێک بڕوای بە دیموکراسی هەبێ، دژی خودایە. ململانێی نێوان ئایەتوڵڵاکان لەسەردەمی مەشروتەدا گەیشتە رادەیەک شێخ فەزڵولڵای نورییان لە ناوەڕاستی تاران لە سێدارەدا.

ئەنجامی ململانێی ناو کۆمەڵگای ئێران ئەوە بوو رەوتی شێخ فەزڵولڵا واتە سیستەمی دینی مەشروعە سەرکەوت. دەبێ بپرسین بۆ رەوتی شێخ فەزڵولڵا سەرکەوت؟. لێکۆڵینەوەی واقیعیانە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایە کە رەوتەکەی ئەو، لە ناو فیکری ئایینیدا باڵادەست بوو بۆیە لە نیهایەتدا توانی ببێتە کادێنی فیقهی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نوێخوازی. روانگای خۆگونجێنەرانەی ئایەتوڵڵا نائینی لە ناو شیعەدا لە هەوڵی کەسانێکی وەکو سەید جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەی سوننی دەچوو کە پێیان وابوو دەبێ رێگای نوێگەری لە روانگاکانی ئاینیدا بکرێتەوە. هەر بۆیەش بزووتنەوەی نەتەوەیی لەلای ئێمەی موسڵمان، بەردەوام لە قەیراندابووە و ئەو حاڵە تا دە ساڵ بەر لە ئێستاش(تا ساڵی١٩٩٢) بەردەوام بوو. بۆ نموونە بەشی هەرە زۆر لە بزووتنەوەی سیاسی پەنای دەبردە بەر فکری کۆمۆنیستی، کەچی لە خواستدا نەتەوەیی بوون. هەندێک لابالی سیاسی دیکە پەنایان



دەبردە بەر فکری لیبڕالی، بەنیازی هاوکاریکردنی رۆژاوا یان پتر تێکەڵبوون لەگەڵ ئەنجومەنە ماسۆنیەکان و هاوکاریکردنی بەریتانیا و فەرەنسا بەڵام لە جەوهەردا خواستەکانیان هەر نەتەوەیی بوو. ژمارەیەکی کەمیش لە سەرکردە سیاسییەکان تێکەڵەیەک بوون لە هەموو ئەو فکرانە. کەسانی وەک جەمال عەبدولناسر نموونەی ئەو جۆرە سەرکردانەن.

ئێمە لە کوردستاندا حکومەتێکمان نەبوو تاکو رەوتە نەتەوەییەکەمان بەلایەکدا ساغ بێتەوە، هەرچەند بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کە لەسەردەستی رۆشنبیرانی ئاینی دامەزرا بەڵام لەگەڵ فەرمانەکانی شەریعەتدا بەشێوەیەکی توند تێکەڵ نەکرا، پاساوەکەشی لەوەدایە کە نەبووینە دەوڵەت ئەگینا هیچ لۆژیکێک پاساومان نادات کە نەکەوتباینە ئەو کێشەیەی کە هەموو جیهانی ئیسلامی بە دەستیەوە گرفتار بوو. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری هەر بەوە راگەیشت کە لەکوێ شەڕ و لەکوێ پاشەکشێ بکات، دەسەڵاتەکەی بەشی ئەوە نەبوو ناچار بێت خۆی یەکلا بکاتەوە. بۆیە ئەمڕۆ مافی ئەوەمان نیە بڵێین بۆ دەرینەخست کە زیاتر ئاینیە یان نەتەوەییە . ئەوەی کە هەبوو بەقەدەر بوونی نەتەوەیی ئێمە، تەعبیری لەکاتی خۆی دەکرد: بوونی نەتەوەیی ئێمە دەسەڵاتی سیاسی نەبوو، تەنیا بەرەنگاری بوو، لەکاتی بەرەنگاریشدا فکرەکان بە ئاشکرا دەرناکەون و لێکدی جیانابنەوە.

لەلایەکی دیکە بۆ شێخ مەحمودی نەمر باسی لەسەر دەکرێ؟ لەبەر ئەوەیە بۆ ماوەیەکی کورت دەسەڵاتێکی سنوورداری کەوتە بەردەردەست و چووە ناو ململانێیەک داخۆ فەرمانەکان بەپێی شەریعەت بن یان لەدەرەوەی شەریعەت یان تێکەڵ بن؟ ئەویش

پێرانەگەیشت ئەوە چارەسەر بکات، لەناوچوو. ئێستاش لێکۆڵەرەوان گلەیی دەکەن کە لەوکاتدا نەتواندرا سود لە ململانێکانی سەردەم وەربگرێت لەگەڵ زۆر تێبینی دیکە. من پێموایە ئەوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ واقیعێک ئەویش شێخ مەحمود لە ناوچەیەکی بچووکدا دەسەڵاتی هەبوو، زوو کەوتە بەردەمی ئەو ململانێ فکری و کۆمەڵایەتییە.

تەجرەبەی کۆماری کوردستان جێگای سەرنجپێدانە. قازی محەمەد لەهەمانکاتدا کە مەلا بوو، هەندێک بیروڕای ئازادیخوازانەی هەبوو، هاوکاریی دیموکرات و کۆمۆنیستەکانی کرد. دیسان دەسەڵاتی ئەویش بەشی ئەوەندە نەمایەوە تا بزانین لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا چی دەویست. لە رۆژهەڵاتدا هەمیشە روانگەیەکی هاوبەش لەنێوان بەرەی نەتەوەیی (ئەو حزب و کەسایەتیانەی کە سەرکردایەتی بزووتنەوە نەتەوەییەکانیان کردووە)دا نەبووە. بۆیەش بەردەوام لەناو خۆیاندا یەکتریان تاوانبار کردووە. بۆ نموونە لەناو عەرەبەکاندا بورقێبە و جەمال عەبدولناسر و سورییەکان یەکتریان تاوانبار کردووە. لەناو ئێمەی کوردیشدا ئەگەر لەیەک کاتدا کۆمەڵێک سەرکردەی سیاسی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا هەبووبن، دایم پێکدی ناکۆک بوونە چونکە روانگەیەکی هاوبەشیان نەبووە. رەنگبێ ئەم سەردەمە گۆڕان بەسەر واقیع و بیروڕاکانی بزووتنەوەی سیاسیدا هاتبێ و هێڵی هاوبەش و بیروڕای سەردەم شوێنی ئایدیۆلۆجیای پیرۆزی گرتبێتەوە.ئەوەشمان لەبەرچاوە کە جیهان لەسەر روانگەیەکی هاوبەش کۆکە. ناکرێ ئەمرۆژگارە لەگەڵ دە ساڵ بەر لەئێستادا بەروارد بکەین.



بە رای من پێویستە بەراوردێک لەنێوان سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی کوردستان و رۆژگاری هاتنی ئایدیۆلۆژیاکانی رۆژاوا بۆ رۆژهەڵاتی ئیسلامی بکەین. ئەگەر لەبیرمان نەچێت مێژوویەکی هەزار ساڵەی کێشەی دینی لە نێوان رۆژهەڵاتی ئیسلامی و رۆژاوای مەسیحی هەبووە. رۆژهەڵاتییەکان هەر لە سەرەتاوە ئەو حەساسییەتەیان لەلا وروژا.فکری کۆمۆنیستی کە لەگەڵ خاپەرۆیی بیری ناسیۆنالیستی(نەتەوایێتی) تێکەڵاو بوو، دوای فکری لیبڕالی دزەی کردە ناوچەکە و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو پشتیوانییەی مارکسیزم لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان دەیکرد و گرنگییەکی تایبەتی بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەدا. هەردووک بنەمایەکەش هاوسۆزییان لەلای کەلتووری رۆژهەلاتەوە هەبوو. سەرەڕای ئەو ناوەرۆکە دادپەروەرییە سادە مرۆییەی کۆمۆنیزم پڕوپاگەندەی بۆ دەکرد، لێ توونددڕۆیی بزووتنەوەکانیان و لایەنگری کردنیان لە بەرژەوەندی دەوڵەتی سۆڤیەت، هەروەها جەوهەری دیکتاتۆرییانەی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی، ئەوانە هەموویان بوونە هۆکارێکی جدی کە شیوعییەکان نەتوانن ببن بە ئەلتەرناتیڤێکی باشی ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزاڤی کۆمەڵایەتی رۆژهەڵات.

## رۆڵی ئایدیۆلۆژیاکانی کۆمۆنیزم، سەرمایەداری، ئیسلامی سیاسی لە بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی رۆژهەڵات

لەلایەن بزووتنەوەکانی رزگاریخوازەوە کۆلۆنیالیزم بەرەنگاری کرا بەڵام پاشەکشێی پێنەکرا چونکە جگە لە هێزە سوپایی و تکنۆلۆژیاییەکەی، دەروازەیەکی نوێ بوو فشاری بۆ کۆمەڵگای تەقلیدی و داخراوی رۆژهەڵات دەهێنا. سەرەنجام ئیمپراتۆرییە ئیسلامییەکان لێکهەڵوەشان، بوار لەبەردەم ئەلتەرناتیڤی دیکەدا کرایەوە، ئەوەش بریتی بوو لە دوو ئایدیۆلۆژیای لیبراڵی و کۆمۆنیستی کە هەردووکیان بەرهەمی کۆمەڵگای رۆژئاوا (ئەوروپا) بوون. بە چەشنی خۆجێییش شێوەیەکی نوێی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی(واتا فکری ئیسلامی بە شێوەیەکی توند)پەیدا بوو.

کۆلۆنیالیزم رۆژهەڵاتی داگیرکرد بەڵام بەرەورووی بارودۆخێک بوو نەیتوانی مامەڵەیەکی واقیعیانەی لەگەڵ بکات و لەگەڵ خۆیدا سیستەمێکی سیاسیی گونجاو بێنێ کە بەرگریی رۆژهەڵاتییەکان کۆتایی پێبێت. هەر ئەوە وایکرد لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی، وەک واقیعێکی نوێ سەرهەڵبدات. بۆ نموونە کاتێک عێراق لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان دەرچوو، کەوتە دەستی بەریتانیا، ماوەیەکی کەم لە ژێر فەرمانڕەوایی راستەوخۆ (ئینتیداب)دا مایەوە چونکە راپەڕینی خەڵک جێپێی بە ئینگلیز لەق کرد.

عێراق ویلایەتێکی ئیمپراتۆریی عوسمانی بوو، لەو قۆناغەدا هیچ هەستێکی هاوبەشی نیشتمانی عێراقییەکانی کۆنەدەکردەوە، بەڵام کە ئەم پارچەیە لە دنیای ئیسلامدا ناوی عێراقی لێنرا، چەند ساڵێکی نەبرد بە کوردستان و عەرەبستانیەوە، بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی دژە



ئیستیعماری دروست بوو کەلە بەشی عەرەبستان مۆرکی ئاینی نەتەوەیی هەبوو و لە کوردستاندا مۆرکی نەتەوەیی زاڵ بوو. دوای چەند ساڵێک (واتە لە ساڵانی بیست بەملاوە) رەگەزێکی فکری کۆمۆنیستیی تێکەوت. عێراقی نوێ ئاوها دروست بوو، کەوا هەشتا ساڵە لەو ناکۆکییەدا دەکولێ. بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی لەم دەوڵەتە نوێیەدا لەگەڵ دروستبوونی عێراق دەستیپێکرد، چەمکی ناسنامەی کەلتوری و نەتەوایەتی هاتە ناو واقیعی پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگا دوو چەشنییەی عێراقی لێدروستکرا. رۆشنبیران و کەسایەتییە ئاینیەکان جیا لە دروشمی ئاینی، دروشمی نەتەوەیی و سەربەخۆیی نیشتمانی و دەرکردنی داگیرکاریان هێنایە ناو قۆناغی نوێی بەرەنگاری کە ئەویش قۆناغی شۆڕشگێڕیی لە دژی داگیرکارێکی بیانی بوو. ئەو داگیرکارە(کۆلۆنیالیزم) سەرەڕای بێگانەیی لەدین و کەلتوردا، زۆری پێکناکۆک و داخراو بوو: لەلایەکەوە تکنۆلۆژیا و فکری نوێی دەهێنا، دەرگای دەکردەوە بۆ ئاشنابوونی خوێندەوارانی رۆژهەڵات لەگەڵ جیهانی نوێی رۆژئاوا، لەلایەکی دیکەوە سامانی ئەم ناوچەیەی تاڵان دەکرد. لە پێناوی هێشتنەوەی بەرژەوەندییەکانیدا ئامادە بوو لەگەڵ هەموو دیاردەیەکی دزێوی ناو کۆمەڵگایەکە سازش بکات. ئەم پرۆژە ناکۆکەی کۆلۆنیالیزم، بەرگرییەکی زۆر فراوانی دروست کرد کە جیا لە ئاینییەکان،نەتەوەییەکانیش تێیدا بەشدار بوون.

کۆلۆنیالیزم پرۆژەکانی دەرهێنانی نەوت و کانزاکانی دیکەی دەستپێکرد، بەندەرەکان فراوانتر بوون و شارەکان لەڕێی جادە و هێڵی شەمەندەفەرەوە پتر پێکەوەبەسترانەوە، سیستەمی بەرێوەبەرایەتی حکومەتی فراوانتر و سەردەمییانە کرا. ئەو تۆخمە نوێیانە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عێراقی گۆڕی و داخڵی قۆناغێکی نوێی کرد. دوای

درووستبوونی کارگە و کۆمپانیاکان و هاتنەکایەی چینی کرێکار، کارمەندی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەوڵەت، چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ لێک جیابوونەوە و ناوچەکەمان کەوتە نێو قۆناغێکی نوێی ئابووری. ڕێگا لەبەردەم ئایدیۆلۆژیایەکی دیکەی کۆمەڵایەتیدا کرایەوە و بە ناوی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هاتە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی، ئەویش باوەڕی مارکسیزم بوو. فکری مارکسیزم بە شێوە سەرەتاییەکەی ڕۆژئاوا نەهاتە ڕۆژهەڵات. پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا، کۆمۆنیزم نەیتوانی لە ڕۆژهەڵاتدا شوێنپێیەک بۆخۆی بکاتەوە. تیۆرییەکانی لینین لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی، بووە بەشێکی سەرەکی بیروباوەڕی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخواز. لینین بەو داهێنانەی خۆی گۆڕانی بەسەر فکری مارکسیزم هێنا. تیۆری مافی گەلان بۆ چارەی خۆنووسینی خستە ناو ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم و پێیوابوو کۆمۆنیزم بۆ هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ناتوانی هیچ هەنگاوێک باوێ ئەگەر کێشەی گەلان چارەسەر نەکات. لنین لە کۆلۆنیالیزمدا دەسەڵات و داهاتوی سەرمایەداری دەبینی و بە شێوەیەکی نوێی چەوساندنەوەی گەلان بە دەستی چینی بۆرژوازی دادەنا. بۆیە دەیگوت تێکۆشان لە دژی چینی بۆرژوا کامڵ نابێت ئەگەر تێکۆشانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکان نەبێتە هاوپەیمانی سروشتیی پرۆلیتاریا و ئەو بزووتنەوانە لە بەرەی بۆرژوازی دەرنەکێشرێن و نەبنە بەشێک لە بەرەی دژی سەرمایەداری کە کۆمۆنیستەکان سەرکردایەتی دەکەن. هەروەها پێیوابوو نەتەوەی ژێردەستە ستەمی لێدەکرێت، عەدالەتی کۆمەڵایەتیش ناتوانێ بێتەدی ئەگەر کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتی نەهێنێت. بۆ ئەمەش دەگەڕایەوە سەر مەسەلەی ئیرلەندییەکان لەگەڵ بەریتانیا و کێشەی گەلانی ناو



ئیمپراتۆریی ڕوسیا. ئەوانەی دەبەستەوە بە چەوساندنەوەی چینایەتی،دەیگوت: مەحاڵە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان بتوانن لە ئامانجەکانیان نزیک ببنەوە تا ستەمی نەتەوەیی وەک بەشێک لە چەوساندنەوەی چینایەتی بمێنێت.

ئەو ڕێزگرتن و پشتیوانی و تیۆرێژکردنەی لنین،هەستی نەتەوەیی گەلانی ڕۆژهەڵات و پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە لایەن کۆمۆنیستەکان و وڵاتێکی گەورەی وەک یەکێتی سۆڤێت، کە درووشمەکەی *کرێکاران و گەلانی چەوساوەی جیهان یەکگرن* بوو، لە ڕۆژهەڵاتدا خەڵکێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشا و لەڕووی فکرییەوە کەوتە ناو بڕواکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی.

لە بەشێکی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتدا، فکری شیوعی و نەتەوەیی تێکەڵاوبوون، ئەوە پاشەکشەی بە فکری سیاسی ئاینی کرد چونکە ئایینییەکان هیچ چارەسەرێکیان پێشنیار نەدەکرد تەنیا بەرەنگاربوونەوەی غەیرەدین و گەڕانەوە بۆ دواوە نەبێت کە دەیویست خەونێکی خۆش لە زەمانی ئیمپراتۆرییە ئیسلامییەکان دروست بکات ئەویش تەنیا سێ نەتەوەی باڵادەستی ڕۆژهەڵات تێیدا بوونیان هەبوو کە بە شێوەی سەرەکی عەرەب بوو دوایی تورک و فارس دەهاتن . جیا لە ڕۆژهەڵاتی موسوڵمان، لە بەشێکی فراوانی ئاسیای نامسوڵمان گەلانی وەک مەغولستان و ڤێتنام و کۆریا و چین، سەربەخۆییان تێکەڵی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم کرد.

لە نیشتمانی داگیرکراوی ئێمەشدا، تا ڕادەیەک فکری نەتەوەیی لەسەرەتای سەدەی ڕابردوو لەگەڵ فکری کۆمۆنیستی تێکەڵ بوو. هەڵبەت هەرگیز فکری کۆمۆنیستی بە تەواوەتی تێکەڵی بزووتنەوەی

نەتەوەیی نەبوو،هەروەها فکری نەتەوەییش بە بەیەکجاری خۆی بە فکری کۆمۆنیستی بەدەستەوە نەدا. ئەو حەز و جوداییە هۆکاری خۆی هەبوو، قەیرانێکی زۆر قوڵی لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی دروست کرد. ئەو قەیرانە لەوەدا دەردەکەوت کە فکری کۆمۆنیستی بەو دروشمانەی هەڵیگرتبوون پشتیوانی لە مافی گەلان بۆ چارەی خۆنووسین دەکرد، بەڵام لەلایەکی دیکەوە جیهانبینییەکی شۆڤێنی-ئیلحادی مایل بۆ نەتەوەی باڵادەست پەیڕەو دەکرد. ئەمە هەر لە سەرتاوە کێشەیەکی خستە ناو بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی رۆژهەڵات. لەناو خودی بزووتنەوەکەدا رەوتی ئاینی، رەوتی لیبراڵی و رەوتی کۆمۆنیستی هەبوون، ئەوانە بەردەوام لە رووی ئایدۆلۆژییەوە لەگەڵ یەکدیدا لە ململانێ دابوون. لە هەندێک وڵاتدا ئەگەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەسەر بزووتنەوەی سیاسیدا زاڵ بایە، دەهاتن بۆ ئەوەی ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییەکان کەمێک بەلاوەبنێن و بەرژەوەندییە نیشتمانی و سیاسیەکانی ئەو رۆژگارە بێننە پێشەوە، بەرەیەکیان دروست دەکرد. لەوێدا چەمکی بەرەی نیشتمانی لە رۆژهەڵات سەری هەڵدا کە هاوپەیمانییەکی سیاسیی کاتی بوو تا هەموو رەوتە جیاجیاکان بتوانن بەشداری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیدا بکەن.

ئیسلامیەکان زۆر زوو پاشەکشێیان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کرد. ئەم پاشەکشێیە لە تێڕوانینی کورتی خاوەنفکرانی ئیسلامی سەرچاوەی دەگرت. پاشەکشێی خاوەنفکرانی ئیسلامی لە ناو بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانیدا، بووە هۆی بەهێز بوونی پێگەی دیموکرات و کۆمۆنیستەکان. ئەوەش وایکرد رۆشنبیرانی نەتەوەیی، لەپێناوی چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و



ئەلتەرناتیڤی سیستەمی سیاسی و کێشەی ئافرەت و نەتەوایەتی، هەمیشە بە دوای تێڕوانینێکی کەمێک فراواندا بگەڕێن. لە سەرەتادا حزبەکان بەرنامەیەکی ئەوتۆیان نەبوو و شێوەیەکی ئەوتۆی حزبی لە ناوچەکەی ئێمەدا سەری هەڵنەدا بوو. کاتێک ئیسلامییەکان کشانەوە، کۆمۆنیستەکان بە بەرنامەوە هاتنەپێشەوە و چارەسەری فکریان بۆ هەموو ئەو پرۆژانە پێ بوو. هەر بۆیە دەبینین لە تێڕوانینی سیاسی و ئابووری، مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی مافی لاوان، ئافرەتان، رۆشنبیرانی نەتەوەیی زیاتر پەنایان بۆ بیروباوەڕی کۆمۆنیستی دەبرد.

لەو کاتەدا، لەلایەک دەوڵەتی زلهێزی سۆڤیەت هەبوو، ئەوجا کۆمەڵێک دەوڵەتی کۆمۆنیستی دیکەش لە دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بە پاڵییەوە دروست بوون، ئەوانە جەمسەری رۆژهەڵاتیان پێدەگووتن. لەولاشەوە ئەورووپا و ئەمەریکا جەمسەری رۆژئاوایان پێکهێنا بوو.

پەیدابوونی دوو جەمسەری رۆژهەڵات و رۆژئاوا، وایکرد بەرژەوەندیی دوو سیستەم بەسەر بەرژەوەندییەکانی دیکەدا زاڵ بێت. هەر بۆیە هیچ بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی نیشتمانی نەیدەتوانی لە دنیادا پشتیوانێک بۆخۆی پەیدا بکات و بشێ بەردەوام بێت، ئەگەر لەم دوو بەرەیەدا جێگەیەکی بۆ خۆی نەکردبایەوە. پێموایە یەکێک لەو هەڵە گەورانەی فکری لیبراڵی بە سەرکردایەتیی رۆژئاوا تێیکەوت، ئەوەبوو کە لە بەرامبەر هێرشی کۆمۆنیزمدا، پشتگیریی بێ قەیدوشەرتیان لەو رژێمانە کرد کە پاشماوەی کۆلۆنیالیزم بوون.

ئەو هەڵوێستەی رۆژئاوا لایەکی راست و لایەکی هەڵەی هەبوو. لایە راستەکەی لەوەدایە هەر وڵاتێکی هەرچەند پاشکەوتوو و دیکتاتۆریش بێت، ئەگەر ناچار بکرێت سەر بۆ گۆڕانکاری و ریفۆرم

دانەویێنێت، وردە وردە ئەم گۆڕانکارییە لە مەودایەکی درێژدا کۆتایی بە دەسەڵاتی دۆگماو دیکتاتۆر دێنێت و دەیگوازێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی هێمن و جێی پەسند. ئەمە تێڕوانینێکی ڕاستە. لەلایەکی دیکەوە هێرشی کۆمۆنیستەکان بە سەرکردایەتی سۆڤیەت هەبوو، چەمکی کودەتای سەربازیان خستە ناو ژیانی سیاسیەوە: کاتێک کە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی تێکەڵ دەبوون، لەناو سوپادا بڵاودەبۆوە، دەتدیت لەپڕێکا چەند ئەفسەر کۆدەبوونەوە و هەموو ئەو سیستەمەیان وەردەگێڕا کە ڕۆژئاوا دەیەویست بەشێوەیەکی هێمن بەڕێوە بچێت.

بۆ ڕەتدانەوەی پڕۆژەی کۆمۆنیستەکان، ڕۆژئاوا هەوڵیدەدا بە هەموو شێوەیەک ئەو ڕژێمانە بپارێزێت کە پاشماوەی ئیستیعمارن. هەروەها شێوازی پێچەوانەیان دژ بە شێوازی سۆڤییەتی سەپاند. بۆ نموونە دەزگای ئەمن و سەربازییان بەهێزکرد، چەکیان بە ناوچەکەدا بڵاوکردەوە و دەزگای هەواڵگریی سەربازیی خۆشیان خستە ناو پاراستنی ڕژێمەکانی هەرێمەکە و لە هەمان کاتدا دەستیان بە دروستکردنی پەیمانی سەربازیی جیاجیا لە ناوچەکەدا کرد. مەبەستی سەرەکییان پاراستنی ئەو ڕژێمانە بوو کە لە ژێرەوە بەرژەوەندی جەمسەرەی ڕۆژاوایان دەپاراست.

لە بنەڕەتدا ئەو ڕژێمانەی کە بەدەسکردی کۆلۆنیالیزم لە قەڵەم دەدران، بۆ ڕۆژئاوا ببوونە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمری واقیعدا، ئەمری واقیعی ئەو کاتیش ئەوەبوو سیستەمەکە بمێنێتەوە. هەڵبەت خودی ڕژێمەکە هیچ مامەڵەیەکی خێرای لەگەڵ خواستی بزووتنەوە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازەکاندا نەدەکرد. نموونەش بۆ ئەمە ڕژێمی پاشایەتی عێراقە. کاتێک مەلیک فەیسەڵیان هێنا و کردیان بە پاشای عێراق، ئەو



بنەمایەی کە سیستەمەکەی لەسەر دامەزرابوو، ئەگەر هاتبایە گۆڕانێکی تێنەکەوتبا، ئەوا ئەم دەوڵەتە بە ئاراستەیەکی زۆر هێمندا دەڕۆیشت و بواری ریفۆرم و چاکسازی و ڕێککەوتن لەگەڵ گەلی کوردیشدا هەبوو. بەڵام ململانێی نێوان سۆڤیەت و ڕۆژئاوا وایکرد کە ئەم ڕژێمە خێرا بێتە ناو هەندێک پەیمانی سەربازییەوە و ببێتە ڕژێمێکی پۆلیسی، لە هەمانکاتیشدا ململانێ لەناو سوپاشدا دروست بێت. ئەمە بووە هۆی ئەو ئەنجامەی کە دیتمان: چەندین کودەتا ڕوویاندا و چارەنووسی گەلان کەوتە ژێر دەستی کەسانێک کە تێڕوانینێکی ڕوونیان بۆ دەسەڵات و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات نەبوو.

بڕوایەک لەلای ڕۆژهەڵاتیە شۆڕشگێڕەکان دروست بوو کە هەر ڕژێمێک ڕۆژئاوا پشتیوانی لێبکات، کۆنەپەرستەو ناتوانێت چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بکات و وەڵامی گەلانی ژێردەستە بداتەوە، بۆیە دەبێ بڕوخێندرێت. ئەم ڕوانگایە بووە قەناعەتێکی متڵەق. زۆری پێنەچوو کە لە ناو بزووتنە ڕزگاریخوازە نیشتمانیەکاندا پاوانکاریی شیوعیەکان زاڵ بوو، شیعار ئەوە بوودژی ئیمپریالیزمیت یان نا؟ ئەمە پرسیارێک بوو پێناسەی لاباڵە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی پێدەکرا. ئەو دۆخە نوێیە وایکرد مەسەلەکە یەکلابێتەوە، بەو مانایەی کە دەبوایە هەر کەسێکی ڕزگاریخواز دژی ئیمپریالیزم بێت بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە ئەم دروشمە تا چەند لە بەرژەوەندیی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم دایە، واتە ئەو جەمسەرەی کە بە ناو لایەنگری لە چارەسەری کێشەی نەتەوەکان دەکرد.

تەجرەبەی سەدەیەک نیشانیدا بە کردەوە کۆمۆنیزم نەیتوانی لە یەک شوێن بۆ هیچ نەتەوەیەک پشتیوانی ڕاستەقینە بێت. نموونەش

خودی سۆڤیەتە کە چەندین کۆماری بەناو نەتەوەییان هەبوو، بەڵام لە راستیدا پاش ماوەیەکی دوور و درێژی نزیک بە (٧٠) ساڵ دەرکەوت یەکێتی سۆڤێت زیندانێکی گەورەیە بۆ گەلانی ئەوێ.

کاتێک فکری ئیسلامی لە ناو بزووتنەوە رزگاریخوازییە نیشتمانییەکان پاشەکێشێی کرد، یەکسەر خۆی لەژێر سێبەری رژێمە مەوجودەکاندا دیتەوە، ئەو رژێمانەی کە رۆژئاوا دەیپاراستن. هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ راستییەک کە ئەم رژێمانە هەموویان کۆنەپەرست بوون، بایەخیان بە فکری نوێ نەدەدا، زۆربەی یاساکانیان بەشێوەیەک بوون کە هەستی خاوەنبیرانی ئیسلامیی بریندار نەدەکرد. وایلێهات دژایەتیکردنی ئیلحاد لە لای رەوتی ئیسلامیی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەییدا بووە ئەرکی سەرەکییان. هەروەها ئەم رەوتە لایەنێکی دیکەشی وەرگرت، ئەویش کاتێک مەسەلەی نەتەوەیی و ئاین بەرەوڕووی یەکدی دەکرانەوە، ئامانجی ئاینییان واوەردەگرت کە لە دژی هەموو ئاواتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت. هەر بۆیەش دەبینین ئیسلامییەکان لە رووی رێکخستنی سەندیکایی و حزبییەوە وەک ئێستا نەبوون. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا جاری وا هەبووە تاکە پێشەوایەک هێندەی حزبێک دەوری دەدیت. ئەوسا تەنیا کەسایەتیی ئیسلامی هەبوون. بەم پێیە ئیسلامییەکان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی لاتەریک بوون، ئەمەش وایکرد کە ببنە بەشێک لە رژێمە کۆنەپەرستە دەسەڵاتدارەکانی ئەوسا.

ئەو رژێمانەی بە پشتیوانی رۆژاوا مابوونەوە، توانییان لە رووی ئابووری و تەکنۆلۆژیا، چەند هەنگاو باوێن و هەندێک نەریتی زۆر کەم بەڵام هێمن بۆ ژیانی سیاسی دروست بکەن. هەرچەند فرەحزبی



لە گۆڕەپانەکەدا نەبوو بەڵام ئەو هەنگاوانە نران. ئەگەر هاتبایە، هەموو ناوچەکە وەک ئەوان مابایەوە، ئەوا ژیانی سیاسی کەمێک بە هێمنی بەڕێوە دەچوو. دەکرێ ئۆردن، ئێرانی شا، مەغریب بە نموونەی ئەوانە بێنینەوە.

لەو وڵاتانەی کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بە هەموو رەنگەکانیەوە دەسەڵاتیان کەوتە دەست، نەیانتوانی هیچ هەنگاوێک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری باوێن. ئەو وڵاتانەی کە ئەوانە تێیاندا زاڵ بوون، تەنیا خەریکی شەڕ کردن بوون و لە بوارە گرنگەکانیشدا تەنیا درووشمیان دەدا و نەیانتوانی چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بنەڕەتیەکان بکەن.

لەو رژێمانەی کە سەر بە رۆژئاوا بوون، پێشکەوتنێکی کەمی ئابووری هەبوو، بەڵام لەو رژێمانەی بە ناو سەر بەخۆبوون و لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە پشتیوانیان لێدەکرا، پێشکەوتنێکی ئابووری بنەڕەتی رووی نەدا کە شایەنی ئەوە بێت پێشبڕکێ لەگەڵ ئەوەی دیکەدا بکات. لە رووی تەکنۆلۆژیای سەربازییەوە، سەروەت و سامانی وڵات بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی خەرج دەکرا.

ناوچەی ئێمە لەو ململانێیەدا تووشی زیانێکی زۆر و زەبەند بوو، لە رووی پێشکەوتنی ئابوورییەوە ئەو موناقەشە فکری- سیاسییە وەستا کە سەرەتای هاتنی کۆلۆنیالیزم بۆ ناوچەکە و ململانێی نێوان شارستانیی ئیسلامی لەگەڵ رۆژئاوا دەستپێکردبوو. هیچ ئەلتەرناتیڤێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیان نەبوو کە سەقامگیریان بکات و لە هەمانکاتدا تایبەتمەندییەکانی خۆیان نەدۆڕێنین و دەرگایەک لەبەردەم پێشکەوتن بکەنەوە. لەو ئاراستەیە دوور کەوتنەوە و

ناوچەکەمان کەوتە ناو ململانێکی سەربازی کە لە پشتەوە بەرژەوەندییەکانی یەکێک لە دوو جەمسەرەکەی دابین دەکرد.

هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە یەکێتی سۆڤیەت، مەسەلەی رزگاریی نەتەوەکان و عەدالەتی کۆمەڵایەتیی کردە پاشکۆیەک بۆ بەرژەوەندیی ئابووری و ململانێ سیاسییەکانی خۆی. هەروەها لە زۆر شوێنیشدا بە ئاسانی بزووتنەوەیەکی هەقخوازانەی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی دەکرایە قوربانی، ئەگەر لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی سۆڤێتدا هەڵنەسوڕابایە. بەداخەوە ئێمەی کورد دوو جار ئەم زیانەمان پێکەوت و یەکێتی سۆڤێت کردینی بە قوربانی پاشەکشێ سیاسیەکانی خۆی. جارێک لە کۆماری مەهاباد، جاری دووەم لە کۆتایی شۆڕشی ئەیلول.

مەبەستم لەم باسانە هەڵوێستی ئیسلامییەکانە، دوای ئەوەی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کشانەوە، دایانە پاڵ رۆژئاوا و ئەو رژێمانەی کە سەر بە ئەوێ بوون. بەڵام ئەو رژێمانەیش کە پاڵیاندایە بەرەی سۆڤیەت، بوون بە رژێمی سەربازی. لەو ناوەدا بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی بوو بە قوربانی، چونکە لەرووی فکرییەوە دەرفەتێکی هێمنی بۆ دروست نەبوو تا بۆچوونە سیاسی و ئابووریەکانی خۆی تێدا تاقی بکاتەوە، لە رووی سەربازیشەوە بوونە پاشکۆ. کاتێک ئەم پاشکۆییە دروست دەبوو، لە هەندێ قۆناغدا جەمسەری سۆڤێتی کۆتایی بە بزووتنەوەکە دەهێنا و پاساویش ئەوەبوو کە لە پێناوی بەرژەوەندیی سۆسیالیزمدا دەبێ کۆتایی بە فڵان بزووتنەوەی رزگاریخواز بهێنرێت. بۆ نموونە: ئەو حاڵەتەی کە لە ساڵی ١٩٧٤دا تووشی بزووتنەوەی کورد بوو، دۆخێکی زۆر ئاڵۆز و سەختی بۆ هاتەپێشەوە. سۆڤێت و کۆمۆنیستەکانی عێراق بە کوردیان دەگوت دەبێ بچیە ناو بەرەیەک کە بە تێڕوانینی ئەوان پێشکەوتنخواز



بوو، تەنانەت ئەگەر هیچ خواستێکی نەتەوەیی بۆ کوردستان دانپیانەهێنێ، ئەگینا بەپێچەوانە بکەن تووشی چارەنووسێکی دیکە دەبن. کاتێک کە شۆڕشی کورد بەرەنگاریی کرد، لە رووی سەربازییەوە تووشی ئەو چارەنووسە هات کە بە تراژیدیای مێژووی رزگاریخوازیمان دەژمێردرێ. هەمان هەڵوێست و چارەنووس لە ساڵی ١٩٤٧ تووشی کۆماری مهاباد هات.

لەو بەینەدا، فکری ئیسلامی وردە وردە، بەرەو ئەوە چوو کە لە لایەکەوە لەگەڵ رەوتێکدا لەیەک سێبەرو سەنگەردا کۆببێتەوە کە لە سەرەتای هاتنی ئیستیعماردا خویان لە دژی دەوەستان. لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوە رزگاریخوازەکان بوونە بەشێک لە جیهانبینی کۆمۆنیزم، دژایەتی کردنی ئاین بەشێک بوو لە کاریی پێگەیاندن و پەروەردە کردنی کۆمۆنیستەکان. هەر بۆیە فکری شیوعی نەیتوانی ببێ بە فکرێکی جەماوەریی بەرفراوان و بگرە بوو بە روانگای نوخبەی کادیران و سەرکردایەتییەکان بزووتنەوەی رزگاریخوازی. ئەمە وای لە ئیسلامیەکان کرد کە زیاتر شوێنی خۆیان لەبەرەی وڵاتانی خۆپارێزو پاشکەوتوودا ببیننەوە. تا ئەوکاتەی ململانێ لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەردەوام بوو، هیچ بوارێکی ئەوتۆ بۆ دەرکەوتنی فکری ئیسلامی لە ناو بەرەی رزگاریخوازیدا بە روانگای سیاسی نەبوو چونکە لە هەر شوێنێک سەری هەڵدابایە، یەکراست وەک بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و بەشێوەی سەربازی سەرکوت دەکرا.

لە هەندێ کۆمەڵگادا، کۆمۆنیستەکان بیریان کردەوە لەگەڵ هەندێ لاباڵی ئیسلامی سازش بکەن. زۆر لە بیرمەندانی ئیسلامی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە روانگای نزیک لە سۆسیالیزم.

لەوەیاندا ژیانەوەی روانگای بەرابەریخوازانەی ئاینی ئیسلام لە سەردەمی کۆیلایەتی دەبیندرا. کۆمۆنیستەکان پێیانوابوو دەکرێ مرۆڤ بڕوای بە عەدالەتی کۆمەلآیەتی هەبێ و جێگەیەکیش بۆ ئاین وەک دیاردەیەکی پیرۆز بهێڵدرێتەوە. لە ئەنجامدا هەموو ئەوانەی لەگەڵ رەوتی سۆسیالیستی دەبوونە هاوپەیمان، سەرەنجام دەبوون بە کۆمۆنیست یان کۆمۆنیستەکان دواجار کودەتایان بەسەردا دەکردن و لە هاوپەیمانێتی دەریان دەکردن.

ئەو حاڵەتەی سەرەوە لای کۆمۆنیستەکان تێڕوانینێکی دروست کرد تا چارەسەرێک بۆ شێوەی دەسەلآت بدۆزنەوە، یانی تا ئەوکاتەی لەو ولآتەدا دەسەلآتی سیاسی وەردەگرن و حکومەت بەرەو کۆمۆنیزم دەگوازنەوە، دەکرێ حاڵەتی نائاسایی قەبوڵ بکرێت کە ناویان لێنابوو رێگای پەرەسەندنی نا سەرمایەداری. بەپێی ئەو تیۆرییە ولآت دەخەنە ناو قۆناغێک نە کۆمۆنیستیە و نەسەرمایەداریشە. لەو کاتەدا دەکرێ ململانێکان کپ بکرێن و تا نزمترین ئاست دایبەزێنن. لەم رێگایەوە زۆرترینی خاوەنفکرو سیاسییەکان و خەڵک کۆبکرێنەوە. هەڵبەت لە کۆتایی ئەم رێگەیەدا ململانێکە توندتر دەبوو. کۆمۆنیستەکان ئاراستەکاری فکرییان سۆڤێت بوو، دەیانگوت لەو ماوە دوورو درێژەدا گۆڕانکارییە کۆمەلآیەتییەکان وادەکەن کە بیرمەندە ئاینییەکان ببنە کۆمۆنیست و واز لە فکری دینی بێنن. ئەوەش لەو باوەڕەوە دەهات کە وایدەزانی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم بە پشتیوانی تەکنۆلۆژیا وپێشکەوتنی ئابووری، دەتوانێ بڕوا ئاینیەکان بسڕێتەوە، ئەوکەسەی بەرگری بکات دەبێ لابدرێت. هەربۆیە جاری وا هەبوو لە ناوخودی کۆمۆنیستەکان کە دەسەلآتیات دەکەوتە دەست، کودەتای زۆر خوێناویان بەسەر یەکدیدا دەکرد پاساوەکەشی تیپڕی پەرەسەندنی



یاسەرمایەداریی بوو. ئەفغانستانی سەردەمی کۆمۆنیستەکان نموونەیەکی روونی ئەم راستە بوو. کاتێک کۆمۆنیستەکان هاتنە سەر کار، لە ماوەی ٥-٦ ساڵدا، سێ جار لە ناو خودی سەرکردایەتی حزبی کۆمۆنیستدا یەکدیان بە کوشتن لەسەر کارلادەدا. پێموایە رەگوڕیشەی ئەو شێوازهە سیاسییە دەگەڕایەوە بۆ لێککۆبوونەوەی روانگای ئاینی و کۆمۆنیستی و نەتەوەیی لەناو سەرکردایەتی یەک حزبدا. ئەوانە کاتێک بوون بە دەسەلآتدار و سوپایان دەکەوتە دەست، پەلەیان ئەوەبوو کە ململانێکانیان خێرا یەکلا بکەنەوە.

کودەتا سەربازییەکانی میسر، سوریا، عێراق و ئەمەریکای لاتین و ئەفریقیا لەم چەشنە بوون بۆیە دەتدیت ولآتی واهەیە ساڵی جارێک کودتای سەربازی تێیدا دەکرێ. هەموویان لە رووی فکرییەوە لەم تێکەڵبوونەی بۆچوونەکان سەرچاوەیان دەگرت.

ئەوە دەراویشتەکانی قۆناغێک بوون دەبوا کۆتایی بێت. ئە قۆناغە پەیوەندی هەبوو بە ملانێی نێوان سۆڤێت و ئەمەریکا یان وەک بە فراوانتر تەعبیری لێدەکرا و دەگوترا ململانێی نێوان رۆژاوای سەرمایەداری و رۆژهەلآتی کۆمۆنیستی.

حوکمی مێژوو ئەوەبوو سۆڤێت لە رووی ئابووری و کۆمەلآیەتیەوە لە بەرامبەر رۆژئاوا پاشەکشێ بکات. ئەوە پەیوەندی بەو ململانێیەوە نەبوو کە لە ناوچەکەی ئێمەدا هەبوو، بگرە پەیوەندی بە روانگای هەردوو سیستەم لەگەڵ چەمکی پێشکەوتنی ئابووری، سیستەمی کۆمەلآیەتی و دیموکراسی و جۆری بەرێوەبردنی دەسەلآتی سیاسی و بەشداریی پێکردنی خەڵک لە بەڕێوەبردنی ولآتدا هەبوو.
ئەو خالآنە پێوەرێک بوون بۆ حوکمدان لەسەر سیستەمەکان، داخۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو خالآنەدا دەکەن و چۆن دەرگا لەسەر

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا دەکەنەوە. ئەنجامی ئەم ململانێیەمان دیت و خۆشمان تێیدا ژیاین. پێش سەرەتای دەیەی دوایینی سەدەی بیستەم کە کۆتایی بە ململانێکە هات، دیمەنی ئەم ململانێیە لە رۆژهەڵاتیش دەرکەوت، واتە ئیسلامییەکان هەروا بە هێمنی لەژێر سێبەری وڵاتانی سەربە رۆژئاوادا نەمانەوە، لە هەر جێگەیەک کەمێک کرانەوە هەبوایە، وەک میسر و لوبنان و سوریا و. هتد، دەستیان بە دارشتنەوەی سەر لەنوێی خۆیان دەکردەوە تا بە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ رۆژئاوادا بێنەوە مەیدان.

## تیرۆر و ئیسلامیی توندرۆ

پرسیار دێتەکرن: بۆچی بەشێکی زۆر لە رێکخراوەکانی ئیسلامی پەنا دەبەنە بەرتووندوتیژی؟ پێویستە مرۆڤ هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم بابەتە بکات.

دیاردەی توندرۆیی بە درێژایی مێژووی ئیسلام، دیاردەیەکی ئاشنایە و تازە نیە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای فەرمانڕەوایی ئیسلامی واتە دوای پێغەمبەر، کێشەی سیاسی و سوپایی لەسەر جۆری بەڕێوەبردنی دەسەڵات دەستیپێکرد. ئەوە یەکەمین قۆناغ بوو. بەکارهێنانی توندوتیژیی لە نێوان لاباڵەکانی ئەسحابەدا دەستیپێکرد. لە چوار خەلیفەی راشیدین، سێیان تیرۆر کراون، عومەر، عوسمان و عەلی. هەر یەک بە شێوەی تایبەتی خۆی کوژرا بەڵام تیرۆرکرانی هەموویان لە ئاکامی ناکۆکی سیاسی بوو،



کوشتنی هیچکامیان بە رێکەوت نەبووە. ئەوانە هەموویان بە دەستی موسڵمانانی توندرۆ تیرۆرکراون.

دوای ئەوە بەردەوام ئیجتیهاد و تێڕوانینی نوێ لەسەر تەفسیرکردنی شەریعەتی ئیسلام لە ناو فەرمانڕەوایی ئیسلامیدا هەبووە، بە مەبەستی کرانەوە و عەدالەتی زیاتر لە ناو کۆمەڵدا. ئەم ئیجتیهادە لە خەواریجەوە دەستیپێکرد و دوا بەدواشی قەرمەتی، موعتەزیلە هاتن تا گەیشتە مەزهەبی شیعە. لەناو شیعەشدا رەوتی زۆر توندرۆ و جیاجیای دیکە پەیدا بوون کە دەتوانین، حەسەن سەباحی رێبەری ئیسماعیلییەکان بە توندرۆترینیان دابنێین. ئەو بە ئاشکرا هەڕەشەی لە دفەرمانڕەوایانی هەموو جیهانی ئیسلام دەکرد و ژمارەیەکی زۆریشی لێکوشتن، نیزامولمولک یەکێکە لەوانەی کە بە دەستی فیدائییەکانی حەسەن سەباح تیرۆر کرا. مەبەستم ئەوەیە بڵێم تیرۆر دیاردەیەکی کۆنە، هەرچەند لەدرێژایی مێژوودا گۆڕان بەسەر شێواز و ئامانجەکانیدا هاتووە. تیرۆر توندترین شێوەی ناکۆکییە کە بواری ژیان بۆ بەرامبەرەکەی ناهێڵێتەوە و دەیسڕێتەوە. ئەو شێوازە دژایەتییە تەنیا لەنێوان نەیارانی فکری و سیاسیدا روودەدات. بۆیە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان کردەوەی کوشتن بۆ ئامانجی تۆڵەکردنەوە یان سزادانی یاسایی یان مەبەستی مافیایی لە بەراورد لەگەڵ تیرۆردا هەیە.

هادی عەلەوی کارێکی زۆری لەسەر ئەو بوارە کردو چەند کتێبێکی لەو بارەیەوە نووسیوە. ئەم لایەنەی زۆر بە وردی خستۆتە ژێر لێکۆڵینەوە و باس لە مێژووی توندوتیژیی ناو دەسەڵاتدارانی ئیسلامی دەکات کە لە سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی، عەباسی و عوسمانییەکاندا هەبووە.

ئەمڕۆ دوو جۆر تیرۆر هەیە، بە یەکێکیان دەووترێ: تیرۆری کوێر، مەبەست ئەو ڕێکخراوانەیە کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو جا چ سیاسی یان ئابووری،ئاینی و ڕەگەزایەتی بێت پەنا بۆ کوشتن و تۆقاندن دەبەن. شێوازەکەی دیکە پێیدەڵێن تیرۆری ڕێکخراو. واتە ئەو دەوڵەتانەی توندوتیژیی لەسەر هاوڵاتییە نەیارەکانی خۆیان بەکاردێنن.

بەپێی بەڵگە مێژووییەکان، تیرۆری ڕێکخراو لە ئیمپراتۆرییەکانی ئەمەوی، عەباسی، عوسمانی و هاوکات لە حکومەتە ئیسلامییە ناوچەییەکانیشدا هەبووە، چونکە وێڕای هەبوونی ئەم ئیمپڕاتۆرییانە، ژمارەیەکی زۆر لە ناوچە ئیسلامییەکان لەسەر بنەمای ناوچەیی لە فەرمانڕەوایی ناوەندی جیا دەبوونەوە و دەبوونە حکومەتێکی سەربەخۆ. نموونەی ئەو حاڵەتانە دەوڵەتی ئەییوبی بە سەرۆکایەتی سەلاحەدینی ئەییوبی ، محەمەد عەلی لە میسر، سەفارییەکان لە ئێران لەسەردەمی عەباسییەکاندا، لە مەغریب، لە ئەفریقا و لە شام و.. هتد. لە هەر یەک لەوانەشدا تیرۆر بە شێوەیەکی ڕێکخراو پەیڕەو کراوە.

پێشتر باسمکرد، لەگەڵ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم، ناکۆکی کەوتە ناوخۆی هەردوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و قاجاری. بەرلەوانیش فەرمانڕەوایی سەفەوی هەمان حاڵی هەبوو. هۆکارەکانی ئەم ناکۆکییە ناوخۆییە بریتی بوون لە هاتنی تەکنۆلۆژیای نوێ، دەرکەوتنی چینی کۆمەڵایەتی نوێ کە مومارەسەی ژیانی ئابووری نوێیان دەکرد، گۆڕانی ژیانی شارنشینی بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر، ڕۆڵی تازە پەیدابووی کرێکار و کارمەند بە شێوەی نوێ، هەروەها پەیدابوونی شەمەندەفەر (کە هاتوچۆی ئاسان دەکرد)لەوکاتەیدا کۆمپانیا نەوتییەکان دەستیان بە دەرهێنانی نەوت کرد، ناچار بوون لە پاشکۆدا بۆ ئەو شوێنانە ئیدارەی وەک پۆست، پۆلیس و.. هتد دروست بکەن.



هەروەها بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئیداری خۆیان ناچار بوون وردە وردە بیرۆکەی دەوڵەتداری بە شێوەی نوێ بێننە ڕۆژهەڵات کە بەرلەوان ڕۆژهەڵات نەگەیشتبووە ئەو قۆناغەی پێویستی بەم جۆرە بەڕێوەبەرایەتییە هەبێ. لەلایەکی دیکەوە باسمکرد کە چالاکی ماسۆنییەکان لەخۆیدا چەشنە بیروڕایەکی نوێخوازی کۆمەڵایەتی وئاینی بوو کە وێڕای مەسیحی بوونیان، ڕێزیان لە ئاینەکانی دیکە دەگرت. چونکە لە ڕووی سیاسییەوە مەبەستیان بوو ریفۆرم لە ناوخۆی وڵاتانی کۆلۆنیالکراو بکرێت و یاسا، چەمکی مەدەنییەت، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ (بەشێوە سەرەتاییەکەی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست) بێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵات. هەڵبەت ئەوانە ئەنجوومەنی گەورە گەورەیان دروست کردبوون، لەوێدا کەسایەتی سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و سەربازی و دەوڵەتداری زۆر گەورەی ناوچەکە ئەندام بوون. کەسانی وەک جەمالەدینی ئەفغانی،ئیمام موحەممەد عەبدە، ناسرەدین شا، ڕۆشنبیری گەورەی ئێرانی مولکەمخان و هەموو ئەو ڕۆشنبیرە گەورانەی کە دوایی لە شۆڕشی مەشروتە لە ئێراندا بوونە خاوەنی ناوەندی گەورەی ڕۆشنبیریی یان بوون بەوەزیر و سەرکردەی سیاسییان لێهەڵکەوت هەندێکیشیان بوونە دامەزرێنەری قۆناغی یەکەمی دیاردەی دانانی حزبەکان ئەویش بە چەپ و ڕاستیانەوە لەو کاتەوە دەستپێکرد و لە ئەنجومەنی ماسۆنییەکاندا ئەندام بوون. هەروەها لە تورکیاش، کەمال ئەتاتورک و هاوکارەکانی هەموویان ماسۆنی بوون. کەواتە دیاردەی ماسۆنی بوون  دیاردەیەکی ڕۆشنبیری، سیاسی بوو، لە هەمان کاتیشدا تێڕوانینێکی نوێی نێونەتەوەیی(ئەنتەرناسیونالی) بوو کە ڕێگەی لەپەرەسەندنی فکری نەتەوەیی نەدەگرت، چونکە پێیوابوو

ئەو کاتە دەکرێت لە وڵاتێکدا بەڕێوەبەرایەتیی نوێ هەبێت کە هەست بە بوونی ناسنامەی خۆیی بکرێ. لەم رووەوە بزووتنەوەی رۆشنگەری ماسۆنی هانی فکری نەتەوەییشی دەدا، ئەوە جیا لە بڵاوکردنەوەی فکری نێونەتەوەیی.

مەبەستم لە باس کردنی ئەم بابەتە ئەڤە: لەوێوە توێژێکی دیاریکراو لە رۆشنبیرانی ئاینی لە جیهانی ئیسلامدا هەڵکەوتن کە پێیانوابوو دەبێت ئەزموونی رۆژاوای مۆدێرن بۆ دنیای ئیسلامی بگوازرێتەوە و بە شێوەی تایبەتی، لە بەرگی ئاینی خۆیاندا دەست بە نوێکردنەوەی سیستەمی رۆژهەڵات بکەن.

ئیسلامییەکان لەو روانگایەدا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، بۆیە لەدواییدا پەنایان بۆ شێوازێکی دیکەی ترسناک برد کە ئەویش هەر توندوتیژی بوو. کوشتنی ناسرەدین شا و هەندێک لە وەزیرەکانی، نیشانەی کۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەمی پرۆسەی دروستبوونی بزووتنەوە ئیسلامیەکان و سەرەتای قۆناغێکی تازەی توندوتیژی سیاسی بوو. ئەو قۆناغە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی قاجاری و لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی. کاتێک دەوڵەتە نوێیەکانی رۆژهەڵات ئەوانەی ئێستا بە گرفتەوە وجودیان هەیە و بە دەخالەتی ئیستعماری بەریتانیا، رووسیا و فەرەنسا لە ناوچەکەماندا دروست بوون، سەرلەنوێ بیری ئیسلامی، شان بە شانی فکری کۆمۆنیستی سەریهەڵدایەوە.

ئەگەر ئاوڕێک لە ئەزموونی رێکخراوە ئیسلامیەکانی میسر لە کاری توندڕۆیی سیاسی بدەینەوە، لە ئەزموونی حەسەن بەننا و هاوکارەکانیەوە دەستپێدەکات . ئەوانە بە شێوەی تازە بۆ جارێکی دیکە پەنایان بردەبەر دروستکردنی حزبی سیاسی، بۆ ئەو مەبەستەش



ئاینی ئیسلامیان کردە پایگای ئایدۆلۆژی و جیهانبینی خۆیان. ئەوانە کارێکی زۆر مەترسیداریان دەستپێکرد کە دەقی پیرۆزی قورئانیان کرد بە پاڵپشت بۆ بەرنامە سیاسیەکەی خۆیان و تەفسیری ئایدۆلۆژییان بۆ ئایەتەکانی قورئان هێنایەوە. لێرەدا هیچ سنوریان لە نێوان کاری سیاسی و غەزا و جیهاد نەهێشتەوە.

بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی لە رۆژهەڵاتدا رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندندا بوون، بیری نەتەوەیی بەرەو پوختەتەیی دەچوو، حزب بە شێوەی نوێی نەتەوەیی دروست دەبوون، هەروەها دەوڵەتی نەتەوەیی دروست ببوون کە لە بواری بەڕێوەبردنی وڵات، هەڵبژاردنی ئایدۆلۆژیا و خۆپاراستن لە دەخالەتی ئیستعمار و کارتێکردنی فکری کۆمۆنیستی گیروگرفتیان هەبوو، ئەوە لەکاتێکدا خۆیان خاوەنی کەلتورێکی دیموکرتیانە لە بواری بزووتنەوەی سیاسی و حزبایەتی نەبوون. لەم کێشمەکێشە فکری و سیاسی و ئیدارییەدا کە رەوتی بەرەو عەلمانیبوون (سکۆلار) خەریکی خەملان و دروستبوون بوو، لەوبەردا رەوتی ئیسلامی، ئەلتەرناتیڤی خۆی بەشێوەیەکی توندوتیژ هێنایە مەیدان. بۆیە دەڵێم توندوتیژ چونکە کاتێک ئایەتی قورئان بکرێتە بەرنامەی حزب، نابێت هیچ کەس لە بەرامبەریدا بوەستێ و هەرکەسێ مشتومڕی لەسەر بکات بەکافر دەژمێردرێت، لەدین وەرگەڕانیش سزای کوشتنە، کەواتە سنوورێک لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و ئایندا نامێنێتەوە. جا چونکە ئەو باڵە سیاسییە ئیسلامیانە لە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتیاندا وەک هەرحزبێکی دیکە سیاسی بوون، هەر کە لە ناوخۆیاندا ناکۆک دەبوون، یەکدییان تەکفیر دەکرد، بۆیە بە هەمان توندوتیژییەی نەیارەکانی خۆیان تیرۆر دەرکرد، لەگەڵ ناوخۆشیان دەجولانەوە. رەنگبێ ئەمە پێویستی بە نموونە هێناوە

نەبێت. ئەگەر ئەزموونی میسرییەکان لە حەسەن بەنناوە تا دەگاتە سەید قوتب و ئەیمەن زەواهیری بخوێندرێتەوە، دەکرێ نموونەی زۆری لەسەر بهێندرێتەوە. میسرییەکان تەجرەبەی یەکەمی ئیخوانولموسلمینیان پێشکەش کرد. ئیخوانەکان بە ساکینی نەمانەوە و بەسەر چەند لقێکدا دابەش بوون. هەندێک ڕەوت لەناویاندا سەریهەڵدا کە پێیانوابوو دەبێ بەهێمنی کار بکەن تاخەڵک پێدەگات و بگەنە قۆناغی جیهاد. ڕەوتی تووندڕۆش هەبوون کە لەو باوەڕەدابوون دەبێ دەستەبەجێ بکەونە جیهاد کردن. هەڵبەت لە کۆتاییدا تێکڕای حزبە ئیسلامییەکان، مادامەکی قورئان و فەرموودە پیرۆزەکانیان دەکردە پاڵپشتی بەرنامەی سیاسی خۆیان، لە ڕووی فکری و سایکۆلۆژییەوە کەش وهوایەکی تووندوتیژیان دروست کرد. ئەو کەسانەی لە ناو ئەو حزبانەدا کار دەکەن دەبنە قوتابی لەبار بۆ دروستبوونی تووندڕۆیی لە داهاتوودا. هەر بۆیە ئیخوانولموسلمین کە پێیانوابوو لە ڕووی تووندوتیژییەوە لە حەسەن بەننا دوورکەوتوونەتەوە راستگۆ نەبوون، چونکە حزبەکانیان قوتابخانە بوون بۆ دروستکردنی تووندڕۆکانی دوای خۆیان.

لەپاڵ ئەوەدا گرفتێکی دیکە لەناوچەکەدا هەبوو، ئەویش سەرهەڵدانی دەوڵەتی یەهودی یان ئیسرائیل بوو. ئەم دەوڵەتە لەسەر زەمینی بابوباپیرانی یەهود دروست بووە. مێژووی ناوچەکەی ئێمە، مێژوویەکی ئاینی پڕ لە گۆڕانکاری گەورەیە. چونکە پێشتر یەهودیەکان لەو ناوچەیەی ئێستا(ئیسرائیل) ژیاون و دوایی (بەنی ئیسرائیل) بەرەو میسر و بابل کۆچیان کردووە و جارێکی دیکە گەڕاونەتەوە ئەوێ. دوای ئەمە ئاینی مەسیح هاتووە و لە دوای ئەویش ئاینی ئیسلام، یەهودییەکان لە بەرامبەر ئەوانەدا بەرگرییان کردووە.



دینی یەهود، ئاینێکی تووندڕۆ و داخراوە، تەساموح هەڵناگرێت. ئەم ئاینە بووە مایەی مانەوەی جوەکان، چونکە نەتەوەی جو، زمانیان (عیبری) زمانی تەوراتە و فکری نەتەوەیی ئیسرائیلیش لەسەر بنەمای ئاینی یەهود داڕێژراوە، نەک لەسەر ئینتیما بۆ سەرزەمین یان ڕەگەزێکی دیاریکراو.

دەوڵەتی ئیسڕائیل بەهاریکاری ڕۆژئاوا دامەزراوە، ئەوەش لە ڕاستیدا جۆرێک بوو لە سەنگەر گرتنی ئاینی یەهود- مەسیح لە بەرامبەر ئیسلام. ئەم بەرە هاوبەشە تازە نەبوو، مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەوکاتەی کە ئەوروپا لەڕووی ئابوورییەوە زۆر پێشکەوت و یەهودییەکانی ئەوروپاو ئەمریکا لەم بوارەدا بوون بەخاوەنی دەسەڵاتێکی یەکجار گەورە، بۆیە ئەوروپاو ئەمەریکا نەیاندەتوانی و ئێستاشی لەگەڵدابێت ناتوانن ئەم دەسەڵاتە گەورە ئابووری و زانستیەی یەهودییەکان پشتگوێ بخەن. فکری زایۆنیزم ڕەگێکی دەچێتەوە سەر ماسیۆنیەکان، ئەوەش هاندەر بوو بۆ ئەو هاوپەیمانیەتیەی نێوان یەهود و مەسیحیەت. دەشزانین لە ڕووی دینیشەوە ئەو دوو دینەی سەرەوە زۆر لێکدی نزیکن.

پێدەچێ لە بەرامبەر ئەو کارەی یەهودیەکاندا، فکری نێونەتەوەیی ئیسلامی بوژابێتەوە. یەهودییەکان لەناوچەکەدا بوونە هۆکارێکی دیکەی هاندانی تووندوتیژی ئیسلام بەرامبەر بە جوەکان و ڕۆژئاوا، چونکە کاتێک ئەوان گەڕانەوە سەرزەمینی ئەفسانەیی خۆیان، بەتووندوتیژی و پشتیوانیی ڕۆژئاوا ئەو ئامانجەیان هێنایەدی. ئاکامی ئەو هاوپەیمانیەتیە بووە مایەی غەدرێکی گەورە لە عەرەبەکانی ئەو سەرزەمینە. لەهەمانکاتدا نموونەیەکی روونیشە بۆ سوکایەتی کردن بەپیرۆزییەکانی ئیسلام. هەروەسا ئاینی ئیسلام کە ئاینێکی نوێ و

خاوەن تێکستی روونە و لای پەیڕەوانی خۆی پیرۆزییەکی فرە مەزنی هەیە، تەحەمول ناکات لە سەرزەمینی سەرهەڵدانی ئەم ئاینەدا سوکایەتی پێبکرێت. ئەوە بووەتە دروشمێکی سەرەکی بۆ تێکڕای تووندڕۆکان. فاکتەرێکی دیکە بۆ توندوتیژی، یەهودییە توندڕۆکانن کە وەک رەوتێکی کاریگەر لە پاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدان، بەردەوام لە دەرەوەو ناوەی ئیسرائیلدا وایانکردووە کە توندوتیژی بمێنێ.

لە کۆنەوە شەڕێکی ئاینی لەو ناوچەیەدا هەبووە و تا ئێستاش بەردەوامە. یەهودی تووندڕۆ و ئیسلامیی تووندڕۆ بەردەوام لە دژی یەکدی کاریان کردووە، کەواتە دەکرێ تەفسیرێکی ئاینیش بۆ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت.

یەکێکی دیکە لە شێوەکانی توندوتیژی لە فکری سیاسی ئیسلامیدا، ئەزمونی ناو مەزهەبی شیعەیە. ئەوەی تا ئێستا باسملێوەدەکرد ئەزمونی ناو مەزهەبی سوننی بوو. ئەزمونی شیعە بوونێکی تازە نیە. کاتی خۆی کە حەسەن بەننا دەستی بە تیۆریژکردنی بیروڕای ئیسلامی کرد، لە ئێرانیشدا کەسانێک گوێیان لێدەگرت. یەکێکی وەک نەووابی سەفەوی دامەزرێنەری رێکخراوی فدائیەکانی ئیسلام، بەڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی حەسەن بەننادا بوو. هەروەها کتێبەکانی حەسەن بەننا، بەشێوەیەکی فراوان لە ئێران وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی و هەمان شێوازی تووندڕۆیی حەسەن بەننا پەیڕەو دەکرا. لە کۆتاییشدا، نەوابی سەفەوی تووشی هەمان چارەنووس هات کە حەسەن بەننا دیتی: واتە گیراو دواییش لە سێدارە درا. دوای ئەوانە تووندڕۆیی بۆ هەندێک رێکخراوی دیکە گواسترایەوە، یەکێک لەوانە رێکخراوی موجاهیدنی خەڵکی ئێرانە کە رێچکەی خۆی ون کرد، ئێستا لە ململانێی سیاسیدا بووەتە حزبێکی



نیوەئاینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا روکاری مەزهەبی بەسەردا زاڵترە لە عەلمانێتی.

لە دینی ئیسلامدا دوو مەزهەبی شیعە و سوننە هەیە، ئاشکرایە کە هەردوو مەزهەبەکە موسڵمانن، بەڵام لە وردەکاری فقهیدا یەکدی قەبوڵ ناکەن، هەربۆیە ئەزمونی جوڵانەوەکانی ئیسلامی لەناو دەسەڵاتەکانی سوننەدا، بەدوور نیە لە کاردانەوەیان لەبەرامبەر هەڵگەڕانەوەی شیعەکان لە دژی دەسەڵاتە سوننی مەزهەبەکانی سەردەمی ئەمەوی و عەباسی وئەوانی دیکە. شیعەکان هەندێک جار پەنایان بۆ تەسەوفیش بردووە، وەک رێگایەک بۆ بەرگری لەخۆکردن بەکاریانهێناوە. ئەو دیاردەیە تا هاتنەسەرکاری سەفەویەکانیش کە ئێرانیان کرد بە شیعە،بەردەوام بوو.

مەزهەبی شیعە لە ئێران، لە چاو مەزهەبی سوننی لە جیهانی ئیسلامیدا، تێکەڵاویەکی زیاتری لەگەڵ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ئیجتیهاد کە لەناو مەزهەبەکەدا هەیە و کرانەوەیەکی پترو تەفسیری نوێ و فرەیی لە بۆچووندا هەیە، هەربۆیە بەبێ دەخالەتی ئایەتوڵڵاکانی شیعە هیچ گۆڕانکارییەکی سیاسی لەئێران نەکراوە. دواین نموونەش ئەزموونی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینییە، کە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەوە سەریهەڵداو بەشێوەی تایبەتی خۆی هاتەسەرکار. کە دەڵێم بەشێوەیەکی تایبەتی، مەبەستم لە هاتنە سەرکاری ئەو ڕەوتەیە کە شێوازێکی تازە و جیابوو لە هەموو بزووتنەوە ئیسلامیەکانی ناو مێژووی ئیسلام بە گشتی و شیعە بەتایبەتی.

ئیمام خومەینی لەسەر شێوازی مهاتماگاندی، بەپەنابردن بۆ جەماوەر و دروستکردنی هاوپەیمانییەکی فراوانی سیاسی بۆ هەموو لاباڵە نەیارەکانی شا، هەروەها بە پەیڕەوکردنی بەرگریی سەلبیانە واتە ساتیاگراها، شێوازێکی نوێی لەبواری بەرگریی ئیسلامیدا خستەڕوو. هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت و بۆ ئەم ئامانجە، تەنانەت فیشەکێکیان بەرامبەر بە دەسەڵاتی شا نەتەقاند. هەڵبەت کە ڕژێمی ئیسلامی هاتە سەرکار، زۆر بەتووندوتیژی دەسەڵاتی خستەگەڕ و بەپێچەوانەی سەردەمی بەرلە شۆڕش جولانەوەو تائێستاشی لەگەڵدا بێ نەیارەکانی خۆیان بەشێوەکی زۆر تووندوسەخت قەلاچۆ دەکەن. لە دەرەوەی ئێران کەم نەیاری سیاسییان ماوە دەستی شیعە توندڕۆکانی نەگەیشتبێتێ.

کۆماری ئیسلامی ئێران بیروڕایەکی تایبەتی دیکەشی هەبوو کە پێیدەگوترا " بڵاوکردنەوەی شۆڕش یان تصدیر الثورە" بۆ دەرەوەی ئێران. جا لەبەر ئەوەی ئەم شۆڕشە تێکەڵ بەتێڕوانینی مەزهەبی شیعە بوو، لەناو دنیای سوننەدا کڕیاری نەدۆزییەوە. خۆ ئەگەر بهاتایە ئیمام خومەینی یان کۆماری ئیسلامی ئیران لەسەر مەزهەبی سوننە بوونایە، مەفهومی بڵاوکردنەوەی شۆڕش زۆر کاری لەسەر ناوچەکە دەکرد و دەبووە مایەی بووژانەوەی جولانەوە ئیسلامییەکان. دیارە نابێ لەیادمان بچێ کە کۆماری ئیسلامی لە ١٩٧٩ دامەزرا، جارێکی دیکە گیانی وەبەر بزاڤە ئیسلامیەکانی دنیای ئیسلام نایەوە. ئەگەر ناکۆکی لەنێوان شیعە و سوننە نەبوایە، ئەم کاریگەرییە لە چەشنی کاریگەریی ئێران بەسەر شیعەکانی عێراق و باشوری لوبنان دەبوو، کە دەبینین کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیە و ئەوانە خۆیان بە بەشێک لە سیاسەتی جیهانیی ئێران دەزانن.



جۆرێکی دیکەی تووندڕۆیی، ئەزموونی ئیسلامیەکانی سودانە. لەبەر ئەوەی نەتەوەیەکی مەسیحی لە باشوری وڵاتەکەیاندا دەژیت، ئەوەیانکردە بیانو بۆ پەیڕەوکردنی تووندڕوێی ئیسلامی، هەر بۆیە چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی لەوێش پەرەی سەند.

وا دێتەبەرچاو لەهەر وڵاتێک ئاینەکانی غەیرە، بەتایبەتی مەسیحی و یەهودی لەگەڵ موسڵماناندا ژیابن، ئەوا زۆر بەخێرایی تووندڕۆیی ئیسلامی پەرەی سەندوە. نمونەی ئەوانە: پاکستان چونکە هیندستان هەیە، سودان چونکە باشورەکەی مەسیحین، لوبنان چونکە مارۆنی تێدا دەژین. لە هەموو ئەوانەدا حزبە ئیسلامیەکان پەنایان بردۆتە بەر توندوتیژی. ئەفغانستانیش نمونەیەکی دیکەیە دواتر باسی لێدەکەین.

ئەزموونی ئیسلامیەکانی سودان لەوەدا کۆبووەتەوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دەسەڵاتیان بەدەستەوەگرت. تیۆریزانی ئیسلامی حەسەن ئەلتورابی، حکومەتە ئیسلامیەکەی بەر لەخۆی کە سادق ئەلمەهدی سەرۆکایەتی دەکرد، بە کودەتایەک لەسەر کار لادا. لەدواییدا ئەم حکومەتەی ئێستاکە عومەر حەسەن ئەلبەشیر سەرکردایەتیی دەکات و سەر بە حزبەکەی حەسەن ئەلتورابییە، کاتێک ناکۆکی کەوتە نێوان حەسەن ئەلتورابی و عومەر حەسەن ئەلبەشیر، کۆتاییەکەی بەوەهات ئەلبەشیر مامۆستاکەی خۆی خستە ناو زیندانی ئەو حکومەتەی کە بەدەستی خۆی دامەزرا بوو. ئەو بەشەی کە ئەلبەشیر سەرکردایەتی دەکات، حکومەتی لەدەستدایە، بەرەو کرانەوە دەڕوات و دەیەوێ لە تووندڕۆیی ئیسلامی دوور کەوێتەوە. ئەزمونی حکومەتی ئیسلامی سودانیش بەبێ هیچ نەتیجەیەک کۆتایی هات.

لە سەرەتادا، تووندڕۆیی ئیسلامیەکانی سودان هیچی لە شوێنەکانی دیکە کەمتر نەبوو، بەڵام چونکە سودان لە چاوی جیهان بە دوور بوو،

قەبارەی کارەساتەکە ئاشکرا نەکراوە. توندڕۆکانی سودان هانی کۆیلەدارییان دەدا، ژن و منداڵی خەڵکی مەسیحی باشوریان بەدیل دەگرت ولە بازاڕەکانی سوداندا دەیانفرۆشتن. ئەوە چەند ساڵێکە ئەم بابەتە بووەتە جێگای بایەخی ڕێکخراوەکانی چاودێری مافی مرۆڤ.

ئەزموونی ئەفغانستانیش هەیە. ئەویش وڵاتێکە چارەنووسی وابوو پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی تێدا هێواش بێت. چونکە سنوری هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا بوو، لایەکەی دیکەی وڵاتی چینە، سنورێکی زۆریشی لەگەڵ ئێرانی شیعە و پاکستانی توندڕۆی سوننەدا هەیە، کە هەموویان سەر بە بەرەی دژی سۆڤێت بوون. بۆیە ناکۆکی لەسەر ڕۆلی ئەفغانستان گەرم بوو. لایەنە پێکناکۆکەکان پێیانوابوو کە دەبێ ئەو ناوچەیە یەکلا بکرێتەوە. ئەگەر سۆڤێت داگیری کردبایە، ئەوا ڕوسەکان لە کەنداو نزیک دەکەوتنەوە. جا دوور نیە لە ساڵی ١٩٧٣، محەمەد زاهیرشا بەدەستی خودی ڕۆژئاواییەکان لادرابێت، چونکە ناوبراو پادشایەکی هێمن بوو، لەژێر کاریگەریی کەلتوری بودایی و تەسەوفی کۆندا، بیری لەوە دەکردەوە کە وەک پاشای نیپاڵ، بە تەساموح و هێمنی و کرانەوە، وڵاتەکەی بەرەو پێشەوە بەرێت.

لە نەهامەتی و بێشانسیی ئەفغانستان بوو کە ئەم پاشایە و سیستەمەکەی لادران. کاتێک دوای ئەو، ڕژێمی ئەفغانستان لە پاشایەتییەوە گۆڕا بۆ کۆماری، زۆری نەخایاند، سۆڤێت وایکرد کۆمۆنیستەکان کودەتا بکەن. هاتنی کۆمۆنیستەکان لەلایەک ئەمەریکا و ئێران و پاکستانی تەنگاو کرد، لەلایەکی دیکەوە هەستی ئیسلامیی ناوچەکەشی وروژاند، چونکە لە تەنیشت ئەفغانستان کشیمر هەیە کە نیوەی لەدەستی هیندستاندا ماوە و خودی پاکستان سەرچاوەیەکی بەهێزی توندڕۆیی ئیسلامیە لە بەرامبەر هیندستاندا. کە لە ئەفغانستان



کۆمۆنیستەکان هاتنەسەرکار ( بەڕاستیش لەسەرەتادا بەڵگەیان دایە دەستی ئیسلامیەکان تا تەحەمولیان نەکەن) بەخێرایی جولانەوەی بەرگریی ئەفغانی مۆرکی ئیسلامی وەرگرت. ئەو مۆرکە ئیسلامیە لەلای ڕۆژئاواوە هاندراو پشتیوانی لێکرا. هەموو دەرگاکان لەسەر بزاڤی ئیسلامی کرانەوە بۆ ئەوەی ئەو پەڕی توندڕۆیی پەرەبسێنێ و بتوانێ حکومەتی کۆمۆنیستەکان لە ئەفغانستان بڕوخێنێ.

ئەو ئیسلامیانەی بە موجاهیدین ناسرا بوون و ڕژێمی کۆمۆنیستیان ڕوخاند، ئەو کەسانەن کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانیەکی بێسنوریان لێدەکرا. هەروەها لەلایەن عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانانی ئەمەریکاوە پشتگیریان لێدەکرا. خودی تالیبان بەرهەمی فکری ناوەندە ئیسلامیەکانی پاکستانە. ئێستا وا وردە وردە دان بەوەدادەندرێت کە چۆن و لەپێناو کام ئامانجی ئیقلیمیدا بزووتنەوەی تالیبان دروست کرا. ڕۆژاواو هاوپەیمانەکانی لەدواییدا ئیتر پێیان کۆنترۆڵ نەکرا، کارتەکە لە دژی ڕۆژئاوا وەرگەڕا. بە کۆتایی هاتنی کۆمۆنیزم، هیچ بیانویەک بۆ بەردەوامی پشتیوانیی ڕۆژئاوا لە ئیسلامیەکان نەما. لەولاوە مەسەلەی فەلەستین و کشمیر وەک خۆیان مانەوە. کاریگەریی جیهانگیری (گلۆبالیزەشن)، چەمکی نوێی تێکەڵبوونی فەرهەنگەکان، هێرشی شارستانیەت وکەلتوری ڕۆژاوا بۆ ناوچەکە، پەرەسەندنی چەمکی دیموکراسی وکۆمەڵگای مەدەنی، لەگەڵ ئەوانەشدا دروستبوونی کێشەی کۆسۆڤۆ، چیچان و بۆسنیا، ئەوانە هەرچەندە خاڵی لاوازترن، بەڵام چەند فاکتەرێک بوون بۆ تیژکردنی پشووی جیهادی ئیسلامی.

ڕۆژگارێک ئەمەریکا و ئەوروپا کەوتنە بەرامبەر پرسی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ناچار بوون چیچانیان بەو شێوەیە مامەڵەکرد کە دیمان و توندوتیژی لێکەوتەوە. لە کۆسۆڤۆ

چارەسەرێکی غەیرە ئیسلامییان کرد، لە بۆسنیاش هەروەها.
ئەفغانستان لە ئەنجامی تیرۆانینی تالیبان بۆ بەڕێوەبردن و سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی، بووە دۆزەخێک تەحەمول نەدەکرا و بە سوکایەتی کردن بە کەرامەتی مرۆڤایەتی دهادەندرا. ڕۆژاوا ناچار بوو دەستیکرد بە رەخنە لێگرتنیان. ئەفغانستان بووە پایگایەکی فراوان بۆ هەموو توندڕۆکانی دژی ڕۆژاوا ــ کەچەند ساڵ لەوەوپێش بە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی دژی سۆڤێتی کۆمۆنیست هاوکاری دەکردن. ئێستا دەبینین وا جەنگی سێیەمی جیهانی لەدژی تیرۆر، لە ئەنجامی ئەو توندڕۆییەی کە ڕۆژاوا پیشتوانیی لێدەکرد، لە نێوان ڕۆژئاوا و توندڕۆ ئیسلامیەکان دروست بووە.

هەڵبەت ئەوە لایەنی دیکەشی هەیە: ئەم توندڕۆییە تەنیا تەعبیر لەجیاوازی ئاین ناکات، بەڵکو ڕەنگ لە کێشەی شارستانیی و فەرهەنگیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەداتەوە. لەوەدەچێ ئەوە تەحمولنەکردن و هەڵچوونی فەرهەنگی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی بێ لە بەرامبەر کرانەوەی دەرگاکاندا. ڕۆژهەڵات نایەوێ دەرگاکانی خۆی بکاتەوە، ناوێرێ بەستەڵۆکی کۆمەڵایەتی بشکێنێت و ڕێگا بۆ سەربەستی تاک و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وسیستەمی دیموکراسی بکاتەوە چونکە ئەو چەمکانە جیهانیانە ڕۆژهەڵات دەخەنە بەردەم ریفۆرمێکی سەرتاپاگیر.

دوای دارمانی کۆمۆنیزم قۆناغێکی نوێ دەسپێکرد و جیهان بووە یەک جەمسەر و کێشەکانی خستە ناو یەک هەرێم کە پێیدەڵێن جیهانی تازە. ڕەوتی نوێ دەیەوێ دنیا وەک یەک گروپ بیربکاتەوەو بەرەو ئەوەش دەچێ کە وەک وڵاتێک حوکمی بەسەردا بکات. ئەوە سەرباری مانەوەی ناوچە ئاڵۆزەکانی لەبابەت کشمیر و فەلەستین و کوردستان



وهەندێ شوێنی دیکەی پڕ لە گرفت. لەم زەمانەدا زۆر بە ئاسانی بایەخ بە هەموو گیرو گرفتەکانی ئەملاو ئەولای دنیا دەدرێت. ئەوانە هاودژەکانی ئەم ڕۆژگارەن کە بەیەکەوە دەژین. تا ئێستا سیستەمی تازەی جیهان نەیتوانیوە بە جارێک هەموو گرفتەکان چارەسەر بکات، تا بێت بیر لە ئەلتەرناتیڤەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری هەمەگیر بکاتەوە. ئەو ئەلتەرناتیڤەی ئێستا گوشار دەخاتە سەر ناوچەکەمان، زۆر ئاساییە کە توندڕۆیی لەبەرامبەردا قوت بۆتەوە.

نابێ ئەوەشمان لە بیربچێ کە ئەوەی پێیدەگوترێ جیهانگیری، لە پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بەرهەمی شارستانیەتی ڕۆژئاوایە و لە ئاینی مەسیحییەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. ئەوە جیا لە هەست بە کەماسیی کردنی عەرەب و فارس لە بەرامبەر پێشکەوتنی ڕۆژاوادا، ئەوانە زۆرینەی وڵاتانی ئیسلامی پێکدێنن و پێیانوایە دەبێ ڕۆڵێکی مەزنتریان هەبێ و خۆیان بە خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەند دەزانن و ئاینێکیان هەیە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا باڵادەست بووەو رۆلی بەرچاوی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گێڕاوە. فەلسەفە و شەریعەت و سیستەمی حوکمڕانیی لەم ناوچەیەدا سەریهەڵداوەو دوایی گوێزراوەتەوە بۆ ئەوروپا،کەچی ئێستا عەرەب خۆیان دەبینن لە بەرامبەر ڕۆژاواییەکاندا وەک پاشکۆ ماونەتەوە و فەرهەنگ و زمانی عەرەبیش کەوتۆتە ژێر پاڵەپەستۆ. عەرەب ئەم حاڵەتەی پێی قبوڵ ناکرێ. ئەوان باش دەزانن ئەگەر لە ماوەیەکی کورتی ئایندەدا شارستانیەکەیان شان بە شانی فەرهەنگی گەلانی دیکە نەڕوات، ئەوە بەرەو هەڵوەشان دەچێ. هەموو ئەوانە هۆکارن بۆ دروستبوونی ئەم بەرەنگارییەی لە سیاسەتدا خۆی نیشان دەدات. ئێستا ترسێکی فراوان باڵی بەسەر ڕۆژهەڵاتی موسولماندا گرتووە، ئەم ترسە تەنیا ئیسلامیە

توونده‌ڕۆکانی نەگرتۆتەوە، بگرە ڕۆشنبیرانی عەرەب و فارس و سیاسیەکانی ئەوانیشی داگرتووە.

دەبینین ئەو سیاسیانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و لەوڵاتانی عەرەب و ئیسلامیدا دیکتاتۆریانە حوکم بەڕێوەدەبەن، لە ناوخۆی وڵاتەکانیاندا ئۆپۆزیسیۆنیان هەیە. ئۆپۆزیسیۆن بە چەپ و ڕاست و ئیسلامی توندڕۆ لەگەڵ فەرمانڕەوایان، هەر هەموویان لە ژێر ئەم کەشە ترسناکەی دروست بووە دەژین و هەر یەکەیان بە شێوەی تایبەتی خۆی تەفسیر بۆ ئەو تارماییە دەکات و بەشێوەی تایبەتی خۆشی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بۆنموونە کاتێک حوسنی موبارەک قسە دەکات، یان فاروق ئەلشەرع لە سوریا دەدوێ، خامەنەیی لە تاران هەڵوێست دەنوێنێ، ئیدوارد سەعید لە ئەمەریکا دەنووسێ یان کۆمۆنیستێکی ناسراوی وەک مەحمود ئەمین ئەلعالەم قسە دەکات، هەموویان باسی جۆرێک لە بەرەنگاری و مانەوە و دەرگا داخستن لەسەر فەرهەنگ و شارستانیەتی ڕۆژاواییدا دەکەن، ئەوەی پێیدەگوترێ جیهانگیری.

دەنگێک هەیە دەڵێ: دەبێ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگاکان بپارێزرێن، بەڵام ئەگەر ئەمە لە سەر حیسابی پێشکەوتن و دیموکراسی و بە مرۆیی کردنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بێت، پێموانیە ئایندەیەکی هەبێ. کاتێک ئەمەریکا لەژێر ناوی دژایەتی تیرۆر شەڕی ڕاگەیاند، هیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی- ئیسلامیی نەیتوانی جوابجەنگی بکات، هەموو پێکەوە پشتگیرییان کرد، بەڵام دوایی وردەوردە وا لێی پاشگەز دەبنەوە. ئەگەر ئەمەریکا پێشڕەویی فەرهەنگی و سوپایی و تکنۆلۆژیایی خۆی توندتر بکات، وێناچێ مەسەلەیەک بمێنێ وڵاتانی ئیسلامی لەسەری یەکبگرن. تەنیا ترسێک هەیە، ئەگینا هیچ



بنەمایەکی هاوبەش پێکیان نابەستێتەوە. بۆیە بەرگرییەک دەکەن کە بێ ئایندە و ئەنجامە.

ئاینی ئیسلام کە لە کاتی خۆیدا خزمەتێکی یەکجار زۆری فکر و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی کرد، لە دنیادا ئەزموونێکی نوێ بوو و کاریگەری بەسەر ئاینەکانی دیکەوە هەبوو، چونکە جیهانگوشایی ئیسلام، بە تایبەتی داگیرکردنی بەشێکی زۆری ئەورووپا، ئەوانی گەیاندە قەناعەتێک کە پێویستە بەخۆیاندا بچنەوە. ئەمە بووە هۆی ڕکابەرییەک تا ڕۆژاوا ڕۆڵێکی دیکە بەخۆی بدات. ئەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی وایکرد ئەورووپا لە ڕووی فکری و کۆمەڵایەتیەوە زوو پێشبکەوێ. ئیسلام تا قوڵایی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئیسپانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا ڕۆیشت، لەوکاتەدا بوو کە پرۆتستانت و کرانەوەی فکری سەریهەڵدا. ناڵێم ئەوانە هەمووی ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری هێرشی ئیسلامدا بوونە، بەڵام لە پاڵەپەستۆی ئیسلام بە دوور نەبووە. یەکێک لە کەموکوڕییەکانی بەستەڵەکی ئیسلام ئەو قوفڵە زلەیە لە دەرگای بیری خۆی داوە، وایکردوە ئەم فکرە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە توانای پێشکەوتنی نەمێنێ. کەچی ئیسلام دەیتوانی وەک ئاین و تێکستی پیرۆز بمێنێتەوە (چونکە ئاین دەستکاریی ناکرێ)، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن هەیە نوێ بکرێتەوە. داهێنان و خۆگونجاندن لە مێژووی ئیسلامدا دیاردەیەکی تازەو غەریب نیە. کارێکی لەم چەشنە،بە بازهاویشتنی زۆر گەورەی مێژوویی دەژمێردرێ و ئەم ناوچەیە بەرەو پێشەوە دەبات. ئەمڕۆ لە کێشەی نێوان شارستانیەکاندا، ئیسلام و دنیای ڕۆژهەڵات زۆر لەدواوەن، لە کاتێکدا کە ئەم ناوچەیە، مەڵبەندێکی فکری و فەرهەنگیی مێژوویی گەورەیە و لانکەی سەرهەڵدانی هەموو بیر و

شارستانیەکانی دنیایە. شارستانیی و کەلتوری میزۆپۆتامیا و میسر و ئێران کە شارستانیی هیند و چینیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و پەرەی پێدابوون، ئەوانە هەموویان تێکەڵ بە یەکتری ببوون، دەیانتوانی نموونەیەکی زۆر جوان بۆ پێشکەوتنی رۆژهەڵات دابین بکەن. کاتێک ئەوە نەکرا، ئەلتەرناتیڤی دیکە هاتنە پێشەوە کە داخراویی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی خۆیان، نادیموکراتی بوونی سیستەمی سیاسی و پەنابردنی ئیسلامیەکان بۆ بەئایدۆلۆژیا کردنی ئیسلام تا ئەوپەری توونددوتیژی کە ئەمڕۆ لە هەموو دنیادا بووەتە سیمای بەرەنگاربوونەوەیەکی پاشکەوتووانەی دژی بەها پێویستەکانی مرۆڤایەتی.لێرەدا نامەوێ مۆرکی نامرۆڤانە بدەمە پاڵ رۆڵی کۆمەڵایەتیی ئاین،بەڵام ئەو رەوتە سیاسیەی کە لە راستیدا مەبەستی پاراستنی ئاین نیە، بەڵکو دەیەوێ لەمپەر لەڕووی پێشکەوتندا دروست بکات و مەبەستی داخستن و چەقین و مانەوەی رۆژهەڵات و مانەوەیەتی لەم حاڵەتە نائاساییەیدا، بەرەنگارییەکی بێهودە دەکات کە هیچ ئەنجامێکی نابێ و لە ناوەرۆکدا دیفاع لە پێشکەوتن وکەرامەتی مرۆڤ ناکات. بۆیە ئێستا کە باسی رەوتی ئیسلامی دێت، هاوتەریب دەبێ لەگەڵ تیرۆریزم. کەواتە دینی ئیسلام بە ناهەق، کراوە بە قەڵغان و ئایدۆلۆژیا بۆ تیرۆر،ئەوە لەڕاستیدا نەدەبوا وابێت. نابێ ئاینی ئیسلام بکرێ بە سەرچاوەی فکر بۆ تۆقاندن.

تیرۆریزم ئامانجی سیاسی هەیە چونکە ئەوانە سیاسەتکارن و داکۆکی لە سیستەمی کۆن و داخراویی کۆمەڵایەتی دەکەن، لەو پێناوەشدا پەنا بۆ ئاینی ئیسلام دەبەن. لەوەدایە کە پێموایە غەدر لە ئاینی ئیسلام کراوە.



تیۆری خاتەمی لە ناو شیعەدا باس لە کرانەوە، کۆمەڵگای مەدەنی و تایبەتمەندییەکانی رۆژهەڵات و ئیسلام دەکات، ئەوە تێڕوانینێکی نوێیە و جورئەتێکی گەورەی ئەو لایەنەیە کە نایەوێ ئیسلام بە توندتیژی بکەوێتە بەرگری کردن. ئەو روانگایە داوا دەکات کۆمەڵگای موسوڵمان بیر بکاتەوە، وەک خۆی بەشداری گۆڕانکاریەکانی جیهان بکات و شان بە شان پێشکەوتن بەدەست بهێنێ، بەتایبەتی لەو مەسەلەی پێیدەگوترێ کێشەی شارستانیەکان. هەر بۆیە دەبینین خاتەمی بۆ خۆی لەوەش تێپەڕی و گوتی پێویستە گفتوگۆ تەنیا لە نێوان شارستانیەکاندا نەبێ، لە نێوان ئاینەکانیشدا دەستپێبکات. هەر لەو روانگایەوەیە کە ئێستا لە ئێراندا دەیانەوێ رێزێکی پتر لە ئاینەکانی دیکە بگرن، باس لە پلۆڕالیزمی ئاینی دەکەن، کە ئەمە جورئەتێکی زۆری تێدایە.

لەکۆتاییدا کام لایان براوەی ئەم ململانێیە دەبێ؟ بە بڕوای من ساویلکانەیە ئەگەر بڵێین رۆژئاوا بە هێز تەکنۆلۆژی و زانیارییەی خۆی دەیباتەوە، بەڵام ئەگەر براوەش نەبێ، هەندێک شت دەسەپێنێ، یەکێک لەوانە تەناهییە. مادامەکی رۆژهەڵات بۆ خۆی نەتوانێ ئاسایش دابین بکات و دەشبێتە هەڕەشە لەسەر رۆژئاوا، ئەوا راستەوخۆ ئەو شەرعییەتە بە رۆژئاوا دەدات ئەمنیەتی جیهان دابین بکات. ئەوەش دەستی رۆژاواییەکان لە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دنیادا دەکاتەوە. لەڕووی فەرهەنگییەوە ئێستاش رۆژهەڵات و کەلتوری ئیسلام توانای گفتوگۆ و بەردەوامیی ماوە و لە فەرهەنگی داهاتووی جیهانیشدا جێگەی تایبەتی خۆی دەبێت. ئەگەر پرۆسەکە بەم ئاراستەیە نەڕوات، ئەوەی لە کۆتاییدا دەیدۆڕێنێت ناوچەکەی ئێمەیە،ئەم دۆڕاندنەش دەبێتە کارەساتێکی یەکجار گەورە. ئەفغانستان نموونەی ئەم کارەساتە گەورەیەیە کە دەبینین وڵاتێکی هەژاری بێدەسەڵات، خڕایە ئەو

بەرەنگاربوونەوەی کە خۆی وێران کرد و بۆ هەموو دنیاش بووە داکەمارانەی قەیران. ئەی ئەگەر هەموو رۆژهەڵات بەرەنگاریی کرد، دنیا چی لێدێت؟ کەواتە دنیا بەرەوڕووی گرفتێک دەبێتەوە کە بە چەک چارە سەرناکرێت و دەبێ لە کۆتاییدا لێکدی حاڵیبوونی تێدابێت.

ئەرێ ئەم لێکدیحاڵیبوونە چۆنە؟ لێکدی حاڵیبوون رێگاچارەی تایبەتی هەیە ئەویش دیموکراسی، مافی مرۆڤ، تەکنۆلۆژیای زانیاری، پێشکەوتنی ئابووری و ئیدارەی مرۆییە لە بەرامبەر بیروڕای کەسانی وەک بن لادن و مەلا محەمەد عومەردا کە بوونەتە بیردۆزی ئیسلامی و جیا لە چاوبرکێ لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی بەدەویانەی کۆن هیچیدیکەیان پێ نیە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی خاوەنفکرانی ئیسلام، بەشی ئەوەندە دەرگای والای تێدایە کە ئەو دینە بتوانێ بە رۆشنبیران و بەشە عەلمانیەکەی کۆمەڵگاوە بەشداری لە پێشکەوتنی دنیادا بکات و مۆری خۆشی وەک تایبەتمەندییەکی رۆژهەڵاتی لە فەرهەنگ و ئەزموونی جیهانی بدات. وەک چۆن چین و ژاپۆن وایانکرد. ئەوان وەک خۆیان پێشکەوتوون. ئەگەر سەیری تورکیا بکەین دەبینین ئەوێش وا خەریکە وەک خۆی پێشدەکەوێت. پێویستە لەم ناوچەیەدا دیراسەی ئەو ئەزموونانە بکرێ کە ناومان هێنان تا رێگاکان بدۆزرێنەوە.



## فکری سیاسیی ئیسلامی چۆن لە کوردستاندا سەریهەڵدا؟

ئەگەر لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستان بکۆڵدرێتەوە،دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو راستیە کە بزووتنەوەکە لەسەردەستی گەورە پیاوانی ئاینی سەریهەڵدا. ئەو سەرکردە نەتەوەیی و نیشتمانیانە، رۆشنبیرانی زۆر گەورەی ئاینی، سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بوون. ئەمە بابەتێکە تا ئێستا بەوردی لێینەکۆڵدراوەتەوە. خۆ ئەگەر باش دیراسەت بکرێت،دەشێ وەک ئەزموونێک لە ناوچەکەدا سوودی لێوەربگیردرێت.

شێخ عوبەیدوڵلای نەهری،جیا لە شێخێکی مەزن،سۆفییەکی شۆڕشگێڕو عارفێکی یەکجار مرۆدۆست و مەلایەکی گەورە بوو. هەر ئەو یەکەمین سەرکردەی نەتەوەیی کوردە کە بۆ یەکەمجار نیشانەکانی فکری نەتەوەیی لەسەردەستی ئەو هاتە ناو ژیانی سیاسی کوردستان. وێستگەکانی دوای ئەو تا دەگاتە سەید رەزا، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمود، قازی محەمەد و بارزانی نەمر، هەموویان لەسەر یەک رێبازو رێچکەن، بەڵام هەریەکەیان لەسەردەمی خۆی و بەپێی پێشکەوتنی ئەو قۆناغەی کە تێدا سەریانهەڵداوە، روانینی تازەو نوێتریان بۆ کامڵ کردنی فکری نەتەوەیی پێشکەش کردووە.

ئەوەی بەفکری رەسەنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ناوی دەبەین، بەکورتکراوەیی پێیدەڵێن "کوردایەتی"، بریتییە لەهەموو ئەو مەبدەئانەی یارمەتی رزگاری کوردستان و پێشکەوتنی کۆمەڵ دەدەن بەرەو سەقامگیری، دوور لەهەموو جۆرە توندڕۆیی و

پاشکەوتنخوازییەک. ئەمەیان پێیدەگوترێت "ڕێبازی بارزانی". مستەفا بارزانی،مەلایەکی ڕۆشنفکری سەردەمی خۆی بوو. ئەم بابەتە لە ڕاستیدا خۆی جێگای لێوردبوونەوەیە،تا ئەمڕۆ کە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمە، ئەو کەلەپوورەی بارزانی نەمر لە دوای خۆی بەجێیهێشتووە، هیچی دژایەتی لەگەڵ پرەنیسپەکانی دنیای ئەمڕۆدا نیە. وەک ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، پاراستنی مافی مرۆڤ و ئەو بنەمایانەی کە کۆمەڵگای مرۆیی لەسەری پێشدەکەوێت.ئەمە پێویستی بە هەڵوەستەیەک هەیە چونکە کەموکوڕییەک لە ناو لێکۆڵەرەوانی بواری فکری لە کوردستاندا هەیە ئەویش تا ئێستا بەجدی ودیقەتەوە دیراسەی تێڕوانین و کەلەپووری بارزانی بەهەموو ڕووەکانیەوە نەکراوە،بەتایبەتی لەو ڕوانگایەوە کە مەلایەکی ڕۆشنبیر،یان ڕۆشنبیرێکی ئاینی و سەرکردەیەکی سیاسی بووە. نامەوێ پروپاگەندەی سیاسی بکەم،مەبەستم لێوردبوونەوەیە بۆچی حزبەکانی دیکەی ئیسلامی لە کوردستاندا نەیانتوانی لە کۆمەڵگای ئێمەدا هیچ ڕۆڵێک ببینن؟

مێژووی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کورد لەسەر دەستی ئەو شاعیرو نووسەرو عارفانەی کۆمەڵگای کورد پێگەیشتووە.هەموو ئەوانە لە مزگەوت و تەکیەو خانەقاکانی کوردستان گەورە بوون و پێگەیشتوون.مزگەوت و خانەقا و تەکیەکانی کوردستان جیا لە ناوەندی ئاینی،مەڵبەندی ڕۆشنبیریش بوون.بەدرێژایی سەدەو نیوەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەشێوە سەرەتاییەکەی سەریهەڵداو گەیشتە قۆناغی ئەمڕۆ کەچی شتێک بەناوی فکری سیاسی ئیسلامی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دروست نەبوو واتە هیچ ڕەوتێک جیا لە نەتەوەیی و



نیشتمانی،نەیتوانیوە وەک دیاردەیەکی ناو کۆمەڵی کوردەواری دەست بەجموجۆڵی سیاسی بکات. لەسەردەمی عوسمانییەکاندا شتێک بەناوی بزووتنەوەی ئیسلامی لەناو وڵاتی ئێمەدا سەری هەڵنەداوە. هەر چەند نامەوێ بچمە ناو ئەم باسەوە، بەڵام تێکڕای ناوەندە ئاینییەکان وەک یەک نەبوون. هەروەک بەڵگە مێژووییەکان شاهیدن، لەدژی شێخ عوبەیدڵڵای نەهری و ئیمارەتە کوردییەکان،کەسایەتیی ئاینی واهەبوون کە هەڵوێستی نانیشتمانیان هەبووە. من هەڵوێستی جیاجیای کەسایەتییە ئاینیەکانی ئەو کات ناخەمە سەرحیسابی بزووتنەوە سیاسیە ئیسلامیەکانی ئەمڕۆ چونکە ئەو کەسایەتییانە سیاسی نەبوونە. کەسانێکی وەک مەلای خەتێ نموونەی ئەو کەسایەتییە ئاینیانەن کە لە مێژوودا ناویان هاتووە. ڕەنگبێ زۆر خەڵکی دیکەی لەو بابەتە هەبووبن بەڵام ناویان لە مێژوودا تۆمار نەکراوە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەم، لە ساڵانی سی بەولاوە کە فکری ئیسلامی سەریهەڵدا، لە کوردستانیشدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودی حەفید لەکاردا بوو،دواتر شۆڕشەکانی بارزان دەستیان پێکرد کەچی لە عێراق و کوردستان جموجۆڵێک بەناوی ئیسلامی نەبوو حیسابی بۆ بکرێ.هەر چەندە بزووتنەوەی ئیخوان ئەلموسلمین پەیدا ببوو،بەڵام ئیخوانەکان لەسوریا مانەوە،وەک ڕێکخستنی سیاسی یان بە شێوەی کەسایەتی کاریان کردووە.ئەوانە کاریگەرییان هەبووە و هەڵوێستیان لەخۆیان نیشانداوە. بەو شێوازانەی کە باسمانکردن خۆیان خستۆتەڕوو،بەڵام سەرکوت کراون.لەبەرامبەر ئەمە لە عێراقدا ئەو پەرەسەندنەیان بەخۆوەنەبینی. ڕەنگبێ ئەمە بگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییە ئاینیەکانی عێراق. ئەم دەوڵەتە پێکهاتووە لە دوو مەزهەبی شیعە و سوننە. پەیوەندی نێوان ئەو دوو

مەزهەبە زۆر ناخۆش بووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ئێران لەسەر پەیڕەوانی شیعە.لەسەردەمی قاجارییەکانەوە کە بزاڤی سیاسی لە ئێراندا بە فکر،فەلسەفە و تێڕوانینی نوێ بۆ کۆمەڵ دەستپێکرد،شیعە و ئایەتوڵڵاکانیان بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبوو.هەر کاتێک لە ئێران ئایەتوڵڵایەکی شیعە یان سیاسەتکارێکیان تەنگاو دەکرا،پەنای دەبردە نەجەف و کەربەلا. شیعەکانی عێراقیش بەردەوام پێگەیەکی یاریدەدەر بوون بۆ بزووتنەوەی سیاسی و ئاینی لە ئێران. زۆر جار فەتوای مەترسیدار کە پاشای پێ تەنگەتاو بووە،لە نەجەف و کەربەلاوە دەردەچوو. دەکرێ نموونەی ئیمام خومەینی بێنینەوە کە تا دوارۆژانی روخاندنی محەمەد رەزاشا هەر لە نەجەف بوو. حاڵ لە زەمانی شۆڕشی مەشروتە هەر وابوو.لەوەشڕا ململانێ لە نێوان سیاسەتی ئیستعماری بەریتانیاو حکومەتی قاجار هەبوو،چونکە لەناو ئێراندا روسەکان دەستیان لە ئینگلیزەکان درێژتر بوو،کێشە لە نێوان روسیا و ئینگلیزدا تووند بووە. بەردەوام ئێرانییەکان وایاندادەنا کە بەرژەوەندییەکانیان بۆ دابینکردنی سەربەخۆییەکی رووکەش،روسەکان باشتر لێیتێدەگەن تا ئینگلیزەکان.هەروەها نفوزی پیاوانی ئینگلیزو روس لەناو دەرباری ئێراندا چەند بوایە،هێندە کاریگەری بەسەر هەڵوێستی ئایەتولاکانی ئێران و حکومەتی ئێراندا زیاتر دەبوو. لە ئەنجامدا ئینگلیزەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە شیعەکان وەک فکری سیاسی،هاوکاری بەرژەوەندیی بریتانیا ناکەن. بۆیە کاتێک عێراق دروست بوو،رێگە نەدرا دەوڵەتێکی شیعەی بچووک لە شێوەی کوێت بەسەرکردایەتیی "شێخ خەزعەل" لە ناوچەی خوزستان دروست بێت. دوای رۆیشتنی عوسمانییەکان و دەستپێکردنی سەردەمی ئینتدابی بەریتانیا، پاشماوەی



عوسمانیی کۆکرانەوە وکران بە کەرستەی سیاسی و ئیداریی حکومەتی ئێستای عێراق (بە کوردو عەرەبەوە)، بەبێ ئەوەی هیچ دەورێک بە زۆرینەی شیعەی ئەم وڵاتە بدرێت.لەو حاڵەتیشدا کەسانێک بەناوی فکری ئیسلامی نە رۆڵێکی ئەوتۆیان هەبوو و نە لەسەر گۆڕەپانکە دیار بوون.

ئیخوان ئەلموسلمین کە سەرچاوەکەیان لە میسرەوە بوو،بۆ سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ تەعبیر لە تێڕوانینی دۆگمای سوننی زۆر سەلەفیانە دەکەن. لە عەرەبستانی سعودیدا وەهابییەکان دەمێک پێش ئیخوان ئەلموسلمین و لەسەردەمی عوسمانییەکان وەک رەوتێکی مەزهەبی لەناو سوننەکاندا سەریانهەڵدا،ناوچەی جەزیرەیان گرت و سعودیەی ئەمڕۆی لێدروست بووە. سعودیەکان لە ئاینی ئیسلامدا پەیڕەوی فتوا و تێڕوانینی وەهابی دەکەن و زۆر لە فکری ئیخوان ئەلموسلمین نزیکن،هەر بۆیە جگە لەو رۆڵەی کە پێشتر لە هاوپەیمانییەتی سیاسیانەی ناوچەکەدا،لە بەکارهێنانی پیرۆزییەکانی ئاین لە وڵاتەکەیان(کە قبلەو مەرکەزی جیهانی ئیسلامە) دەیاندیت،لەهەمان کاتیشدا ئەو لێکدی نزیکبوونەی تێڕوانینی وەهابییەکان و ئیخوان ئەلموسلمینەکان،هۆکارێکی یاریدەدەری دیکە بوو تا ئیخوان ئەلموسلمینەکان روو لە سعودیە بکەن ولەوێ بگیرسێنەوە. هەڵبەت دوای ماوەیەک ململانێ لە نێوانیاندا دروست بوو. جگە لە گۆڕانکاریەکانی جیهان، شتێکی دیکە لە سعودیە هەیە ئەویش بنەماڵەی ئال سعود دەسەڵاتدارەو رێگا نادات چالاکی سیاسی لە شێوەی رێکخستنی حزبی دروست بێت،کەچی ئیخوانەکان کەلەپورێکی سیاسییانەی رێکخراوەییان هەیە.ئەمە لە ئەنجامدا بوو بە ناکۆکی و ململانێ لە نێوان سعودیە و ئیخوانەکان.

لێ سەبارەت بە کوردستان، کاتێک شۆڕشی ئەیلول دەستپێکرد،مستەفا بارزانی دەرگای لەبەردەم کەسایەتیە ئاینی و نیشتمانییەکاندا کردەوە. دیسان فکری سیاسیانەی ئیسلامی وەک ڕێباز لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا بەگشتی، ون بوو.

هەندێک لە سیاسەتمەدارە ئیسلامیەکانی ئەمڕۆ دەڵێن، لە یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستاندا کاریان کردووە. ئەوەش وەک لاباڵی ڕێکخراوەیی نەبووە بەڵکو بەهۆی نزیکی ئەو کەسانە لە مستەفا بارزانی بووە. هەندێکیان دەڵێن گوایە پەیوەندییان بە ئیخوانەکانەوە هەبووە. هەڵبەت لەوکاتدا بەهیچ شێوەیەک وەک ڕێکخراوێکی سیاسی لە کوردستاندا کاریان نەکردووە.

لە عێراقدا هەمیشە کە باسی بزاڤی ئیسلامی سیاسی کراوە، سەرنجمان بۆ لای شیعەکان چووە. ئەوان لە دژی حکومەتی عێراق هەڵوێستیان شاراوە نەبووە، هەوڵیانداوە ئاگایان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان هەبێ.هەروەها خەڵکێکی زۆریان لێکوژراوە،نەجەف و کەربەلا بەخانەوادەی کۆن و خاوەن مێژوو لەرووی ئاینپەرەوەری وخەباتی سیاسییەوە بەناوبانگن. سەرباری ئەوەش کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بەسەر بزووتنەوەی سیاسی لە عێراقدا نەبووە، چونکە هەر لەسەرەتاوە شیعە وەک مەزهەبێک لای سوننەکان هەرمێنی نەبووە و حکومەتی عێراق دەسەڵاتێکی سوننی بوو، بۆیە ئۆپۆزیسیۆنی شیعە نەیتوانیوە ببێتە بەشێک لە فکری بزووتنەوەی سیاسی عێراق، بەتایبەتی لە کوردستاندا کە ڕێژەی شیعە لە ناویدا زۆر کەمە.

کاتێک شۆڕشی ئەیلول لەناو خۆیدا تووشی دابەشبوون و ململانێ بوو، لەوەشدا ململانێیەکە هەڵوێستی ئاینی تێدا نەبوو. واتە هەر لە



ساڵی ١٩٦١ وە تادەگاتە ١٩٧٥،هیچ تێڕانینێکی ئاینی بۆ سیاسەت لە کوردستاندا نەبوو تا بیەوێ لە ململانێی سیاسیدا رەئی هەبێت. دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، جارێکی دیکە لە ناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان دەرفەتی دروستبوونی حزب و تەیاری جیاجیا لە دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان،خولقا.لە دەرەوەی ڕێبازی بارزانیدا، تەیاری دیکەی فکری و سیاسی سەریان هەڵدا، حزبی بچووک و گەورە، خەڵکانی دیکە و حزبی شیوعی هەوڵیانداو کاریان کردو پرۆژەکانی خۆیان پێشکەش کرد، ئەوەی جێی سەرنجی منە، لە ناو هەموو پرۆژەکاندا شتێک بەناوی پرۆژەی ئیسلامی لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بەشدار نەبوو.ئەگەر ئەمڕۆ دەگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦ بەملاوە، هەموو پرۆژەکان دیارن: شیوعی هاوپەیمانی بەعس بوو دوایی لێی جیابۆوە،بەعس دەستیکرد بە کۆچپێکردن و سیاسەتی تواندوەی نەتەوەیی لە کوردستان، رەوتی یەکێتی نیشتمانی بەو شێوە توندوڕۆیە لەبەرامبەر تێکڕای رەوتە سیاسیەکانی کوردستان وەستا،پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرەنگاری کردن بەردەوام بوو. کەچی لەو نێوەدا شتێک بەناوی ڕێکخراو یان کەسایەتی ئیسلامی نەبووە. ئەو کاتەی شەڕ لە نێوان عێراق و ئێران دەستیپێکرد، بە هەوڵی دەرەوە، دەست بەکاری دروستکردنی تەیاری ئیسلامی کرا.

دوای هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران، کوردستان کەوتە نێوان بەرداشی دوو دەوڵەت. سنورەکان زۆربەی کەوتنە بەردەستی پێشمەرگەو رەحمەتی ئەو هاوسەنگیەی کە شەڕی نێوان سوپای دوو وڵات دەیسەپاند. خەڵکێکی یەکجار زۆری دیکە دەیتوانی لەو ناوەدا بحەوێتەوە. بۆیە هەندێک شوێن هەبوو کە پێشمەرگەی تێدابوو، بەڵام کەس بەرەسمی تێیدا دەسەڵاتدار نەبوو. حکومەتی ئیسلامی ئێران،

لەشەڕی دژی عێراق، ئەو تەماحەی هەبوو دەست بەسەر ناوچە شیعە نشینەکانی ئەم وڵاتە دابگرێت. کۆماری ئیسلامی جگە لە سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕش ئاسانکاری بۆ دروستکردنی بزووتنەوەی سیاسی ئیسلامی لە کوردستان کردو لە عێراقیشدا حزب و کەسایەتییە ئیسلامیەکانی گرتەوە.

ئەوەی جێگای باسە، جارێ ململانێی مەزهەبی لە نێوان شیعەو سوننی یەکلا نەبۆوە تاکو تیۆریزانی سیاسی شیعە بتوانێ بزووتنەوەی ئیسلامی لەناو سوننیدا دروست بکات. بۆیە کاتێ ئێران لە سەرەتادا هاریکاری ئەو کەس و گروپە ئیسلامیە کوردانەی کرد کە خۆی دروستی کردبوون، وا دەهاتنە بەرچاو کە پتر لە وابەستەیی بچن تا حزبی سیاسی. هەر بۆنموونە ئەو تەرجەمە و نووسینانەی لە قوم و تاران و ناوەندەکانی دیکەی راگەیاندنی شیعە دەردەچوون، بە گونیە لە ناو ئاوارەکان دابەش دەکران، بەڵام کەس نەیدەخوێندنەوە. دواجار شێوەی مامەڵەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەم گروپە سەربازییە ئیسلامیانە گۆڕاو لە لایەنی ئایدۆلۆژییەوە بوو بەلایەنی ئەمنی، واتە دەزگای ئیتلاعات وەک کۆمەڵێک گروپی چەکداری کوردی عێراق کە راستەوخۆ سەربە ناوەندە ئەمنی و سەربازییەکانی خۆیان بوون، مامەڵەی لەگەڵ دەکردن. بەم چەشنە دەرگا والابوو تا خەڵکی دیکەش لەدەرەوەی ئێرانی شیعە، کاری تێدا بکات.بە قەناعەتی من کاتێک دیراسەی رێچکە و مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامیەکان لە کوردستانی عێراق دەکەین، دەبینین لە ئێران دروست بوون، بەڵام هەرلە ژێر کاریگەری و چەتری ئەواندا نەمانەوە، چونکە بواریان هەبووە هاتوچۆی لوبنان، سوریا و میسرو پاکستان بکەن و ئەم تێڕوانینی توندڕۆییە کاریگەریی موجاهیدی ئیسلامیی ئەفغانستانیشی بەسەرەوە بوو کە



ئەوکات بزووتنەوەیەکی دژە کۆمۆنستیی بوو بۆ رزگاربوون لە دەست سۆڤێت و روخاندنی حکومەتی کۆمۆنیستەکانی ئەفغانستان.

موجاهیدەکانی ئەفغانی جگە لە ئیسلامیەکان خەڵکی دیکەشیان لەگەڵدابوو،وەک بزووتنەوەی تالیبان نەبوون. مەسەلەی جیهادو چوونی خەڵک بۆ ئەفغانستان،نزیکیی ئەفغانستان لە کشمیر، وایکرد کەنداو ببێتە تێرمینال تا تەڵەبکاران لەوێوە بچنە ئەفغانستان. بەم پێیە ناوەندی دروست بوون و گەشەکردنی فکریی ئیسلامیەکان لە میسرو شامەوە گوێزرایەوە بۆ سعودیەو کەنداو. هاتوچۆ لە نێوان کەنداو و ئێران کارێکی زۆر ئاسان بوو. لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٥، هاتوچۆ لە نێوان پاکستان، ئەفغانستان و ئێران وەکو هاتوچۆی نێوان قەندیل و پیرانشار وا بوو، هیچ کۆنترۆڵێکی بە سەردا نەدەکرا. بۆیە بزووتنەوەی ئیسلامی بە هەردوو باڵەکەی، زۆر لەژێر کاریگەریی ئەو جیهادو شێوە خەباتە ئیسلامیەدا بوو کە لە ئەفغانستان بەڕێوە دەچوو. هەموو سەرکردەکانیان سەردانی ئەفغانستانیان کردووە، لێی مابوونەوەو لەوێ مەشقیان دیتووە. تەنانەت یەکەم بڵاوکراوەیان کەناوی "النفیر" بوو لە پاکستان دەردەچوو،ئەوکات بنکەی سەرەکی موجاهیدەکانی ئەفغان بوو.

ئەوکەسانە کە گەڕانەوە ناو کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٥ بەدواوە کەوتنە هاوپەیمانیی و یەکترگرتن لەناوخۆیان. لە ساڵی ١٩٨٦ بەملاوە بوون بەو حزبەی ئێستا پێیدەگوترێت بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق. لە ساڵی ١٩٨٨ کامڵ ببوون و کادیرەکانیان بە گۆشەگیری لەچەند بارەگایەک کۆببوونەوە. بۆیە دەڵێم دوورەپەرێزو گۆشەگیر، چونکە دوای هێرشی ئەمەریکا - ١٩٩١ - بۆ سەر عێراق، کادیرو ئەندامەکانیان،بەهۆی دوورییان لە واقیعی کێشەی کورد،

سەریان لێشێوابوو و نەیاندەزانی هەڵوێستیان چی بێت، ئایا لەگەڵ هێرشی هاوپەیمانان لە عێراق بدەن یان دژی بوەستن؟ لە نێوان کوفرو ئیماندا ئەوان لایەنگری عێراق بوون. تەنانەت لەدوا ڕۆژەکانی جەنگ و ئەگەری مانەوەی سەدام و تەسلیم نەبوونیدا،هاوپەیمانیەکی پتەو لە نێوان هەموو بزووتنەوە شیعیەکان لە دژی عێراق دروست ببوو،کەچی ئەوانەی کوردستان هێشتا نەیاندەزانی چی بکەن و هەڵوێستیان نەبوو. بۆ؟ چونکە ئەزمونێکی سیاسی و ئامانجێکی نیشتمانی دیاریکراویان نەبوو. ئەو کاتە لە هیچکام لە بڵاوکراوەکانیاندا تاقە وشەیەک لە بارەی کوردستان نەدەبیندرا. بایەخ نەدانیان بە دۆزی کورد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چونکە کوردایەتی بەشێک نەبووە لە بەرنامەی فکری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان.

هەر لەو ساڵانەدا کادیرانی لاباڵی "یەکگرتووی ئیسلامی" پەیدا بوون. دوای ڕاپەڕین یەکگرتوو وەک ڕێکخراوێکی فریاگوزاری هاتە کوردستان، بەر لە ڕاپەڕینیش کادیریان لەناو خەڵکی پەنابەری کورد لەئیران هەبووە،بەڵام ڕەوتێکی دیارو ئاشکرا نەبوو. بۆیە هیچ یەک لە ئێمە ناتوانین بە ئاسانی بزانین فکری یەکگرتوو بەر لە ڕاپەڕین چی بووە، تەنانەت لە ڕووی ڕۆشنگەری ئیسلامیشەوە هەروابوون. هەڵبەت دەزاندرا کادیری فکرئیسلامی هەن، لەژێر کاریگەریی ئیخوان ئەلموسلمین دان، بڕوایان بە شەڕی چەکداری نیە و پێیانوایە دەبێ لە سەرەتادا ریفۆرم و چاکسازی بکەن و دوایی دەست بە جیهاد بکەن. هەروەها دەبیسترا کە هەندێ جار بڕوایان بە حزبایەتیش نیە. لە هەموو حاڵەتێکدا وەک ئەو "یەکگرتووەی" کە ئێستا هەیە، دیارو ئاشکرا نەبوون. هەموومان ئەوەمان لە بیرە دوای ڕاپەڕین لەژێر ناوی فریاگوزاری ئیسلامیدا دەستیان بەکار کرد و ئەو ناوەی لەژێریدا



کۆببوونەوە، لای ئەندام و کادیرەکانیان ڕوون نەبوو و نەیاندەزانی چ مانایەک دەبەخشێ، چەترێکیان هەڵدا بوو کە هەموویان وەک یەک بڕوایان پێنەبوو.

وەختێک لە کوردستان باسی بزووتنەوەی سیاسی ئیسلامی دەکرێ، دوو لاباڵ هەیە: یەکیان باڵی توندڕۆی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقە، ئەوەی دیکەشیان یەکگرتووی ئیسلامیە. هیچ یەک لەم دووانە مێژوویەکی ئەوتۆیان لە تێکۆشانی سیاسیدا نیە تا بۆیان حساب بکرێ. بۆیە دەبێ ناچار وەک دوو حزبی دوای ڕاپەڕین مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

کەشوهەوایەک دوای ڕاپەڕین لە کوردستان دروست بوو،دەرفەتی دامەزراندنی حزبی بۆ هەموو ڕەوتەکان ڕەخساند. ئەوەش تەنیا توندڕۆکانی ئیسلامی قۆستیانەوە. ئەو سیاسەتە چەکدارییەی ئێستا بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان پەیڕەوی لێدەکات، ئەگەر بەر لە ڕاپەڕین هەیانبوا و بەشدارییان لە خەباتی چەکداری دژی داگیرکەردا کردبا، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێستا قورسایی و کاریگەرییان گەلێک لەوە زۆرتر دەبوو کەهەیانە. هەر بۆیە کاتێک لە گەڵیان دەکەوینە گفتوگۆ،پشوی شۆڕشگێڕی لە کادیرو تیۆریزانەکانیاندا نابیندرێ، واتە هەست بە شتێک بەناوی شانازی کردن ناکەن کە وەک ڕەوتێکی شۆڕشگێر لە کوردستان کاریان کردبێ و پێیانوابێ دەبێ جێپێی سیاسیان هەبێ. بۆیە گفتوگۆ سیاسیەکانیشیان هیچ قوڵاییەکی نیە و تەنیا دەڵێن ئێمە ئەمری واقیعین، دەگەڕێنەوە بۆ پیرۆزییە ئاینیەکان کە کردوویانن بە ئایدیۆلۆژیا و پرۆگرامی حزبەکانیان. نموونەی ئەو توندوتیژییەی کە لە ئەفغانستان و ناو گروپە میسرییەکاندا هەبووە، زۆر بە ئاسانی دەیگوازنەوە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردستان.

بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، خاوەنی پرۆژەیەکی فکری- سیاسی دیاریکراو نیە. ئەگەر بمانەوێ پێناسەی بکەین،دەتوانین بڵێین پێکهاتوون لە کەسانێک لەژێر کاریگەریی فکری سیاسی- سەلەفیدان و کاردانەوەیەکن لە بەرامبەر پێشکەوتن لە ناوچەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست،هەروەها کاردانەوەن لە بەرامبەر پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان. دەتوانین بڵێین ئەوانە رەوتێکی ناو کۆمەڵگای کوردەوارین کە تەحەمولی پێشکەوتن ناکەن و بۆ وەستاندنی گۆڕانکارییەکان حزبێکیان هەیە پەنا بۆ پیرۆزییەکانی ئاین دەبات. کاتێک پیرۆزییەکانی ئاین بەشێوەی سەلەفی لێیبرواندرێت، بە ئاسانی کەشوهەوا بۆ توندڕۆیی، توندوتیژی و تیرۆر دروست دەکات.

پرسیار ئەوەیە: بۆ دەبێ ئاوا پێناسەیان بکەین؟چونکە کاتێ نووسینەکانیان دەخوێنیەوە،لە سەردەمی چوار خەلیفەی راشیدین تێناپەڕن، بەشەکەی دیکەی مێژووی فکر لە ئەزمونی ئیسلامدا وەرناگرن. دڵنیام ئەگەر ئەو مێژووەیان بەفراوانی وەرگرتبا،شتێکی دیکەیان لێهەڵدەکەوت. ئەگەر لە تەجرەبەو پیرۆزییەکانی ئاین (قورئان و فەرموودەکان) و لەئەزمونی حوکمڕانیی چوار خەلیفەکەی راشیدین تێنەپەڕن، بوارێکی فراوان دەکەوێتە بەردەست سیاسەتکارەکانی ئەمڕۆی ئیسلامی تا بەکەیفی خۆیان تەفسیری قورئان،فەرمودە و فەرمانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بکەن. ئەمەش وادەکات کە سیاسەتکارەکانیان ناچار نەبن قوڵ بیربکەنەوە. ئەم شێوازە لەبارترین وەسیلەیە بۆ رەوتێک کە بیەوێ رووکەشانە بیربکاتەوە. هەربۆیە دەبینین بزووتنەوە ئیسلامیە توندڕۆکان زۆر بە ئاسانی تووشی لێکترازان و پارچە پارچە بوون دەبن. کاتێک لەسەر مەسەلەیەکی



بچووک (جا هی ناو حزب یان دەرەوەی حزب بێت) تووشی تەفرەقە هاتن، کەلەپورێکی فکریی تایبەت بەخۆیان پێ نییە کە بتوانن لەسەری کۆبنەوە. بۆ نموونە: کاتێک بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان شەڕیان کرد، یەکەم جیابوونەوەیان تێکەوت. لە دووەمین کێشەدا کە لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامیدا روویدا، بوون بەسێ حزب و بە دڵنیاییەوە دوای ئەم شەڕانەی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی لەم دوایەدا کردوویانە(٢٠٠١)، کاریگەری تێکدەرانەی بەسەریانەوە دەبێ. دەستێوەردانی ئێران و گۆڕانکاریەکانی دنیا، بە تایبەتی ئەوەی لە ئەفغانستانی دوای تالیبان روودەدات، تووشی هەژانی زیاتریان دەکات. لاباڵەکەی دیکەی ئیسلامی لە کوردستاندا، یەکگرتووی ئیسلامیە. ئەم حزبە تەنیا رێکخراوێکی سیاسی نیە،لاباڵی رۆشنگەری ئیخوان ئەلموسلمینە و قوڵتر دەڕواننە پرۆژەی ئیسلامی لە ناوچەکە. کە دەڵێم قوڵتر، بەو مانایە لە مێژووی ئیخوان ئەلموسلمینیان کۆڵیوەتەوە، چ وەک حزب یان وەک فکر. بۆیە سەرباری ئەوەی لە رووی مێژووی فکریدا لە کوردستان رابردوویەکی درێژیان نیە، بەڵام کە دێتە سەرکێشەی فکری- سیاسی و پرۆژە بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی، مەسەلەی مافی مرۆڤ و کاری سیاسی، توانایەکی شایانی باسیان هەیە. بەڕای من هەنگاوەکانی یەکگرتوو زۆر کاریگەرترن لە هی بزووتنەوەی ئیسلامی.

یەکگرتووی ئیسلامی، کاتێک بە تێڕوانینی ئیسلامی تەفسیری کۆمەڵگا دەکات، لە رەوتەکەی دیکە کە لە سەلەفیەت تێناپەڕن، زیاتر دەڕۆن، بەڵام لە بنەما گشتییەکاندا لەوان جیا نابنەوە. هەر بۆیە دەبینین هەڵوێستیان بەرامبەر بە واقیعی ئیسلامیەکان لە جیهان

لێکجیاواز نیە، تەنیا شێوەی دەربڕینیان تایبەتمەندی خۆی هەیە. لە ئەدەبیاتی یەکگرتوودا نابینین رەخنە لە حکومەتی تالیبان گیرابێت. لای ئەوان تالیبان نموونەیەکی ئاسایی دەسەڵاتی ئیسلامییە. ئەوەش بەڵگەی ستراتیژێکی هاوبەشە لەگەڵ بزووتنەوە توندڕۆکانی دیکەدا هەیانە. هەروەها ماوەیەک خۆیان بە ئەزموونی سودانەوە خەریک دەکرد وپێیانوابوو دەسکەوتێکە دەکرێ بە پلەی یەکەم باسی لێوەبکەن تا خۆیان لە گفتوگۆ لە سەر مەسەلەی تالیبان و ئەفغانستان بدزنەوە. حەسەن ئەلتورابی و بیروڕاکانییان کردبووە باسی باسان. هێشتا لە موناقەشەکە نەببوونەوە خودی حکومەتی ئیسلامی سودان لەناوخۆی دابەش بوو و کەوتنە گرتنی یەکدی. ئێستا وا سودانیەکان وردە وردە لەو فکرو کردەوە ئیسلامیانەی کردوویانە پاشگەز دەبنەوە.

ڕێخستنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لەبارترین شوێنن بۆ دروستکردنی کەسانی توندڕۆی ئیسلامی. هەر بۆیەش لە ئاستی جەماوەردا پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەیە، بەردەوام تەنسیق دەکەن و قەت یەکدی ناسڕنەوە.

یەکێک لە هۆیەکانی ئەو ناکۆکیەی تووشی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان بوو وابەستەییان بە کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە تا ئێستاش بەهاریکاریی ئەوان کاردەکەن. ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە بزووتنەوەیەکی سیاسی سوننی بکەوێتە خزمەتکردنی سیاسەتی وڵاتێکی شیعە مەزهەب. ئەوانە لە بارودۆخی سیاسی ناوچەکەدا نەیانتوانی مامەڵەیەکی سەرکەوتوانە بکەن، بۆیە لە لایەن ئیخوان ئەلموسلمین و رەوتە ئیسلامیەکانی دیکەی میسر و کەنداو، خرانە ژێر جۆرێک لە گوشار. وردەکارییەکانی ئەم گوشار خستنەسەرە



بەرەفتارو هەڵسوکەوتیانەوە دیارە. حاڵەتێکی دیکەی لەم بابەتە هەبوو کە خۆی رزگار کرد، ئەویش ئەفغانیەکان بوون کە زۆر بە ئاسانی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی ئێران جیا کردەوە. تەنانەت بەشەڕ بەرەو رووی کۆماری ئیسلامی بوونەوە و هاوپەیمانە نەیارەکانیشیان لە باکوری ئەفغانستان پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نەما. ئەوانەی ئێرە (بزووتنەوەی ئیسلامی و حزبە ئیسلامییەکانی دیکە) نەیانتوانی ئەم کارە بکەن. بە قەناعەتی من ئەوانە ناتوانن بیروباوەڕەکانی خۆیان بەو روونی و ئاشکرایە دەرببڕن وەک ئەوەی بزووتنەوە ئیسلامیەکان لە کشمیر، میسر، سوریا و پاکستان دەری دەبڕن. ئەرێ بۆ ناوێرن؟ و بۆ ناتوانن؟ من پێموایە ئەگەر کارێکی وابکەن ئەوا دەکەونە ژێر گوشاری سیاسی راستەوخۆی کۆماری ئیسلامی، هەر بۆیەشە بزووتنەوە ئیسلامیە سوننی مەزهەبەکانی کوردستان، کە ئیخوان ئەلموسلمینن، لە فەلەکی ئێرانی شیعە دەرنەچوون. ئەگەر ئەو وابەستەیی نامەزهەبییە نەبوایە، ئەوا کاریگەریی بزووتنەوە ئیسلامیەکان لە کوردستان زۆرتر دەبوو.

لە ئێران کۆمارێکی ئیسلامی هەیە کە بەپێی باوەڕی شیعە، روانگای تایبەتیی خۆیان بۆ ئەم سەردەمە هەیە. ئێرانیەکان توانیویانە لە زۆر بواردا دوانەکەون. کەچی لە ناو پروپاگەندەی ئایدۆلۆژیی ئیسلامیەکانی کوردستاندا، گوتارێک نیە باسی ئەزموونی ئێران بکات. ئیسلامیەکانی ئێرە ئەزموونی ئێران ناگوازنەوە چونکە بڕوایان پێی نیە. لە ئێرانیش جۆری مامەڵە کردن لەگەڵ ئیسلامیەکانی کوردستان لە سنوری کاری ئەمنیەتی تێناپەڕێت. ئەم ململانێیە لە خزمەتی پەرەسەندنی بزووتنەوەکانی ئیسلامی لە کوردستان نەبووە.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی بزووتنەوەی سیاسیی ئیسلامی لە کوردستان، لاوازیی دەسەڵاتی سیاسی بوو. کوردستان لە

ماوەی کەمتر لە چوار ساڵ (١٩٩٠-١٩٩٣) تووشی سێ قەیران بووە: یەکەمیان لە پڕێکدا لە ئەنجامی پرۆستریکا جەمسەری کۆمۆنیزم روخا. ئەو رووداوە جیهانیە بۆشاییەکی ئایدیۆلۆژیی خستە ناو هەموو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. ئەو بزووتنەوەیە بەدرێژایی مێژووی خۆی بڕوای وابوو کە ئەم جەمسەری کۆمۆنیستی سەرباری هەموو کەموکوڕییەکانی، دژی ئیمپریالیستە و لە خزمەتی ئازادی گەلاندایە. ئەو بلۆکە سیاسیە سۆسیالیستییەی کە پشتوانیی گەلانی دەکرد، لە مەیدان دەرچوو.

ئێمە ئەگەر ئاگامان لە مێژووی فکریی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان هەبێ، تێدەگەین کە ئەو رووخانە فکرییە روویدا، قەیرانێکی ئایدیۆلۆژیی درووست بوو. جاران دەگوترا بیری نەتەوەیمان تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە کە بۆ رزگاریی کوردستان کار دەکات بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئاراستەیەکی سۆسیالیستی هەیە. ئێستا سۆسیالیزم کۆتایی هات. لەو بارودۆخەی کۆمەڵی کوردستان تێیدا بوو (نەخوێندەواری، بەردەوامی حکومەتێکی دیکتاتۆری داگیرکارو حکومەتێکی دیکەی ئاینی لە دراوسێییماندا) وایکردبوو بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان دەستی نەگاتە سەرچاوەی فکری نوێ و بە ئاسانی هەڵنەستێتەوە. لەو قۆناغەدا قەیرانێکی کویر مەیدانەکەی داگیر کرد.

قەیرانی دووەم ئەوکاتە بوو کە بەسەرەتای سیستەمی نوێی جیهانی ناودەبرێت و چەمکی جیهانگیری پەیدابوو، تکنۆلۆژیای گەیاندن جیهانی تەنیەوەو خێرا پێکەوەی بەستەوە، تێکەڵبوونی دنیاو مەسەلەی دیموکراسی بەشێوەی نوێ پەرەی دەسەند. ئێمە لەو کاتەدا پێویستمان بەچەند ساڵێک وەخت هەبوو تا لەم چەمکە نوێیانە حاڵیببین چونکە وەکو ئێستا لێیان تێنەگەیشتبووین.



قەیرانی سێیەم لە بەڕێوەبردنی حکومەتی کوردستاندا دوای رزگاری دووچاری بووین: دەسەڵاتی داگیرکار لە کوردستان پاشەکشێی پێکراو دەسەڵاتی نیشتمانی کەوتە دەست بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، بەبێ ئەوەی هیچ ئامادەییەکی بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت هەبێ. بەرەی کوردستانی لەوکاتەدا هیچ پێشینەو ئەزموونێکی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی ئیداری نەبوو. ئەو بەرەڵڵاییەی لە ساڵانی نێوان ١٩٩١ تا ١٩٩٥لە کوردستاندا هەبوو، لەگەڵ ئەو گەمارۆ ئابوورییەی لەسەر عێراق و کوردستان پەیڕەودەکرا، زمینەیەکی لەباری بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوە ئیسلامیەکان رەخساند. مێژوو نیشانیداوە لەهەر شوێنێک قەیرانی فکری هەبێ، خەڵک بۆ بیرکدنەوەو لێکدانەوە دەگەڕێتەوە سەر ئاین، ئاینیش بەردەوام (ئەگەر مرۆڤ و کۆمەڵ بە روانگای ئاین تەفسیر بکرێ) لەگەڵ سەردەمدا ناکۆکە، چونکە کەرستەیەکی ئەوتۆی تێدانیە کە بتوانرێ ئەمرۆی پێ لێکبدرێتەوە.

لەواقیعی ئێستادا بزووتنەوەی سیاسیی ئیسلامی لە کوردستان، رەوتە توندڕەوەکەی بەرەو هەڵدێر دەڕوات چونکە نەیتوانیوە بەشێوازی حزبی، هێمنانە و ئاشتیخوازانە بەڕێوەبچێ، بۆیە عاقیبەتی ئەم بزووتنەوەیە بەرەو ئەوە دەچێت کە توندڕۆیی لە شێوەی (جند الاسلام) زیاتر بکات، هەروەها بەشێکیش لە جەماوەری ئەم حزبە دەبێتە نێچیر بۆ یەکگرتووی ئیسلامی و دەچنە پاڵیان.

بە هەموو روویەکداو لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم حزبە ناتوانێ لە چوارچێوەی ئەو چەکدارانەی کە هەیەتی پتر تێپەڕێ و پەرەبستێنێ، بۆیە ئەمرۆ لە کوردستاندا واقیعی بزووتنەوەی ئیسلامی زێتر وەک واقیعێکی سەربازی دەبینین نەک واقیعێکی فکری -سیاسی و

ڕێکخراوەیی، ئەوەش ئایندەیەکی گەش و دوور و درێژی نابێت. هەڵبەت وەک رەگەزی توندڕۆ بەناو کۆمەڵگای ئێمەدا پەرتوبڵاو دەبن و لەوانەیە لە رووی ئەمنییەوە ببن بە هەڕەشەیەک.

باڵەکەی دیکەیان یەکگرتووی ئیسلامییە کە سیاسەتی خشان بە هێواشی و دزە کردن بۆ نێو دامودەزگاکان بەکاردێنێ. ئەوانە خۆیان ماندو دەکەن وەک دیارە لەناو یەکگرتووی ئیسلامیدا لەنوێ موناقەشەی فکری نەتەوەیی و مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان دەکرێ. زۆر باش دەبوو کە ئەوانە رابکێشرابانە ناو گفتوگۆ چونکە ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی بەرەو فکری نەتەوەیی بێت، کارێکی باشە. بۆیە پێویستە موناقەشە بکرێن و رابکێشرێنە پێگەی نەتەوەیی. ئەگەر لە پێگە نەتەوەییەکان نزیک بکەونەوە، ناتوانن لە پێگە داخراوە فکرییەکانی خۆیاندا بمێننەوە. بۆیە ئەگەر لێیانگەڕێین کارێکی خەتەرناکە. دڵنیام ئاستی فەرهەنگی و سیاسی نەوەی نوێ لە کوردستان، لەوە نزمترە کە نەکەونە داوی یەکگرتووی ئیسلامی. ئەگەر ئەمڕۆ یەکگرتوو لە زانکۆکاندا پێگەیەکیان هەیە، نیشانەی ئەوەیە کەوا قوتابیانی زانکۆ لە رووی رۆشنبیرییەوە لاوازن، ململانێی فکری و سیاسی لە کوردستاندا لەڕە و ئەو ناوەندانەی کە بایەخ بە کێشەکانی فکری دەدەن بێهێزن. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، حکومەتی کوردستان بیر لەم مەسەلانە ناکاتەوەو زانکۆش بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە. هەروەها شەقامیش(رای گشتی) کپە. تا ئێستا لە کوردستان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی و ئەو زمانانەی کورد دەتوانن پێیبخوێنەوە، لەسەرەتادان. ئەم رۆژنامەو گۆڤارانەی هەن، کارە فکرییەکانیان لە گوتاری هەڵوێستی سیاسی تێناپەڕن. ئەمانەش لە پرۆسەی دروستکردنی ململانێی فکری لە کوردستاندا، ناتوانن رۆڵێکی گەورەو کاریگەر بگێڕن.



لە دەزگای رۆشنبیریی و راگەیاندنی گوڵان، ماوەی ساڵێک موناقەشەمان لەگەڵ ئیسلامیەکان هەبوو، کە بەئاشکرا خۆیان لێدەدزییەوە، چ بە نووسین یاخود بە ئامادەبوون. من خۆم لەنێو ئەو موناقەشەیەدا بووم، بۆم دەرکەوت ئەوان زۆر بەپرۆژە فکری و سیاسییەکانی خۆیان پشت ئەستور نین، تیۆریزانێکی یەگرتوو، ناتوانێ بەرامبەر بە دیموکراتێک دانیشێ و داکۆکی لە پرۆژەی سیاسی حزبەکەی خۆی بکات. بۆ کاری ساغکردنەوەی فکری لە کوردستاندا، ئەگەر ئەمنیەت هەبێ، کەمێک پەنا بۆ یاسا ببردرێت و دامەزراوە فەرهەنگیەکان دەستیان والا بێت و بکەونە گفتوگۆ، ئەم گفتوگۆیانەش بڵاو بکرێنەوە ( مەبەستم تەنیا دەمەتەقێی نێوان دوو رۆشنفکر و سیاسەتکار نیە بەڵکو کتێب بڵاو بکرێتەوە)، پێموایە زۆر بە ئاسانی پاشەکشێ بە رەوتی یەکگرتووی ئیسلامی دەکرێت.

ئەو کەرستانەی کە یەکگرتوو هەیەتی هەر لایەنگرانی حزبەکەی خۆی نیە، چونکە ئەوان مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ ململانێی فکری لە کوردستاندا دەکەن، پێویستە حکومەتی کوردستانیش لە بەرامبەریاندا مامەڵەیەکی سیاسیانە بکات، ئەویش قەدەغەکردنی هەموو ئەو رێگایانەی نێو کۆمەڵی کوردەوارییە کە یەکگرتوو لە کاتی ململانێی فکریدا پەنایان بۆ دەبات. بەنموونە بۆ دەبێ مزگەوت لە خزمەتی کادیرەکانی یەکگرتوودا بێت، وەک چۆن حزبێک مامەڵە لەگەڵ هۆڵی بارەگای لقێکی خۆیدا دەکات، ئەوانیش ئاوا مامەڵە لەگەڵ مزگەوت دەکەن.

جاری یەکەم بزووتنەوەی ئیسلامی مزگەوتی بۆ مەشقی سەربازی بەکاردەهێنا، یەکگرتوو داکۆکی لێدەکردن. کەواتە یەکگرتوو، لە کوردستاندا توندڕۆیی بزووتنەوەی ئیسلامی و گروپە توندڕۆکانی دیکە، بەهێزێکی یەدەگ بۆخۆی دادەنێ تا

خەڵکیان پێبترسێنێت و ململانێی سیاسیان پێبکات. تەنانەت رۆژگارێک ئەگەر لە دەستیان بێت، بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەربازیش بەکاریان دێنن. بە دڵنیاییەوە دەڵێم سەرەنجامی هەر حزبێکی ئیسلامی تووندوتیژی دەبێت. وێکچوونێکی هاوبەش لە نێوان کاری حزبییانەی کۆمۆنیستەکان و ئیسلامیەکاندا ئەویش حزبی ئایدیۆلۆژین. جیاوازییەکە تەنیا لەوەدایە کە هەروەک بێرتراندراسێل دەڵێ:کۆمۆنیزم ئاینێکی ئیلحادییە، بەڵام ئیسلامیەکان باسی خواپەرستی دەکەن. جا بەهەر شێوەیەک ئایدیۆلۆژیا بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەکەوێتە ململانێ بە یەک جۆر دەجوڵێتەوە. کۆمۆنیستەکان بڕوایان بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هەبوو، واتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری پێویستە تا ئایدیۆلۆژیا بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ. لە فکری ئیسلامیەکاندا قۆناغی جیهاد ئەو قۆناغەیە کە کۆمۆنیستەکان بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ناویدەبەن. واتە دیکتاتۆریی ئیسلامیە توندڕۆکانە بۆ سەپاندنی عەقیدەی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان بەسەر کۆمەڵدا. ئەزموونی بە کردەوەمان لەگەڵ هەردووکیاندا هەیە. سۆڤێیت نموونەی کۆمۆنیستەکانەو ئەفغانستانی تالیبانیش نموونەی ئیسلامیەکانە. ئێرانیش نموونەیەکی دیکەی تەجرەبەی سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیە بەڵام بە فیقهی جەعفەری لەگەڵ هەندێک تایبەتمەندی خۆی. شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران سەرباری کۆبوونەوەی تێکڕای ئەو هەلومەرجانەی دیکتاتۆریەتی محەمەد رەزاشا خولقاندنی، ئیمام خومەینی وەک مهاتماگاندی بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە سەرکردایەتی شۆڕشی ئیسلامی کرد. بۆ یەکەمین جارە جوڵانەوەیەکی ئیسلامی سەرکەوتن بەدەستبێنێ بەبێ ئەوەی یەک



فیشەک بتەقێنرێ. ئەو جوڵانەوە لە ئێران نەبایە سەرنەدەکەوت. نە لە پاکستان و نەلە ئەفغانستان و نە لە هیچ وڵاتێکی غەیرە شیعی دووپات نابێتەوە. سەرەتاکانی دەسەڵاتی شیعە لە تەکیەکانەوە سەریهەڵداوە و شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی و بەرەبابەکەی لەسەر بنەمای تەسەوف، دەوڵەتی سەفەوییان دامەزراند دوایی بە تۆبزی بەسەر هەموو ئێرانیاندا سەپاند. هەڵبەت دامەزرانی کۆماری ئیسلامی و وەرگرتنی دەسەڵات وایکرد کە ئیمام دوای مانگێک لە شێوازی فەرمانڕەواییدا بگەڕێتەوە سەر بنەماکانی ئیخوان ئەلموسلیمن. ئەو کۆمارە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٩ بەشێوەیەکی زۆر تووندوتیژ بەڕێوەدەچوو، ئەگەر ئێران خاوەنی ئەو فەرهەنگە دۆڵەمەندە نەبایە، لەوانەبوو تەحەمولی ئەو تووندوتیژییەی نەکردبا. شارستانیەتی ئێران لە ئاوێتەی خۆکردنی کەلتورە سەپاوەکاندا ئەزموونێکی زۆری هەیە، بۆ نموونە کاتێک ئەسکەندەری مەکدۆنی هات، ئێرانییەکان لە ناوخۆیاندا تواندییانەوە. لەگەڵ ئیسلام و مەغۆلیش هەر وایان کرد. خاتەمی بە ئاشکرا دەڵێ ئیسلاممان واوەرگرتووە کە خۆمان دەمانەوێت. واتە کردیان بەشیعە، ئێستا دەیانەوێ شۆڕشەکەشیان بگۆڕن و وردە وردە لە ژێر حوکمی شۆڕشی ئیسلامیدا باسی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی دەکەن. کەواتە ئەمە تایبەتمەندیی ئێرانییەکانە و نابێ بیگەڕێنینەوە بۆ بزووتنەوە ئیسلامیەکان. هەر بۆیەش دەبینین ئیسلامیەکانی ئێرە باسی ئەزموونی ئێران ناکەن.

لە کوردستاندا جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، کارێکی زۆر ئاسانە، بە مەرجێک حکومەتێکی یەکپارچەی نیشتمانیمان هەبێ لە سەرانسەری کوردستاندا فەرمانڕەوایی بکات، پۆلیس ببێتە خاوەنی

دەسەڵاتی ناو کۆمەڵ و ئەو دیاردانەی ڕۆژانە دەسەڵاتی حکومەت کەم دەکەنەوە، نەمێنن. جا ئەو دیاردانە هەر لە دەسەڵاتی حزبەکانەوە تا دەگاتە عەشیرەتەکان (کە چەکیان پێیە) و سەرکێشی هۆزایەتی دەگرێتەوە. ئەگەر ئەوانە چارەسەر بکرێن و حکومەتی هەولێر و سلێمانی یەکبگرێتەوە، دەتوانین بیر لە دامەزراندنی دامودەزگای مەدەنی و یاسایی بکەینەوە و زۆر بە ئاسانی سنورێک لە نێوان تێکەڵاوکردنی پیرۆزییەکانی ئاین و دامەزراوی یاسایی و مەدەنی دابندرێت. ئەم پرۆژەیە لە نێو کۆمەڵگادا پێویستی بە روونکردنەوە هەیە و دەبێ خەڵک تێبگەیەندرێت کە ئەو کارە بە مانای دوورخستنەوەی ئاین لە ژیانی کۆمەڵایەتی نیە. بەڵکو سنورێکە دادەندرێ تا لە نێوان دوورخستنەوەی ئاین لە دامەزراوە یاساییەکان و پەیوەندی ئاین بە بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی، جیاوازی هەبێت. وڵاتی ئێمە پێشناکەوێت ئەگەر ئاین پەلاماربدرێت چونکە لە کەلتوری ئێستای کوردستاندا جیاکردنەوەی دین کاری مستەحیلە . ئامانجەکە ئەوەیە ئاین نەکرێتە سەرچاوەی فکری و یاسایی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

بەداخەوە لە ژێر کاریگەری ململانێی سیاسیی ناو کوردستان، یاساکانی پەرلەمان و بڕیارەکانی حکومەت و ناوەندە حزبیەکان، زۆر جار خەریکن لەلانی کەمی بنەماکانیش دێنە خوارەوە و پێیانوایە بۆ رکابەری کردن لەگەڵ ئیسلامیەکان، هەروەها داڕشتنی یاساو فکر و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، پتر لەوان تەسلیمی بنەمایە ئایدیۆلۆژییەکانی ئیسلامیەکان ببن. ئەوەش کارێکی هەڵەیە ، وەک ئەوەوایە بیانەوێ یەکگرتووی ئیسلامی بۆ پێگەی نەتەوەیی راکێشن و فکری نەتەوەیی لەلا زاڵ بکەن تا نەتوانێ لە پێگەی ئیسلامیی



داخراوی خۆیدا بمێنێتەوە. خۆ بە پێچەوانەشەوە هەر راستە، ئەگەر لە ئەنجامی ململانێدا، ئێمە بەرەو پێگەی ئەوان بچین، ئەوە هەر لە بنەڕەتدا دەبێتە سەرکەوتنێکی ئایدیۆلۆژیی بۆ ئیسلامیەکانی کوردستان. بۆیە پێویستە وردبینی لە کۆمەڵێک یاسا و رێنوێنی سیاسیدا هەبێ و بە هێمنی گفتوگۆیان لەسەر بکرێ تا بتواندرێ هاریکاری دەسەڵاتی نیشتمانی بکرێ و لەو هەڵەیە دوور بخرێتەوە. لەولاشەوە کۆمەڵگای مەدەنی و سەروەریی یاسا لە کوردستان بە مانای سەرکەوتنی رەوتی ئیلحاد نیە. ئیسلامیەکان خەریکن مەفهومێک دەچەسپێنن گوایە ئەگەر سیستەم ئیسلامی نەبێ، دەبێ عەلمانی بێت، وەک ئەوانیش لێکیدەدەنەوە عەلمانیەت مانای ئیلحاد دەگەیێنێ. ئەو پروپاگەندەی ئەوان خاپاندنە. هەر ئەوان لە سەردەمی کاریگەری ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی لەناو بزووتنەوەی نەتەوەییدا، ئیسلامیەکان دەیانگوت لە لەناو بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا لە جیات ئاین ئیلحاد پەرەپێدەدرێ. هەڵبەت کۆمۆنیستەکان و ئەو رەوتانەی لە فکری ئەوان نزیک بوون، خاوەنی روانگایەکی ماتریالیستی بوون و پێیانوابوو پێویستە تێکۆشەرێکی راستەقینە بەر لە هەموو شتێک مولحیدێکی راستەقینە بێت. ئەو بۆچوونە تێشکا و بەکردەوە دەرکەوت هەڵەیە. دەکرێ مرۆڤ ئیماندارو دیموکرات بێت. لێرەدا مەسەلەکە بەندە بە تاکەکەس و لە هەموو حاڵەتێکدا رۆڵی ئاین لە کۆمەڵگادا دەکرێ ئیجابی بێت،بە مەرجێک وەک سەرچاوەی پێشکەوتن دانەندرێت چونکە ئەرکی کۆمەڵایەتی ئاین لە دابینکردنی رێورەسمی پەرستندا کۆتایی دێت و پەیوەندی بە تاکەکەس هەیە و هیچ کاری بەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا نیە . کاتێک کە دامەزراوی مەدەنی و سیستەمی دیموکراسی پەرەدەستێنن، دەبێ پشتیوانیان

لێبکرێت چونکە وڵاتی ئێمە لە رووی پێشکەوتنی ئابووری، پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی، هەروەها بڕوا و پەروەردەکردنی جیلەکان، هیچ ئامادەییەکی بۆ پیادەکردنی دیموکراسی تێدانیە، هیچ ئەزموونێکمان لەو بارەدا نیە. جاکە نیمانە ناچارین ئەو سیستەمەی دەمانەوێ بیگرینەبەر، لە ئەلف و بێوە تێهەڵدەچین. ئینجا چۆن پشتیوانی لێدەکرێت؟

حکومەت کاتێک دەتوانی ئەو پشتیوانییە دابین بکات کە هەموو هاوولاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسان بن و یاسا لە تاکەکان بپێچێتەوە، نەک حزبەکان و ناوەندە ئاینیەکان ئەو کارە بەدەستەوەبگرن. ئەوەی ئێستا دەکرێت بەپێچەوانەیە، کەسایەتیەکان، ناوەندە ئاینیەکان، و حزبەکان لە کۆمەڵ و تاک و رەوتەکان دەپێچنەوە. ئەم شێوازە بووەتە مایەی هاتنەکایەی باروودۆخێکی نالەبار کە ئێستا ئێمەی کورد لە کوردستاندا تیایدا دەژین. تەنانەت راکردنی جیلی نوێ لە کوردستان، سەرچاوەکەی لەم واقیعە نالەبارەدایە. نیگەرانی لە واقیعی سیاسی و ناڕوونی چارەنووسی وڵات و نەبوونی کار تاکە هۆکاری کۆچی نەوەی نوێ نین. نەوەی پێشووتر کە ئێمەین تەمەنمان زیاترە باشتر بیر لە ئایندەی سیاسی دەکەینەوە، نەک ئەو لاوانەی کە تەمەنیان ١٨ تا ٢٥ ساڵە. بۆیە بە ئاشکرا دیارە هەندێ جار پاساو بۆ کەموکوڕییەکانی خۆمان دێنینەوە.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە دەکرێ هەنگاوەکانمان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نیمچە مەدەنی خێراتر بکات، زەرورەتی هەڵکێشانی کەلەپوری عێراقە لە بەڕێوەبردنی ئیداری و ژیانی سیاسی و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی، مامەڵەی حزبەکان لەگەڵ یەکدی، مەسەلەی نەتەوەیی، مەسەلەی کەمینەکان و تێڕوانین لە رۆڵی ئافرەت



و مەسەلەی مەعقول کردنی ئازادیدان بەخودی پیاو لە وڵاتی ئێمەدایە. ئازادیدان بە پیاو مەسەلەیەکی گرنگە و لەسەری دەوەستم. ئازادی پێدان بە مانای سادە نیە، بگرە بەو مانایەیە کە ژیانی مرۆڤ لە ئاساییدا بێت تا بتوانێ لە ناو کۆمەڵدا وەکو ئەوەی کە هەیە تەعبیر لە خۆی بکات. بە پێی واقیعی کۆمەڵایەتی پێویستە بیربکرێتەوە کە چۆن پیاوان کە نیوەی کۆمەڵن لە ئازادی بەهرەمەند دەبن تا داهێنان لە کاردا بکەن. ئینجا نیوەکەی دیکە واتە ئافرەت ئازاد بکرێ. تێڕوانینی کۆمەڵگای کوردستان بۆ کێشەی ئافرەت، بیرێکی سەقەت و سادەیە. کاتێک دەڵێی ئافرەت ئازادی دەوێ، یەکسەر هزریان بۆ سەر جنس دەڕوا. مەسەلەکە ئەوە نیە وجنس بەشێکی تایبەتی ژیانی هەر مرۆڤێکە. پێویستە تێڕوانینی کۆمەڵگای ئێمە بۆ کێشەی ئافرەت بگۆڕدرێت. دەبێ پرۆگرامی درێژخایەنی ئابووریمان هەبێ تا ئافرەت دوای تەواوکردنی خوێندن یان بەبێ ئەوەش، بتوانێ کار بکات، ئینجا ئەم ئافرەتەی کە کار دەکات و دەخوێنێ، رێگە بە خۆی بدات لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکەشدا بەشدار بێت. ئەمە تەنیا بەرواڵەت ناکرێت. تێڕوانینی باو سەقەتە و پێویستە رێگەی شیاو بۆبەشدارپێکردنی نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ بدۆزرێتەوە. واقیعی کۆمەڵی کوردستان بەم چەشنەیە کە باسی دەکەم: نیوەی کۆمەڵ(ئافرەت) بەکردەوە بەلاوەنراوە، پیاوەکان زیاتر لە دوو چارەگیان لاون و دەڕۆنە دەرەوە و نایەنەوە، چارەگێک مرۆڤی وەکو ئێمە بە ئیدارەو سیاسەتەوە خەریکن کە بەسەر تێکڕای رەوتە سیاسیەکان (بەچاک و خراپەوە) دابەش بووینە. بەشێکی زۆر کەم بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیەوە خەریکە. کەواتە کۆمەڵگای ئێمە لە قەیراندا دەژی. بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەش پێویستە لە سەرەتادا حکومەت بەهێز

بکرێت، ئینجا بیر بکرێتەوە چۆن ئەم قەیرانە چارەسەر دەکرێ. دەبێ وردە وردە بیر لە نەهێشتنی گەندەڵی نێو کۆمەڵگا بکرێتەوە، بە هەموو بارەکانیەوە. گەندەڵی لە ژیانی حزبی، لە کاری ئیداری و حکومەت، لە مومارەسەی سیاسیدا قەڵاچۆ بکرێ. من ناڵێم هەموو ئەوانە بەخێرایی کۆتایی دێت، بەڵام تەنیا کە بیر لەوە بکرێتەوە پێویستە گەندەڵی کۆتایی پێبێت، ئەوا سەرچاوەکانی دەستنیشان دەکرێت. ئەو کاتەیە کە هێز و تواناکانی کۆمەڵگا بۆ کارکردن دەکرێنەوە. لە هیچ شوێنێک دیموکراسی نیە ئەگەر وڵاتەکە هەژار بێت. بە هەژاری دیموکراسی بەرقەرار ناکرێ. لە وڵاتی هەژاری و بێکاریدا کە روانگا بۆ دەوڵەمەند بوون پلەوپایەیەکی حزبی یان حکومی بێت، لە جێی کارکردن، لەماوەیەکی کەمدا دوا مۆدیلی ئۆتۆمبیل و خانو دەستکەوێ و ژمارەیەک پاسەوان بە دەورەوە بێت، مەنتقی کارنەکەی و پارەکانت ببەیە دەرەوەی وڵات، زاڵ بێت، ئاوها نەدیموکراسی دێتەدی و نە وڵاتیش سەقامگیریی سیاسی بەخۆیەوە دەبینێ. ناکرێ لەسەر ئەم بنەما گەندەڵە لە کاری دامەزراوەکاندا، ژیانێکی فکری، سیاسی و کۆمەڵایەتی خاوێن دروست بکرێ.

لە دیموکراسیدا، گەندەڵی روو دەدات، بەڵام توانای پەرەسەندنی نیە. ئێستا لە وڵاتی زۆر سیستەماتیکدا، ئەگەر یەکێک لە پڕێکا ملیۆنێک دۆلاری دەستکەوێ، نازانێ چی لێبکات، چونکە بیخاتە هەر بانکێکەوە دوایی لێیدەپێچنەوە کە ئەو پارەیەی لەکوێ هێناوە و باجی دەخەنە سەر، کەواتە دیموکراسی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە سیستەماتیک کردنی دامەزراوەکان و کارکردنەوە هەیە. یەکێک لە هۆکارەکانی پێشنەکەوتنی وڵاتی ئێمە تەمبەڵی سیفەتێکی تازە نیە، بەڵکو مێژوویەکی درێژی هەیە و لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە دەستی



پێکردووە. عێراق دەوڵەتێکی دەستکردە هەر لەسەر داهاتی نەوت ژیاوە و سەربازەکانی فەرمانڕەواییان بەسەردا کردووە، خەڵکیان چەکدارکردووە و سامانی وڵات لە چەکدا خەرج کراوە. ئەوە بووەتە نەریت و گەیشتووەتە ئێمەش، بەشێوەیەک کە ئێستا لە کوردستان، جوتیارەکان بیر لەوە ناکەنەوە لە بواری کشتوکاڵدا بەرهەمی باش وەبەربێنن چونکە پێیانوایە بڕیاری ٩٨٦ هەیە و خواردنیان لە ڕێگەی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی وەک WFP بۆ دێت، کەواتە کشتوکاڵیان بۆ چیە؟ ئەمە کارەساتێکی زۆر گەورەی فەرهەنگیی دروست دەکات و دەبێتە هۆی نەهێشتنی بواری بەرهەمهێنان.

کە ئەم قسەیە دەکەم مەبەستم ئەوەیە بیسەلمێنم ناتوانین تەنیا بە بڕیاری حزب، دیموکراسی دروست بکەین و پاشەکشێ بە دیاردە دۆگماکان بکەین. نابێ ئامرازمان تەنیا ئەوەبێ حزبی خۆمان خۆش بوێ و لەبەر خاتری حزب پاشەکشێ بە حزبەکەی دیکە بکەین. من قوڵاییەکی زۆر لەم قسەیەی مەسعود بارزانیدا دەبینم کە دەڵێ: دەبێ ئێمە بیر بکەینەوە ڕێگاکانی کۆمەڵگایەکی دیموکرات لە کوردستاندا، لەسەر بنەمای ڕێبازی بارزانی دروست بکەین. کەواتە دەبێ حزبی شۆڕشگێڕی ئەم وڵاتە شۆڕشگێڕیەتیەکەی خۆی بگوازێتەوە بۆ گۆڕەپانی خەباتی دروستکردنی دیموکراسی. ئەم گۆڕەپانە نوێیە خۆ ئامادەکردنی نوێ، فکری نوێ، لێوردبوونەوەی پترو پێداچوونەوە بەچەمکی فکری و سیاسی پێویستە. هەروەها گەڕانەوەی دەوێ بۆ سەر ئەو ڕێبازە ڕەسەنەی کە توانای پێشکەوتنی ماوە، ڕێبازی کوردایەتی هەمیشە گونجاو لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردستان کە مستەفا بارزانی دایڕشتووە.

ئەمانە دروشمی سیاسی نین، بەداخەوە جاری وا هەیە کە ئەم باسانە دەکرێ، خەڵک بەپروپاگەندەی تێدەگات چونکە تا ئێستا دامەزراوی ئەوتۆ لە وڵاتدا دروست نەبووە تا لەسەر ئەم مەسەلەیە بوەستێ.

هەر توندڕۆییەک موناقەشەی خۆی هەیە، دەرگای چوونە ناو بۆچوونەکانی و ڕێگەی پوچەڵکردنەوەی هەیە. پوچەڵکردنەوەی توندڕۆکان بە مانای پاشەکشێ پێکردنی توندڕۆیی بە توندڕۆیی نیە،گەر وابێ بەمە ناگوترێ کەشی دیموکراسی. جاران دەیانگوت توندوتیژی شۆڕشگێری لەبەرامبەر توندوتیژیی پاشکەوتوی تاریک، بەڵام ئێستا پێویستە توندوتیژیی شۆڕشگێڕیی بەلاوەبندرێ و هێزی حکومەت بکەوێتە بەرامبەر توندڕۆیی. هەروەها فکری پێشکەوتنخواز بکەوێتە مناقشەکردنی ئەو فکرەی چەقیوە کە جەماوەرێکی فراوانیشی نیە.

# بەشی سێیەم

## ئیسلامی سیاسی، دین و نەتەوە

بۆ لێدوان و روونکردنەوەی چەمکی ئیسلامی سیاسی،لەساڵی ١٩٩٩دا، تەلەڤزیۆنی "ئیسلام" گفتوگۆیەکی سازدا کە ئیکرام کەریم ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی و سەرۆ قادر بەرپرسی دەزگای رۆشنبیریی و راگەیاندنی گوڵان بەشدار بوون.ئەمەی لێرەدا دەیخوێننەوە، پوختەی گفتوگۆیەکی درێژە کە لەوەوپێش لە کتێبی دین و سیاسەت دا بڵاوکراوەتەوە. دوای راستکردنەوەی هەڵە زمانەوانیەکانی کە لەچاپی یەکەمدا روویدابوو، جارێکی دیکە لێرەدا دەیکەمەوە پاشکۆی ئەم نامیلکەیە.

* پێناسەی ئیسلام بەرای جەنابتان چیە؟

ئیکرام کەریم: بسم الله الرحمن الرحیم، ئیسلامی سیاسی ناوێکی لێکدراوە، لە ئیسلام و سیاسەت. ئیسلام ئەگەر تەعبیری بکەی بریتیە لە دوایین دین کە خوا بە محەمەددا ناردوویەتی بۆ بەشەریەت. پێغەمبەری خواش دەوری رۆشنکەرەوەی ئەو دینەی هەبووە. لەمەدا دوو سەرچاوە بۆ ئیسلام دروست دەبێ کە قورئان و حەدیسی



پێغەمبەرە(د.خ)، بۆ هەموو مەسەلەیەکی ئاینی گەر بتەوێ جێگیری بکەی، پێویستە موراجەعەی ئەو دووسەرچاوە بکرێ; قورئان کە کتێبێکە لە (الحمد لله)وە دەست پێدەکات تاوەکو (قل اعوذ برب الناس) بەو شێوەیە هاتۆتە خوارەوەو جبرائیل هێناویەتی بۆ پێغەمبەر (د.خ). ئەویش بە ئەمانەتەوە گەیاندویەتیە نەوەی خۆی و سەحابەش بە ئەمانەتەوە هەتا هاتۆتە دنیای ئەمڕۆی ئێمە. ئەمە ئیسلام وەکو شتێکی مەعلوم، بەڵام ئیسلام ئەگەر بتەوێ بیناسێنی بریتییە لە کۆمەڵێ رێکخستن کەوا پەیوەندی نێوان خواو بەندە رێکدەخات، لەگەڵ رێکخستنی پەیوەندی بەندەو خەڵکانی دیکە. واتە ئیسلام، رژێمێکی رۆحی، عیبادی ئەخلاقیە، هەروەها رژێمێکی سیاسی، حکومی، ئابووری، سەربازیشە. ئەمڕۆ گرفتەکە لەوەدا نیە بەڵکو ئەمڕۆکە مەسەلەی ئیسلامی سیاسی هاتۆتە ناو مەسەلەکان و رووناکیان خستۆتە سەر مەسەلەیەکی پەیوەندیدار کە سیاسەتە.

ئایا ئیسلام سیاسەتی تیایە یان نا؟ ئەم چەمکە پەیوەندی نیە بەوەی کە ئیسلام ئەگەر رۆحی بێت یان عیبادی بێت ئەگەر مرۆڤ بەرەو رەوشت بەرێ، بەڵکو تێبینی لەسەر ئەوە هەیە کە ئایا ئیسلام دەتوانێ وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی ئیدارەی خەڵک بکات یان نا؟ ئەگەر بگەڕێین بەناو حوکمەکانی قورئان و حەدیسدا دەبینین باشترین یاسای تێدایە، کەواتە ئیسلام رێکخەری هەموو ژیانە.

* کەواتە مامۆستا بەو پێیە دەتوانین بڵێین ئیسلام دوو لایەنە، لایەنێک پەیوەندی بەندە لەگەڵ خوای خۆی، لایەکەی دی مرۆڤ لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا؟

ئیکرام کەریم: بەڵێ.

* ئەگەر بگونجێ پێناسەیەکی سیاسەتمان بۆ بکەی؟

سەرۆ قادر : جارێ پێش ئەوەی بێمە سەر پێناسەی سیاسەت، کە لە زانیاری زۆر گشتیدا بە هونەری قۆزتنەوەی هەموو ئەو توانایانە دادەنرێ کە حزبێکی سیاسی یان کۆمەڵێکی سیاسی، بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بەکاریدێنن و دەیگونجێنن لەپێناو ئەو ئامانجانەی هەیانە. ئەمە چەمکێکی ئاکادیمییەو خەڵکانی ئەو بوارە زۆربە وردی دەتوانن لێی بکۆڵنەوە. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە، پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆکەمان بکەین، حەز دەکەم ئاماژە بۆ چەند چەمکێک بکەم، بۆ ئەوەی ئەگەر لە درێژەی گفتوگۆکەماندا دیقەتم کەم بۆوە، هەڵگێڕانەوە نەکەوێتە ناو ئەو چەمکانەی من گەرەکمە. مەبەستم لە چەمکی ئیسلامی سیاسی، ئاینی پیرۆزی ئیسلام نیە، بەڵکو ئەو رەوتە سیاسیانەن کە لە پێناو وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵدا، وەکو هەر حزبێکی دیکە تێدەکۆشن، بە کردەوەش لەناو کۆمەڵدا هەمان رەفتارو کرداری سیاسییان هەیە کە حزبەکانی دیکەی سیاسی غەیری ئەوان دەیکەن. مەبەستم لە ئیسلامی سیاسی قۆزتنەوەی ئاینی ئیسلامە بۆ کاری سیاسی یاخود بەکارهێنانی ئیسلامە لەلایەن هەندێ بزووتنەوەی سیاسی لە کۆمەڵدا، لە پێناو وەرگرتنی دەسەڵات پەنا بۆ قودسیەتی دینی کۆمەڵ دەبەن. مەبەستم لەپیاچونەوە بە بیروڕاکاندا، پیاچونەوە نیە بە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و حەدیسدا چونکە ئەوە کاری من نیە.

* بەرای ئێوە زاراوەی ئیسلامی سیاسی چەند راستە؟

سەرۆ قادر: چەمکی ئیسلامی سیاسی مێژوویەکی دووری نیە. لە قۆناغی کۆتایی لێکهەڵوەشانی دەسەڵاتی ئیستعماری لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بیروڕایەکی سیاسی لە ناو هەندێک کۆمەڵەی ئیسلامی پەیدا بوو کە ئایدیۆلۆژیای خۆیان لە ئاینی ئیسلام هەڵدێنجا. لە جیاتی



پەنابردن بۆ کۆمەڵێ ئامانج و بیروڕای دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیریی، وەک هەموو روانگا سیاسی و فەلسەفیەکانی دیکە، ئەم رەوتە پەنای بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام بردو کردیە ئایدیۆلۆژیای خۆی. لەکاتێکدا ئەمە ئاینی کۆمەڵە. لە کوردستان لە نزیکەی چواردە سەدە پێش ئێستاوە ئیسلام ئاینی کوردە.

بەرای من ئیسلامی سیاسی، جۆرێک لە قۆزتنەوەی تێدا هەیە، قۆزتنەوەکەش دەرهەق بە موقەدەساتی میللەتێکی موسڵمانە. هەر حزبێکی سیاسی چ گەورە چ بچووک هەر ئاواتێکی سیاسی هەیبێت کە لە بەرژەوەندی ئەو گەلە تەواو بێ،دەیەوێ دەسەڵاتەکەی بەدەستەوە بگرێ، حەقی بوونی هەیە، بەمەرجێک هەرەشە لە بەرژەوەندی باڵای وڵات نەکات.

لایەنێکی دیکەی کێشەکە،ئیسلام دینی کۆمەڵی ئێمەیە، پیرۆزترین لایەنی ژیانی مەعنەوی و مادی میللەتی کوردە و ئەوە چواردە سەدەیە مەسەلەی بە ئیسلامکردنی کۆتایی هاتووەو میللەتێکی موسڵمانە. دەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم، ئایا ئێستا ئامانجی بزووتنەوە سیاسیە ئیسلامیەکانی کوردستان، بە ئیسلامکردنەوەی کۆمەڵێکی موسوڵمانە، بە ئیسلام کردنەوەی کوردە، یان ئەوەتا تەفسیرێکی نوێیە بۆ ئیسلام؟ کە لە هەردووحاڵەتدا، پێموایە زانایانی ئاینی دەتوانن گفتوگۆی ئەم بابەتە بکەن، کە ئایا پێداچوونەوە بەئاینی ئیسلامدا یان تەفسیرکردنەوەی، چەند دەکرێت بەناوی کۆمەڵێک لە قەڵەمی بدەی. لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە پێیانوایە دەبێ بەشێوەیەکی ئاسایی وڵات بەڕێوەبەرن، دەڵێن بەرژەوەندی گشتی وڵات هیچ حزبێک بۆی نیە بۆ بەرژەوەندی حزبی ئیستغلالی بکات. لەوانەش دین و سەروەری و ئابووری ئەو وڵاتە. بۆ دەڵێن ئیسلامی سیاسی زاراوەیەکە شەرعیەتی

نیە؟ لەو روانگاوە نیە کە نابێ ئیسلام سەرچاوەیەک بێت بۆ یاساو بیرکردنەوەی موسڵمانان. نەخێر. لەوەدایە کە حزبێکی سیاسی دێت بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی لەپەنا دەقە پیرۆزەکانی ئاییندا دەشارێتەوە، کەچی ئەمە موقەدەساتی میللەتێکە، واتە تۆ دێیت میللەتێک دەخەیتە بەردەمی ئایەتێکی پیرۆزو بە ئارەزوی خۆت بۆی تەفسیر دەکەی. کاتێک کەتۆ بۆ کاری سیاسی پەنا بۆ ئایەت و حەدیس دەبەی، ئەوا میللەتی ئێمە بە حەزەرەوە مامەڵەت لەگەڵدا دەکات. ئەمە بۆ قودسیەتی ئاین دەگەڕێتەوە لەناو کۆمەڵی ئێمەدا.پێموایە بزووتنەوە سیاسییەکانی ئیسلامی لە کوردستاندا، ئیسلام دەکەن بە ئایدیۆلۆژیا بۆ حزبێکی سیاسی. دیارە ئامانجە سیاسیەکان لە کۆمەڵدا بە هیچ شێوەیەک رێگا ناگرن لە چاکسازی و تەفسیری نوێی ئاینی ئیسلام بۆ ژیانی کۆمەڵ، بە هیچ شێوەیەک ئەمە نابێ رێی لێبگیرێ، بەڵکو دەبێ هەموو یاساکانی کۆمەڵ، رێوشوێنەکان، شێوەکانی وڵات بەڕێوەبردن، جاری یەکەم ئەگەر بکرێ لەفەرمانەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام سەرچاوە بگرێ، ئەگەر نا لەگەڵی بگونجێ، بە هیچ شێوەیەک نابێ لەگەڵیدا دژ بێت. ئەمە کارێکە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی و بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا بڕاوەتەوە. لەم خاڵەوە من پێموایە قۆزتنەوەی ئاین، بۆ بە ئایدیۆلۆژیکردنی لەلایەن حزبێک بەدەست درێژی دەزانم بۆ سەر موقەدەساتی ئەو میللەتە.

* ئەو تۆمەتانە چۆن لێکدەدەنەوە کە دەڵێن لەژێر پەردەی ئیسلامدا بەرژەوەندی تایبەتی هەیەو جگە لەوەی بەڕای کاک سەرۆ زاراوەی ئیسلامی سیاسی تازەیە، ئەوە چۆن لێکدەدەنەوە؟

ئیکرام کەریم: هەندێ تێبینیم هەیە لەسەر قسەکانی کاک سەرۆ. مەسەلەی سیاسەت، وشەیەکی ئاڵۆزە، پێناسەیەکی روونی نیە کە



ئینسان حوکمی لەسەر بدات کە ئایا بە کردەوە ئیسلام سیاسیە یان نا. مەسەلەی زاراوەی سیاسەت وەک هونەری مومکیناتە، بریتیە لە بردنەوەی گرەو لە بەرامبەرەکەت، لەکات و شوێنێکا کە مرۆڤ خۆی دایدەنێ. هەندێکیش دەڵێن سیاسەت وشەیەکی عەرەبیە، کە بە مانای پێشڕەوی کردنی میللەتێک دێت، پێشڕەوی دەکەی بەرەو رەوتێک، بەرەو مەسەلەیەک، بەرەو وەزعێکی دەبەی. حەدیسیش باسی ئەم وشەیەی کردووە کە کان بنی اسرائیل تسوس بالانبیاء. بەنی ئیسرائیلیەکان پێغەمبەران پێشڕەویان دەکردن بەرەو ئەو شارستانیەتەی کە لە مێژوودا دروستیان کرد. پێغەمبەران کاریان پێشڕەوی کردنی میللەتان بووە. هەندێ کەسیش دەڵێن سیاسەت وشەیەکی ( مەغۆلیە) بەتایبەتی (ئیمامی مقەریزی) کە یەکێکە لە مێژوونووسان، دەڵێ ئەسڵی وشەی سیاسەت وشەیەکی مەغۆلیە، لەیاساوە هاتووە، لە دواییدا بووە بە سیاسەت بەماناکەی ئەو واتا (یاسا) و پاراستن و پیادەکردنی (یاسا).

کە دەڵێن ئیسلامی سیاسی، یان ئیسلام سیاسەتەو جیا نیە لە سیاسەت، ئیسلام و سیاسەت دوو وشەن لەلای ئێمەی ئیسلامیەوە جیا نەکراوەتەوە و جیاکردنەوەکەش ئێمە نەمانکردووە. ئێمە بانگی ئیسلاممان کردووە ئیتر مەسەلەی سیاسیەکە بەرزکراوەتەوە، ئەمە ئێمەنین سەرنج دەخەینە سەر لایەنە سیاسییەکەی. ئەگەر ئەمەش بکەین لە بواری وەڵام و روونکردنەوەدا دەیکەین. مەسەلەی سیاسەت بریتیە لە پیادەکردنی رژێمێک، ئایدیۆلۆژیەتیەک، بیروڕایەک، پیادەکردنی ئەو بیرە، بەرەو گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی، ئەگەر کورتی بکەینەوە سیاسەت ئەمەیە کە بیرێک کۆمەڵگایەک دەجوڵێنێ، دەیگەیەنێتە دەسەڵاتی سیاسی، ئەو بیرو ئایدیۆلۆژیەتە دەخاتە سەر مەسەلەکە.

دووەم کە کاک سەرۆ دەڵێ: ئیسلامی سیاسی ئەگەر بێتە ناو مەیدانی سیاسەت و کار بکات، کۆمەڵێک کۆسپ لەبەردەم خەڵکدا دروست دەکات. باسی موتڵەق دەکا، باسی لە قاڵبدان و ئەو حەدیسە کەس نیە قسەی تێدا بکات.

بەڵێ ئیسلام ئاینێکە، ئەم ئاینە وەکو هەموو ئاینەکانی دیکە کە پەیوەندی سیاسی تێدایە یان نا؟ ئایا ئەو ڕێکخستنە سیاسییە باشە بۆ ئەوەی پیادەبکرێ یان نا؟ پەنادەبەینە بەر دوو ڕێباز، ڕێبازێکیان پێیدەوترێ ڕێبازی سوکرات، دەتوانین کۆمەڵێ پرسیار بکەین. یەکەم، کەسێک کە باوەڕی بە ئیسلامی سیاسی نیە یان بڕوای وانیە کە کۆمەڵێک بزووتنەوەی ئیسلامی هەوڵی دەسەڵات بدەن، بڕوای پێ نیە کە بۆچوون و پێوەری ئیسلام بێت لە حزبایەتی کردندا، لە سیاسەتکردندا، لە شۆڕشکردن پێشڕەوی کردنی کۆمەڵگا وەکو حەدیسەکە ئاماژەی پێکرد، ئێمە بڵێین ئەو کەسانە کە باوەڕیان بەخوا هەیە یان نا؟ پرسیارێکە ئەگەر ئەو کەسە باوەڕی بەخوا ببێت. پرسیاری دووەم، یەکسەر دروست دەبێ، کە ئەم خوایە توانای هەیە کەوا ڕژێمێکی وا دابنێت لە بەرژەوەندی مرۆڤ دابێت. ئەوەی باوەڕی بەخوا ببێت ئەوەی لەلا ڕوونە، ئەوەی دەڵێ کە خوا توانای ئەوەی نیە کە داینێ ئەوە باوەڕی بەخواو بە ئیسلام نیە.

ئەگەر باوەڕی بەوە هەیە کە ڕژێمێک هەیەو خوا مرۆڤی دروست نەکردووە بەڕەڵای کردبێ بە کەیفی خۆی بکات، بەڵکو یاسایەکی بۆ داناوە، ئایا یاسایەکە تەواوە؟ یان یاسایەکە پەیوەندی عەبدو خوا دەکات و هیچی تر؟ بە ڕێکخستنی پەیوەندی عەبدو خوا هەڵدەستێ؟ ئێمە ڕێکدەکەوین لە خاڵێکا کە ئەوەش ئەوەیە بەراستی خوایەک هەیە، یاسای داناوەو مرۆڤیشی بەسەرکردۆتەوەو یاسای بۆ داناوە، بەڵام



یاسایەکە، بۆ نموونە ئەو دەڵێ تەنیا پەیوەندیەکی ڕۆحییە، نەک مەسەلەیەکی سیاسی بێت، یان یاسای حوکم بێت. ئێمە لەو خاڵەدا یەکڕاین کە خوا هەیەو یاسایەکی داناوە، ئەم یاسایەش مادام خوا دایناوە ڕاستە. کە من بڵێم ئیسلام یاسای حوکمی تێدا نیە، دەبێ لە ئیسلام خۆی وەرمگرتبێ کە یاسای حوکمی تێدا نیە: یان ئەگەر بڵێم تێیدایە ئەوا دەبێ بە بەڵگە بیسەلمێنم، کەخوا هەبێ یاسایەکی هەبێ بۆ مرۆڤایەتی باش بێت، یاساکە یاسای حوکم بێت. ئایا ئێمە بۆمان هەیە پیادەی بکەین یان ئیختیارمان هەیە، ئەگەر جێبەجێی نەکەین دەبێ؟ ئایا دەتوانین ڕێکبکەوین هەندێکی کە لەگەڵ بەرژەوەندی خۆمانە، جێبەجێ بکەین و ئەوەی دی پشتگوێ بخەین، ئەمە قبوڵە یان نەء؟ ئەگەر ئەمە وابێ پێویستە گفتوگۆ بگۆڕین. دەمێنێتە سەر ئەوەی کەوا مادام ئێمە باوەڕمان بەو یاسایە هەیە، دەگەینە ئاکام. ئەگەر نا ئێمە ئسلوبی دیکەمان هەیە، دێین سروشتی ئیسلام دیراسە دەکەین، ئیسلام کە دوو سەرچاوەی هەیە قورئان و حەدیسە. لەو دوو سەرچاوە بەسێ چوار جۆر باسی حوکم دەکات.

یەکەم. بۆ وشەی حوکم، خوا دەفەرمووێ وانزلنا الیک الکتاب لتحکم بین الناس. ئێمە ئەم کتابەمان ناردووە، ڕێبازی حوکمە لەناو خەڵکدا، واتە دەسەڵاتێکی سیاسیەو کەسێک ئەگەر سەرپێچی بکات دەبێ ئیجرائاتی لەگەڵدا بکەین. هەتا باسی تەورات و ئینجیلیش دەکات کە حوکمیان تێدایە بۆ کاتی خۆی. پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێ:"ینفصم عری الاسلام الاسلام عروة عروة اولها الحکم واخیرها الصلاة". ئیسلام دەکەوێتە فەترەیەکی ئەزموونی گرێکانی دەکرێتەوەو وایلێدێ بەرگی پێوە نامێنێ، یەکەم گرێ کە لێی دەکرێتەوە حوکمەکەیە، کە دەسەڵاتی سیاسیە. دوای ئەوەش خەڵک کەم کەمە

گرنگی بە نوێژیش نادەن. ئەمانە دوو شتن پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، لێک جیاوازکردنیان یان مەرام و مەبەستیان تێنەگەیشتنە لە حەقیقەتی ئیسلام ئەوەش مەسەلەیەکی دیکەیە.

سەرۆ قادر: ئەگەر هەمووی موناقەشە نەکەین پێموایە گفتوگۆکە زۆر شتی تێدا بزر دەبێ.

ئیکرام کەریم: بەڵێ، تێبینی سێیەم لەسەر قسەی کاک سەرۆ کە دەڵێ ئەو حزبە ئیسلامیانە ئاین دەکەنە پەردەپۆش بۆ ئامانجەکانی خۆیان. لە راستیدا من ئەم قسەیەم بەلاوە وروژێنەر نیە چونکە ئەم قسەیە لە قورئاندا هەیە. ئەوەتا کە پێغەمبەر باسی ئاین دەکات و دەڵێ خوا ئاینێکی ناردوە دەبێ ئێمەش ئیلتیزامی پێوە بکەین خێریشی تێدایە بۆمان. ئەمەش خوا بەرژەوەندی عەبدی موڕاعات کردوە، ئەگینا خوای گەورە خوایە ئەگەر هەموو عەبدیش کافربن، هەر هەمووی دژایەتی خوا بکەن، قازیفە بنێ بە ئاسمان، گرفت نیە. تەنیا بۆ بەرژەوەندی عەبدە ئەو قسەیەو دەقە لە قورئاندا هاتووە: "إن هذا لشيئ يراد". ئەمە مەبەستێکی دی لە ژێریدا هەیە، ئەم بانگەشە بۆ یەکگرتن و بۆ ئاین و بۆ ئیسلامە، کۆمەڵێ ئامانجی دی لەژێریا هەیە، کە جێبەجێکردنی ئیسلامە. بەڵێ راستە بزووتنەوە ئیسلامیەکان بۆ ئەوە نەهاتوون کۆمەڵگای کوردی ئیسلام بکەنەوە، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە سیاغەی ژیانی کوردەواری پتر لەسەر ئیسلام بکات، هاتووە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ ئەو کاتەش دەیسەلمێنێ کە ئیسلام چ خێرێکە بۆ کۆمەڵگا، چونکە پێش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، سەلماندویەتی کە مێژوویەکی هەیە.

* هەر لە زاراوەی ئیسلامی سیاسیدا کە گوتتان مێژوویەکی دووری نیە. درێژبوونەوەی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی بەدرێژایی



چەندەها ساڵ ئەگەر مەسەلەکە دەسەڵاتێکی سیاسی نەبێ چۆن تەفسیر دەکرێ؟

سەرۆ قادر: ئەوەی کە بەلای منەوە گرنگە، تەفسیرکردنی ئایەت و دەقە پیرۆزەکانی ئاینی ئیسلام نیە، لەوانەیە ئامانجی ئەم بەرنامەیەش نەبێ. پێموایە ئەمە ئەرکی حزبێکی سیاسیش نیە، چونکە ئەمە ئەرکی دەزگاکانی ئاینی و مامۆستایانی ئاینی و پەیمانگاو کۆلیژەکانی شەریعەتە. ئێستا لە وڵاتانی ئیسلامی هەوڵدەدرێ کۆلیژی تایبەت بە خۆیان هەبێ.

پێموایە ئەوەی کە مامۆستا ئیکرام دەیڵێت، لە رووی مێژووییەوە ئاینی ئیسلام لەسەرەتاوە بە دەسەڵاتێکی سیاسی دەستیپێکرد، بەڵام دوای نزیکەی چواردە سەدە کە کۆمەڵی ئیسلامی دروست بووە،زۆر لەو ئامانجانەی ئەوکات، ئێستا هاتۆتەدی.ئاینی ئیسلام بە ئەندازەیەک بەسەر کۆمەڵی خۆیدا بالادەستە کە بە فەرمان و بە چاکسازی و بەرێنوێنی و چاودێریکردن لەسەر یاساو کاروباری دەوڵەت و ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و تەنانەت چالاکی حزبەکانیش،دەتوانێ دەستنیشان بکات لە کوێ لە رێنوێنی ئیسلام لادراوە، لە کوێ دەبێ شتێکی زیاد بکرێ و سەرچاوەکەشی لە ئیسلامەوە بێت. ئەم کارانە زۆر پێویستن بەڵام یەک شتی زیادەیە،ئەویش لە ناو ئایندا پێویست بە حزبی سیاسی نیە. ئامانج لێرەدا ئەوەنیە کە بگەڕێینەوە سەر سیاسەت، مەبەست لێرەدا ئەوپرسیارەیە: ئایا بەراستی لە کۆمەڵێکدا دوای نزیکەی چواردە سەدە موسڵمانیەتی،بەپێی یاسا رێگا نادرێ هیچ حزب و کۆمەڵەیەکی رۆشنبیریی کار بکات ئەگەر کار کردنەکەی لە دژی ئاینی ئیسلام بێت- ئایا لەم قۆناغەشدا پێویست بەوە هەیە کە تەفسیری دەسەڵات و سیاسەت و تەفسیری دەسەڵاتی سەربازی

ئیسلام، تەنیا ئاوها بکرێ کە کۆمەڵێ حزب دروست ببن وەکو هەموو حزبەکانی دیکەی سیاسی کارتی ئەندامیەتی، مەکتەبی سیاسی و سکرتێریان هەیە، دژایەتیان هەیە و لادان لەمەبادیئیان هەیە. ئێوە باش دەزانن کە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا پاشەکشە لەمەبدەئەکاندا نیە، لێکدانەوەی پێچەوانەی موقەدەساتی ئاین نیە. خوار رۆیشتن لەسەر رێنوێنی ئاین بۆ کۆمەڵ، سزای لەسەرە.لەلایەکیدیکە دەزانین حزبێکی سیاسی زۆر بە ئاسانی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی، پێ لە زۆر بیروباوەڕی خۆی دادەنێ. من پرسیارێک لە مامۆستا ئیکرام دەکەم؛ ئەگەر لە یاسای ئیسلامدا کوشتنی برای موسڵمان بەتاوان دابنرێ، ڕەوایە ئەو حزبە سیاسیەی کە لەپێناو ئیسلام تێدەکۆشێ، لەسەر مەیتی هاوەڵەکانیەوە بچێ بکوژی هاوەڵەکانی خۆی ماچ بکات، ئەگەر ئەوە حزبێکی سیاسی نەبێ؟ ئەم هەڵوێستە لە حزبەکەی ئێوە و حزبەکانی دیکەش هەیە.من ئەمە بەکەمی وەرناگرم بۆ حزبەکەی ئێوە، بەڵکو وایتێدەگەم کە حزبەکەی ئێوە، حزبە ئیسلامیەکان، سیاسین هەتا سەر ئێسقان، وەکو هەر حزبێکی دیکەی سیاسی کە ناوی ئیسلامی پێوە نیە. هەموو ئەو موسڵمانانەی کە لەناو حزبەکەی تۆدان، لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی لایەنگریت ناکەن، چ حوکمێکیان بەسەردا دەدەی؟ ئایا پلەیەکی کەمتر بۆ ئەوانە دادەنێی کە لە حزبەکەت دانین، چونکە بە روانگای تۆ جیهاد ناکەن، بەڵام بە تێڕوانینی خۆی لە فەرمانەکانی دین لانادات. ئەگەر موسڵمانی بێگەرد ئەوانەبن کە لە حزبێکی سیاسی ئیسلامیدا جیهاد دەکەن،ئەوا زۆربەی کۆمەڵ بە کافر دەردەچن. دیارە ئامانجەکە سیاسیە. کەمنیش دەڵێم گروپە ئیسلامیەکان لە قۆزتنەوەی دینی ئیسلامدا یەکگرتوو نین، دەمەوێ بڵێم وەکو بزووتنەوە کۆمۆنیستەکان کە دەیان مەڵبەند و گروپی جیا جیایان هەبوو، ئێوەش لە بە ئایدۆلۆژیی کردنی ئیسلامدا یەک روانگاتان نیە.



باشە ئەو کاتە ئەو برادەرە موسوڵمانەی کە ئەندامی ئێوەیە و تۆ دڵنیای دەکەی ئەو موسڵمانترە لەو حاجی و مەلا و دیندارەی کە بە حوکمێکی دینی پەروەردەبووە لە خێزانێکی ئاینی پەروەردەبووە، چووەتە ناو حزبێکی سیاسی، ئەگەر چووبێت، خیلافی ئاینی تیا نەبینیوە، بە موەجەهی بۆ لە ناوبردنی دین و پێشێلکردنی موقەدەساتی ئاینی کاری نەکردووە، ئێستا تۆ پێیدەڵێی: نا ئەوەی لەناو حزبەکەی من دایە بە پلەیەک لە تۆ دڵسۆزترە لە تۆ موسوڵمانترە، واتە لە حەقیقەتدا تۆ جیهانی ئیسلامیش لەو هەموو گەورەییەوە، دوای نزیکەی چواردە سەدە دێنیەوە سەر حزبێک و ئەندامەکانی ئەو حزبە کە بەکێشە و قەیرانێکی سیاسی، زۆر کەم دەبێت،بە پێچەوانەشەوە، بەسەرکەوتنێکی سیاسی زۆر دەبێت. ئەگەر وابێ ئەوە حزبەکەی ئێوە لەبەرامبەر شەهیدانی خۆی، کە دەستتان لەملی بکوژانیان کرد، بەرامبەر بە ئاین وەستان وپێشێلتان کرد. من رێگە بەخۆم نادەم بەو شێوەیە باسی موقەدەساتی دین بکەم کە مامۆستا ئیکرام باسی کرد. ئەمە خۆی لێی بەرپرسیارە، بەڵام قەزیەی دەسەڵات و سیاسەت و بەکارهێنانی توندوتیژی لە ئاینی ئیسلامدا بەو مانایە نیە کە هەر دەبێ حزبێکی سیاسی ئیسلامی بێت و دەسەڵات بەدەستەوەبگرێت. ئەم بزووتنەوانەی کە بەپێی یاساکانی وڵات دروست بوونە، دەبێ بزانن ئێمە بەشێکین لە جیهانی ئیسلامی،ئەویش بەشێکە لەو جیهانەی کە هەموو بەشەریەتی تێدا دەژی، بیانەوێ یان نەیانەوێ، دەبێ وەکو هەموو دنیا پێشبکەوین، دەبێ لەبەرهەمەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و رێکخستنی کۆمەڵ کە لەخێری مرۆڤ دایە و لەگەڵ موقەدەساتی ئیسلامی ناکۆک نیە، سود وەربگیرێ. کەواتە زۆرئاساییە لەو بەشەی ئێمە دەتوانین ژیانی خۆمانی تێدا رێکبخەین،مەبەستم ژیانی سیاسی و

کۆمەڵایەتی وئابوورییە و بەپێی فەرمانەکانی دینی خۆمان بکرێت، دەبێ بیکەین، بەڵام ئەگەر گۆڕانی نوێ هەبوو، پێموایە ئەوا لە ئاینیشدا بوارێک بۆ دەرفەتدان بە دیاردەی نوێ هەیە. تۆ لە لایەکەوە دیموکراسی بە دژایەتی کردنی گوفتاری سیاسی ئیسلام دادەنێی، کەچی لەبەر چاوی ئێمەدا ملیۆنەها خەڵکی موسوڵمان لەو سیستەمەدا دەژیت و هەستیش بە پێشێلکردنی باوەڕە ئاینیەکانی ناکات. بەڕای من، ئەگەر بکرێ،مستەحەقترین شێوەی دسەڵات لەهەر وڵاتێکی ئیسلامیدا، ئەو سیستەمە سیاسییەیە کە لە خزمەتی کۆمەڵگای موسوڵمان و بەرژەوەندی ئەو وڵاتە دابێت.هەر ئەوە باشترین پاراستنە بۆ دەسکەوتەکان، جا ئەگەر سەرچاوەکانیان لە دینی ئیسلامەوە وەرگیرابێت یان لەگەڵ ئەودا گونجێندرابێت ئەوە باشترین جێبەجێکردنی حوکمی پێغەمبەری ئیسلامە. چونکە کۆتاییەکەش بە پەیڕەوکردنی یاسایە.

ئێمە باسی کوردستان دەکەین. لە وڵاتی ئێمەدا ئەگەر یاسایەک پەسند بکرێ کە گونجاوبێ لەگەڵ ئاین، مێژوو، موقەدەسات و کەلتورو هەموو بۆچوون و روانینەکانی میللەتەکەمان، ئەم یاسایە، یاسایەکی رێکوپێک وهێمن و لەسەرخۆ دەبێ. لەم رژێمەدا ئەوەی پێیدەگووترێ یاسای ئیسلامی و سیاسەتی ئیسلامی جێبەجێ دەکرێ.پاراستنی ئەم سیستەمە باشترین پاراستنە بۆ ئیسلام، بۆ میللەتێکی موسڵمان کە بەرەو گەشەسەندن بچێت. هەڵەیە ئەگەر یەکێک ئەوە بە نەزانین تێبگات. جا دێینە سەر ئەوەی کە دەڵێن ئێمە ئەگەر باوەڕمان بەخودایەک هەیە حەتمەن بەدوای ئەودا دەبێ یاسایەکی خوایی بێت. باشە بۆ دەبێ ئەو تەفسیرە بکەوێتە بەردەستی حزبێکی سیاسی، کە مەکتەبی سیاسیەکەی کۆدەبێتەوە، بەپێی بەرژەوەندی حزبەکەی حوکم



دادەرێژێ؟ کێشەکە ئا لەوێدایە. مەترسی هەیە حزبەکانی ناو کۆمەڵ، ئاین بکەن بە ئایدۆلۆژیای خۆیان. ئەگەر ئایات و حەدیسەکانیان کرد بە ئایدۆلۆژیا، خەڵک بەزەحمەت موناقەشەی دەکات.بزانە کە یەکێک کوفرێکی بەزاردا دادێت، خەڵک جاری یەکەم دەڵەرزێ، دوایی موناقەشە دەکات. جا باشە وەرە حزبێک هەر لە ئەلفەوە تا یا، هەمووی بە ناوی ئیسلام قسە بکات، چونکە موتڵەقیەت و قودسیەت لە ئەحکامی دیندا هەیە، کادیری ئەو حزبە موتڵەقیەت و قودسیەت بە کارە سیاسیەکانی خۆی دەدات، واتە لە حزبەکەتدا بواری نەرمی ناهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ شتی نوێدا بگونجێ، کە نەگونجای بەتوندی دژی دەوەستێ.ئێستا ئەوەی دەیبینین بووەتە مایەی کەمکردنەوەی ئیعتباری ئیسلام لەناو چاوی موسڵمانان خۆیان و لەبەر چاوی غەیرە موسڵمانیشدا.

* راتان چیە دەربارەی ئەو بیرورایەی کە هەندێک دەڵێن حزبە ئیسلامیەکان تەنیا خۆیان بە موسەڵمان دەزانن و ئەمەش قبوڵ ناکرێ، چۆنی وەڵام دەدەیتەوە؟

ئێکرام کەریم: حزبە ئیسلامیەکان تەنیا خۆیان بە موسوڵمان نازانن، ئەوان خۆیان بەخزمەتکاری ئیسلام دەزانن. هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی ئاین چاکسازی کۆمەڵگا بکات، چاکسازی لەبیرو هەست و ژیانی خێزانی و ژیانی سیاسی و ژیانی ئابوری بکات، ئەمە کارێکی تەتەوعی نیە، ئەمە کارێکە واجبە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە هەموو شت موتڵەق نیە لە ئیسلامداو بوار نەدات کە ئەقل بجوڵێ، هیچ بیرێک لە ژیان موتڵەق نیە و هەموو شتێ گۆڕاو نیە، هەروەها لە عەقڵیشا هەروایە. تەنیا بزووتنەوەی سۆفستائیەکان سەر لەنوێ دروست دەبێتەوە، ئەگەر شتێک نەبێ جێگیر بێ، وەکو ئەحکامی عەقڵی، جێگیر بێت و

قسەی لەسەر نەکات دوای ئەوە ناکرێ، لە ئاینیشدا کۆمەڵێ شت هەیە جێگیرە، قسەی لەسەر نیە، چونکە روونە کە هەر دەبێ وابێ، چونکە مرۆڤ هەر چەندە هەوڵ بداو تێبکۆشێ و عەقڵی پێشکەوێ لەوە زیاتر ناتوانێ بڵێ: ئەمانیش کۆمەڵێ شتی کەمن، لە ئیسلامدا زۆر نین، باوەڕ بەخوا و پەیوەندی بەخوا و بابەتی رۆحی و قەزیەی عیبادی و ئەمانە جێگیرن، پێویست ناکات دەسکاری بکرێت. ئەمانەی پێویستی بەحزب و کۆمەڵێ بزاوتن و جێگۆرکێ هەیە لە ئیسلامدا، لەژیاندا هەیە، لە عەقڵدا هەیە لەبیروڕای تردا جێگۆرکێ هەیە، لەئیسلامیشدا کۆمەڵێکی زۆر گۆڕانکاری هەیە، کە ئەمانە پێویستە عەقڵ بێتە پێش بۆ تەفسیرکردنیان. لە ئیسلامدا دوو بوار هەیە بۆ عەقڵ کە بجوڵێ، کە باشترین یاسایە بۆ چاکسازی عەقڵی مرۆڤ.

یەکەمیان لە سنوری دەقەکاندان هەر شارەزایەک بۆی هەیە تەفسیری بکات بۆ ئیسلام،" ولقد یصرنا القرأن للذکر" واتە ئێمە قورئانمان بەئاسانی ناردووە، بۆ ئەوەی هەموو کەسێ لێی تێبگات. کەسێک ئەگەر لە ئیسلام شارەزا نەبێ نابێ قسە بکا هەروەک کاک سەرۆش وایگوت، لەگەڵێدام، دەبێ پرسیارێک بکات، ئیسلام چیە؟ دوو بوار لە ئیسلامدا هەیە بیر تێیدا پێشکەوێ؛ بواری یەکەم دەقە زمنیەکانن، ئەم دەقانە واتە کۆمەڵێ ئایەت و حەدیس کە واتاکانیان زۆر رۆشن نیە، یان واتاکانی چەند واتایەک هەڵدەگرێ، چونکە بۆ راستکردنەوەی هەر واتایەک پێویستی بەوە هەیە کە مرۆڤ یان بۆ زمان بگەڕێتەوە، یان بۆ شەرع یان بۆ قسەی خەڵکەکە. ئەوەش تا بزانێ ئەو خەڵکە بۆ ئەو ناوەی لێناوە، بۆ راستکردنەوەی ئەم بوارانە. ئەمە پێیدەوترێ بواری گۆڕانکاری لەبیری ئیسلامیدا، کە ئەو هەموو مەزاهیبە بەدرێژایی مێژوو لێیدواوە، ئەوە مەزهەبی شافیعی، ئەوە



مەزهەبی مالیکی هتد. کە سەدەها کتێبیان نووسیوە لە هەڵسەنگاندنی ئەم واتایانە، کە ئەمە لە کۆنگرەی (لاهای) کە کۆنگرەیەکە بۆ یاسای دەولی دەبەستری بۆ ئەوەی سەرچاوەیەک لەشەرع و بەڕێوەچوون هەڵسەنگێنێ، لە دوو سێ دانیشتندا بڕیاریدا کە ئیسلام دەوڵەمەندترین سەرچاوەی (تەشریعە) لەبەر ئەوەی رێگای داوە بەسەربەستی بیرو گۆڕان. چونکە ئەوەی مەزهەبێ نەیوتوە، ئەوەی دیکە گوتوویەتی. ئەمە لەکاتێکیا هەموویان بیروڕای هەمەلایەنەن، ئەگەر بتەوێ هەڵیانبژێری، چونکە مەسەلەیەک واتای زۆر هەڵدەگرێ، جا تۆ هەر واتایەک هەڵبژێری، ئەمە سەربەستیەکی بیری زۆر گەورەی دروست کردووە. لە مێژوودا وابووە، هەتا ئێستاش هەر وایە.

بواری دووەم ؛ بواری ئەوەی کە ئیسلام چوارچێوەیەکی داناوە کە لێیەوە وەربگیرێ، داهێنان بکرێ، پێشنیاری پرۆژە بکرێ، ئەمانە کە ئیسلام دایناوە بۆ ژیان، هیچ کۆسپێکی تێدا نیە. یەک مەرجی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەو کێشەیە لەگەڵ ئیسلامدا دژایەتی نەکات و بەزەرەری خەڵکی تەواو نەبێ. ئیتر بواری بەعەقڵی خەڵکی داوە، ئەمەش مەسەلەی سیاسی هەموو لەو بوارەدایە، مەسەلەی راگەیاندن و بیروڕاو رۆشنبیریی.

چوارچێوەیەک هەیە لە ئیسلامدا پێیدەگوترێ رێگای ئوسولی لە ئیسلامدا، "لاضرر ولاضرار". ئیسلام رازی نیە هیچ شتێک تۆ بیکەی بیڵێی و ئەگەر بەزەرەری خەڵکی تەواو ببێت، یان ئەگەر بەزەرەری خۆشت تەواو ببێت. ئەمەش بەڵگەیەکە ئیسلام رێگە دەدا بەعەقڵ کە سەربەست بێت.

سەرۆ قادر: من تێبینیەکم لەسەر قسەکانت سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خواو بەندە هەیە. ئەمە ئیرشادە، هەر بۆیە دەوری ئیرشادو

پەروەردەی ئیسلامی زۆر پێویستە. هەڵبەت لە کۆمەڵی کوردەواریدا ناتوانین بژین و یاسایەکمان هەبێ، ئەگەر لە بنەمادا گونجاو نەبێ لەگەڵ ئاینی ئیسلام.

ئەگەر یاساو ڕێنوێنی نوێ هەبێ و بگونجێ لەگەڵ ئیسلام، جا ئەگەر ئەوە خزمەتکاری بۆ خودا و بەندەکانی بێت، بۆ دەبێ بقۆزدرێتەوە بۆ دەسەڵاتی تاکە حیزبێک. تۆ حزبێکی سیاسیت هەیە بۆ بەرنامەی خۆت هێزی دین دەقۆزیتەوە. ئەوەی دیکەیان توندڕەوییە لە جێبەجێکردنی فەرمانی ئەو دیاردانەی پێیدەوترێ یاساورێنوێنی و خێرخوازی وکۆمەڵێ ڕێنوێنی دیکە. دوای نزیکەی چواردە سەدە،بۆ دەبێ تۆ وەکو حزبێکی سیاسی ڕێنوێنی خەڵک بکەی کە بگەڕێتەوە سەر ئەوەی تۆ بە فەرمانی ئیسلامی دادەنێی. بۆ نابێ ئەو ئەرکە بەسەرجەم خەڵک بسپێردرێ وتێکڕای کۆمەڵگا لێی مەسئول بێت. ئەو کەسانەی کەوا ئەم بابەتەیان بەلاوە گرنگە ژیانی خۆیان تەرخان دەکەن، بۆ ئەوەی وڵات بە دەوڵەت و یاساوە، بەخەڵکی موسڵمانەوە ڕێنوێنی بکەن کەوا لە ڕێگای ئیسلام لانەدەن. ئەمە بۆ نەکرێتە پرۆسەیەکی هەمەگیری وڵات؟ بۆ بکرێتە بەرنامەی حزبێکی بەرتەسک. ئەو مەسەلەی کە تۆ پێیدەڵێی ئیجتهاد، پێویستە وەزنێکی زۆری بخرێتە سەر چونکە ئێمە میللەتێکین بەبێ کاریگەری ئاین ناتوانین بژین.بەڵام ئەگەر تاقمێکی ئاینی بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بەم کارە هەڵسن، ڕەنگە بگوازنەوە بۆ کۆمەڵێکی ئاینی کەوا کار بۆ ئامانجی جەماعەتێک بکەن، پێموایە هەر لەوێشدا دەبێتەحزبێکی سیاسی ئینجا تەفسیری ئەو لایەنە دەکەن کە کاری ئیجتهادی و بیرلێکردنەوە دەگوازنەوە بۆ ناوحزب. تۆ حەقی خۆتە بڵێی من کۆمەڵێکم لە مەجالی فکری ئیجتهادی ئیسلامدا کار دەکەم، ئەوەی پێموایە لە قازانجی



کۆمەڵدایە و لە قازانجی ئیسلامە ودەریدەبڕم و پێشمڕاستە، هەوڵ دەدەم خەڵک سەیری من بکات. ئەوە حەقی خۆتە بەڵام کاتێک کە دەیکەیتە حزب، ئیتر تۆ هەر دینێک بێت ئەگەر بیخەیتە چوارچێوەی حزب، لەوێدا تۆ ئاینەکە بەجێدێڵی و ئایدۆلۆژیایەک لەو دەریا گەورەیەی دین دروست دەکەی کە پێیدەگوترێ ئاین، تۆ خاوەنی ئایدۆلۆژیاکەتی بەڵام دینەکە بەجێدێڵی. ئەم حزبە وەکو ئەوەیە کە تۆ بڵێی من ئاو لەسەر وڵاتێک دەبڕم، تەنیا ئەو کەسانە حەقی ئاویان هەیە کە لە حزبەکەی مندان. دینی ئیسلام بەقەد ئاو و هەوا گرنگە بۆ کەسی موسڵمانی کورد، کە تۆ هاتی لەوبوارە کارت کرد، ئەوە هەوڵ وتەقەلاکانی ژیانیان لێوەردەگریەوە، ئەوجا بۆیان تەفسیر دەکەیتەوەو بەسەریاندا فەرز دەکەی کە دەبێ ئەوها بکەن کە تۆ دەتەوێ. بەڵام کە هاتیتە سەر مەیدانی کارکردنی سیاسی، ئەم حزبە، هیچ فەرقی نیە لەگەڵ حزبێکی دیکەی غەیرە ئیسلامی. هەر ئەو نموونەی جەنابت دەهێنمەوە؛کاتێک حزبێکی ئیسلامی لەگەڵ حزبێکی دیکەی غەیرە ئیسلامیدا کێشەیان لێپەیدا دەبێ چۆن ڕەفتار دەکات؟ جارێ پێشەکی دەڵێم لە دژی ئاشتی و لێبوردن نیم، پێموایە لە کێشەی سیاسی وڵاتی ئێمەدا، ئەگەر لێبوردن نەبێ، ڕووباری خوێن ناوەستێت. ئەگەر ئەو کەسەی کە تۆ شەڕت لەگەڵ دا کردووە، دەستیداوەتە کوشتنی خەڵکی موسڵمان، ئەوە دەبێ لێیورد ببیتەوە.خۆ ئەگەر جیاوازیشت لەگەڵ حزبێکی دیکەی سیاسی نیە،ئەوە دەست خۆشیت لێدەکەم، دەبێ ئاشتی بکەی، دەبێ لە خوێنی خۆت خۆش بی لە پێناوی بەرژەوەندی وڵات. پێتوایە تۆ شەڕت کردوە لە پێناوی ئیسلام نەبوەو لە پێناوی بەرژەوەندی خۆت بووە، یان کە پێکهاتووی لە پێناوی ئیسلام نەبووە. پرسیاری من لە جەنابت ئەوەیە؛ هەڵوێستی ئێوە وەکو پێغەمبەری

ئیسلام بوو؟ ئەو لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام، لەپێناوی دروستکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی و لەپێناو ئەو چاکسازیەی بە درێژایی مێژوو ملیۆنەها مرۆڤ لەسایەیدا دەژین، سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ یاساکانی مرۆڤایەتی، نەک هەر بۆ ئیسلام، ئێستا لە کاتی کێشەی نێوان شارستانیەتەکاندا و گفتوگۆی نێوان ئاینەکان و رۆشنبیریدا، ئیسلام پرۆژەیەکی زۆر گەورەیە کە خۆی دەستپێشخەری دەکات توانای گفتوگۆی هەیە- باشە حزبی ئێوە هەمان ئامانج و ئەرکی بەملەوە بوو؟ ئەگەر تۆ حزبەکەی بەرامبەرت وەکو ئەو قورەیشیانە حسێب دەکەی کە لەمەککەدا پێغەمبەر تاکتیکی لەگەڵ دا دەکردن لە پێناو بڵاوبوونەوەی ئیسلام، ئالێرەدا ئێوە هەموو حزبەکانی دیکە بەغەیرە موسڵمان دەزانن، چونکە هەر رۆژێک دژایەتیت لەگەڵ حزبێک پەیدابوو ئەوا بەو نەفەسە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەی کە بیکەیتە موسوڵمان. ئالێرەدا من دەگەڕێمەوە سەر قسەی خۆم کەتۆ ئیستغلالی ئیسلام دەکەی بۆ ئایدۆلۆژیا، واتە لەناو خۆتدا تەکفیری هەموو کۆمەڵگا دەکەی جگە لە حزبەکەی خۆت.

* ئەو رەواییە کێ بەخیشویەتی بەو کۆمەڵە خەڵکە کە حزب و کۆمەڵی ئیسلامی پێک بهێنن؟

ئیکرام کەریم: مەسەلەیەک هەیە لە ئسولدا ئەویش تەحقیقی مناصە کە خالی ناکۆک کامەیە مرۆڤ دەستی بخاتەسەر و هۆکاری نەگەیشتمان بەیەک چیە؟ یەک شتە، کەبەڕاستی ئەم بزووتنەوانە بزووتنەوەی سیاسین، بەپێوەری ئیسلامی، بزووتنەوەی نەتەوەیمان هەیە بەپێوەری نەتەوەیی، بزووتنەوەی مارکسی بەپێوەری مارکسی، هەمانە بەپێوەرێکی دیکە. ئەوە پێوەریان لە عبادەت و لەسیاسەت بریتیە لەو بیرو لەو ئایدۆلۆژیەتە، ئەمە مەسەلەیەکە. دووەم، کەس



مانع نیە کەوا ئینتقادی حزبێکی ئیسلامی بکرێت، بەڵام حزبە ئیسلامییەکە مانعە کە ئینتقادی ئیسلام بکرێت، کە پێوەری ئیسلامیە. بۆچی کاتێک کە ئیمتیازاتێک هەیە تەنها بۆ بەرژەوەندی حزبەکەی خۆت دەوێ؟ ئەمەش تێکەڵاوێک دروست دەکات. ئەگەر ئینتقادی دین لە موسڵمانێکەوە بێت، دەبێ مرۆڤ وریابێت. بۆ نموونە، کەسێک لەسەر تالیبان دەنووسێ، لەسەر هەڵسوکەوتی جەزایر، لەسەر خەڵکی دیکە، کاتێک دەڵێ، تالیبان دەست دەبڕنەوە، ئەمە ئینتقادی خودی تالیبان نیە، راستە تالیبان ئەوە دەکات، بەڵام ئەوە یاسای تالیبان نیە، ئەمە یاسایەکی ئاینیە، ئینتقادەکە بەرەوڕووی یاساو بڕیارێکی ئاینە. ئینتقاد لە هەڵسوکەوتی حزبەکە دەکرێ، بەڵام ئەگەر بێتو لە میانەی ئەوەوە رەخنە و قسە گوتن بە ئیسلام بێت، ئەوە دەبێ جیابکرێتەوە. ئەوانەی کە دەنووسن تێکەڵاوێکیان بۆ دروست بووە، ئەگینا دەتوانن لەهەڵسوکەوتی حزبێک رەخنەی زۆر بگرن، لە مێژووی، لەهەڵوێستی، لەهەڵسوکەوتی رۆژانەی،ئەمانە هەمووی مومارەساتی حزبیە. بەڵام ئەوەی دیکە پێوانەکەیەتی یان سەرچاوەی قسەکانیەتی، سەرچاوەی بیرکردنەوەکەیەتی، لەوەدا ئینتقادو رەخنە ناکرێ. جیاوازی حزبێکی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی تەنها ئەوەیە وەزیفەی حزبێکی ئیسلامیە کە ئەوە بکات. لە هەموو گەڕەکەکان مزگەوتێکیان بۆ دەکاتەوە حزبێکی ئیسلامیە خەڵکی فێری قورئان خوێندن دەکات، حزبێکی ئیسلامیە رێنوێنی ئافرەت دەکات سەرپۆش بدات بەسەریدا، کەواتە ممارەسەی کە رەنگی داوەتەوە لە ژیانیاندا بابێن بزانن جیاوازی حزبێکی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی چیە؟ ئەم حزبە ئیسلامیە، هەمان خواست و گرنگی نەتەوەیشی هەڵگرتووە، لە ئەدەبیاتیشیدا رەنگی داوەتەوە.

سەرۆ قادر: کەواتە چیت جیاوازە لە حزبە نەتەوەییەکە کە گرنگیە نەتەوەیەکەشت هەیە؟

ئیکرام ئەکرەم: حزبێکی ئیسلامی گرنگی نەتەوەییەکەشی هەیە وەکو بیرکردنەوە، وەکو ئەدەبیات و نووسین و رەنگدانەوە، وەکو ممارەسەو هەوڵدان بۆی، بەڵام سەرباری ئەوە گرنگیە ئیسلامیەکەشی هەیە. ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵکی بەرەو چاکسازی بەرێ یاهیچ نەبێ ئەندامانی خۆی دەبێ چاکساز بکات لەسەر زۆرترین ئیلتزام بەئاینەوە. ئەگینا خەڵکی تریش موسوڵمانەو ئەو ئیلتزامەی هەیە بەڵام ئەو بۆ زۆرترین هەوڵ دەدات، تابەپێی شەرع بگاتە ئەوەی کە ئەو پەیامەی پێیەتی بیگەیەنێ، ئەمە خاڵێکە. خاڵی ئەوەی کە تۆ دەیوروژێنی بەسەرجەم قسەکانی کاک سەرۆوە. دووەم شەرعیەت کێ داویەتی بە بزووتنەوەکانی ئیسلامی؟ من وابزانم شەرعیەت، ئەگەر پێناسەی وشەکە بکەین کە شەرعیەت کێ دەیدات، کە ئایا شەرعیەتێکی یاسایی و دەستووریە، یان شەرعیەتێکی مێژوویی و شۆڕشگێڕیە؟ لەوەدا هەڵوێستە لەبەرامبەر مەسەلەیەک ئایا نەتەوەیی نیشتمانییە یان شەرعیەتێکی ئیلاهیە؟ موسڵمانان ئەم شەرعیەتەیان هەیە، ئەحزابی ئیسلامی لە کوردستاندا، خوا رێگە دەدات کەوا واجب بێت و تەبلیغی دین بکەن وەکو خوا: کما انزل الله. بیگەیەننە ئەو خەڵکە، بێکەم و کوڕی و شاردنەوەی هیچ شتێکی کەوا لەگەڵ رەغبەتی کەس ناگونجێ. شەرعیەتە یاساییەکەشی وەکو هەموو ئەحزاب، لەناو یاسادا بەرەسمی شتێکمان کردووەو وەکو حزبێک بەپێی یاسا کاردەکەین. هەر چی شەرعیەتی شۆڕشگێڕیشە وەکو حزبی ئیسلامی لەناو کوردستاندا هەیە، لەگەڵ مەسەلەی نەتەوەیی کوردی دروست بووە، لەگەڵیابوون بەهەموو واتایەکەوە، هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا. ئەگەر بکرێ لێرەدا



بەچەند خاڵێک دیراسەی ئەم قەزیە بکەین، یەکەم: ئەحزابی سیاسی ئیسلامی لە کوردستاندا توانیویانە بسەلمێنن کە خزمەتکاری میللەتەکەیانن هەروەک چۆن خزمەتکاری ئاینی میللەتەکەیانن. وەکو بابەتە نەتەوەییەکە ئێمە وەکو یەکبوونی ئیسلامی کە مێژوویەکمان هەیە، لەگەڵ مەسەلەی کوردیدا. هەر لە هەفتاکانەوە بە مومارەسە لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا بووین، بە بەرگریکردن بوونمان سەلماندووە. هەر لەمێژەوە بەڕێز مامۆستا مەلا عوسمان کە خۆی دامەزرێنەری حزبەکەیە، ئەو لەگەڵ مەسەلە کوردیەکە داهاتووە، وێرای هەڵوێستی ئەم و ئەویش تەئسیری لەمەسەلەکە نەکردووە،

دووەم: ئێمە لە ساڵی ١٩٨٧ یشدا و لەسەرەتاو ناوەڕاستی هەشتاکان مەفاریزی ئیسلامی بەناوی ئیسلامەوە بەرەنگاری دوژمنی ئەم میللەتە بووە. لە ١٩٨٧یشدا کە سەرەتای دروست بوونی بزووتنەوەی ئیسلامی بووە لەگەڵ رابیتە و یەکگرتوو یەکیگرتووە. ئەمەش سەلمێنەری بەرگریمانە لەمەسەلەی کورد. دوای ئەمانەش لەراپەڕیندا بەشداری کردووە و کاری خۆی کردووە. لە هەڵبژاردنیشدا زۆر بە شارستانیانە بەشداری کردوەو بەئەنجامەکەشی رازی بووە، کە تێبینیشمان هەبووە لەسەر ئەنجامەکەی. دوایی لە ئیدارەی دەوڵەتەکەشدا، بەشداری لە حکومەت کراوەو ئیدارەی هەندێک شتیشمان کردووە کە زۆر تێیدا پسپۆر نەبووینە لەگەڵ کاری خۆمان. ئێمە بەدرێژایی ئەو کاتانە مەسەلەکەمان بردۆتە پێش بە مەسەلە نەتەوەییەکەمان. ئەمە وەکو شەرعیەتێک کە توانیومانە ئەم کارانە بکەین. وەکو مەسەلەی یاساییش شەرعیەتمان هەیە وەکو حزبێکی سیاسی ئیسلامی. وەکو شەرعیەتێکی ئیلاهی کە خوا رێگە دەدات کە ئێمە بەناوی ئیسلامی کار بکەین و بیگەیەنیتە خەڵک. وەکو شەرعیەتە

شۆڕشگێڕیەکەش ئەوە ئەو مێژووە لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەییەکەیدا بووە. جا ئەگەر کەسێک قسە لەشەرعیەتی بزووتنەوە ئیسلامیەکان بکات یان ئەوەتا ئاگای لەو مێژووە نیە، یان دەیەوێ مێژووەکەی بسڕێتەوە، یان مەبەستی تری هەیە.

* ئەگەر بکرێ تەوەرەکە بگۆڕین، هەروەک ئاشکرایە کە کۆمەڵە ئیسلامیەکان لە زۆربەی بوارەکاندا کار دەکەن وەکو، سیاسەت، ئابووری، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، سەربازی.. هتد بۆچی تەنها گووترا ئیسلامی سیاسی، باقی رەهەندەکانی تری فەرامۆش کران؟

سەرۆ قادر: ئەوە پرسیارێکی جوانە، پێموایە گەوهەری گفتوگۆکەی ئێمە لەسەر ئەم بابەتەیە. لەسەر ئەوە نیە کە بێین بەیاساو ئەحکامی ئیسلامدا بچینەوە. هەر زانایەک بەیاسای ئیسلامدا بچێتەوە من گوێی لێڕادەگرم و هەوڵ دەدەم لێیفێربم، بەلام کە باسی سیاسەت دەکرێ، وەک مامۆستا باسی کرد، ئەمە هەمووی سیاسەتە، کە تۆ دێی دەڵێی من وەک هەر حزبێکی نەتەوەیی گرنگیدانی نەتەوەکەم هەیە. باشە، بۆم تەفسیرکە گرنگیە نەتەوەییەکانت چین؟ ئەمە کە لایەنە سیاسەکەیەتی، گرنگی نەتەوەیی واتە بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئێمەی کورد هەتا ئێستا لە پێناوی دەرهێنانی ئەم میللەتە لەژێر دەستەیی وگۆڕینی بۆ قۆناغێک کە خۆی بەڕێوەبەرێ وەک کە خۆی دەیەوێ، بەپێی مێژووی ئاین و داب ونەریتێکەی خۆی. بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، لە دەرەوەی کەشی ئاین دروست نەبووە، ئەگەر جەنابت سەرنجی مێژوو بدەی لە ١٢٠ ساڵ پێش ئێستا شێخ عوبەیدوڵلای نەهری کە گەورەترین مەلاو زاهیدو شێخی زەمانی خۆیەتی، یەکەمین بزوتنەوەی نەتەوەیی رەسەن، کە رووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی پێوەیە



لەرووی زانستی و مێژووەوە دیراسەی دەکرێ دەستیپێکرد،ئەو سەرکردایەتی کردو لە پێناویدا لەمەنفا سەری نایەوە،تەرمە پیرۆزەکەشی لە مەکەی شەریفدا شاردراوەتەوە. شێخ عوبەیدوڵلا چی کرد؟ من زۆر حەز دەکەم لە بزووتنەوە سیاسیە ئیسلامیەکانی کوردستاندا رەسەنایەتی نەتەوەیی ببینم. بە لایەنە ئاینەکەدا ئاینی ئیسلام دوور نەبووە لە بزووتنەوەکەی ئێمە کە بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازە، بەڵکو جەوهەری بیری رزگاریخوازی کورد لە مێژوو و ئاین و دابونەریتی کوردەوە وەرگیراوە. ئایا مێژوو و داب ونەریت و کولتورو ئاینی کورد شتێکی جیای لە ئاینی ئیسلام تێدایە؟ شێخی نەهری،بزووتنەوەیەکی دروست کرد ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێیتەوە، ئامانجی نەتەوەیی تێدایە کە زەرەیەک لە ئیسلام دوور نەکەوتۆتەوە. هەروەها ئەرکێکی دیکەشی ئەنجام داوە، ئەرکێکی ئیرشادی وەکو زانایەکی ئاینی و خاوەنی تەکیەیەکی عیرفانی کاری کردووە. پێشڕەوێکی نەتەوەیی دیکەش شێخ عەبدولسەلامی بارزانییە. ئەویش شێخ بوو، مەلا بوو، خاوەنی تەکیە بوو، پێشڕەوی میللەت بوو، بیری دەکردەوە کە چۆن میللەتی موسوڵمانی کورد رزگار بکات. ئەو ئامادە بوو لەگەڵ عوسمانیەکان قسە بکات، کە ئەوکات ئیمپراتۆریی عوسمانی دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو. شێخی بارزان ئامادەبوو گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات بە مەرجێ شتێک بۆ کورد بێتەدی. ئامادەبوو لەگەڵ ئینگلیز مامەڵە بکات، بەلام نەک بۆ ئەوەی دین پێشێل بکرێ، هەروەک چۆن لەگەڵ عوسمانیەکان مامەڵەی دەکرد نەک بۆ ئەوەی مافی نەتەوەیی پێشێل بکرێ. لە هەموویاندا سەبەخۆیی کوردستانی لەبەر چاو بوو.

شێخ عەبدولسلام بارزانی هەوڵیدا چوو بۆ ئورمیە قونسلی رووسی بینی، کە لەناوچەکەدا دوەری هەبوو. ئەمە سیاسەتە، ئایا شێخ

عەبدولسەلام بارزانی پێشێلی دینی کرد. شێخ مەحمودی حەفید کە ئێستا ئێمە بە شانازیەوە پێیدەڵێین مەلیکی کوردستان، هەوڵێکی زۆری دا، زۆر شتیشی بە ئەنجام گەیاند، ئێستا کورد لە هەموو شوێنێکدا، لەوەی کە لە مزگەوتەو سۆفیەو خەریکی عبادەتە، لەگەڵ ئەوەی کە خەریکی سیاسەتە، لەگەڵ ئەو کوردەی لە زانکۆ خەریکی زانستە، هەموومان سەرمان پێی بەرزە. ئایا شێخ مەحمودی نەمر لە دینی ئیسلام لایدا؟ نەخێر، من دەمەوێ بزانم ئێوە بۆ نالێن ئیسلامی کۆمەڵایەتی، ئیسلامی فەرهەنگی، بۆچی وترا ئیسلامی سیاسی؟

سەرکردە نەتەوەییە ئاینیەکانی کورد، هەموویان قۆناغەکانیان جیایە. قازی محەمەد مورشیدی ئاینی بوو لە ناوچەی موکریان، یەکەم بزووتنەوەی نەتەوەیی و یەکەمین کۆماری کوردی دامەزراند، کە ئێمە شانازی پێوە دەکەین. مەلا مستەفا بارزانی کە هەتاکو مرد چەترەکەی، چەترێکی ئاینی بوو پیاوانی گەورەی وەکو خوالێخۆشبو مەلا عوسمانی دامەزرێنەرتان، لە ژێر چەترو پێشڕەوی و ڕێنوێنی ئەو پەیڕەی ئیسلامی دەکرد، نەک بزوتنەوەی سیاسی ئیسلامی کە ئێستا جەنابت باسی لێوەدەکەی. زۆر خۆش دەبوو ئەوانەی گرنگی بە ئیسلامی سیاسی دەدەن، پەیمانگای گەورەو بزوتنەوەی گەورەی کۆمەڵایەتی دروست بکەن، لە یاسای ئەم وڵاتە بکۆڵنەوە نیشان بدەن لە کوێی ئیسلام لادراوە، ئەوکات دەگوترا، ئەمە دەورێکی کۆمەڵایەتی ئیسلامە کە دەیەوێ یاسا، سیاسەت، ژیانی کۆمەڵ لە ئاینی ئیسلام دوورنەکەوێتەوە. بەڵام ئەگەر تۆ گۆڕیت بۆ گروپێکی سیاسی کە ئامانجی دەسەڵاتی هەیە،دەبێتە مەسەلەیەکی دیکەی دەرەوەی ئاین. چونکە لە ژیانی حزبێکی سیاسی پەیڕەو پرۆگرام هەیە، واتە تەکتیک و ستراتیژ هەیە، کە واتە ئامادەیە لە مافی خۆی خۆش بێت. هەر ئەم



بەشە لە ئایدیۆلۆژیای سیاسی نەجمەدین ئەربەکانی والێکرد بچێ لەگەڵ دوژمنەکانی خۆی لەرووی ئامانجەوە یەکبگرێ و ئیئتلاف بکات لەگەڵ چیلەر ،لەگەڵ ئیسرائیل. ئەو ڕێکەوتنانەی کە تورکیا لەسەر دەستی ئەربەکان ئیمزای کردن، چوو لەگەڵ عێراق کۆبووەوە، خۆتان دەزانن ئەربەکان باشترین پردی تورکیاو عێراق بوو، هەوڵی دەدا کە وا ئەم ئابلۆقەیە لەسەر عێراق هەڵبگیرێ، وە هەڵسا ڕەشترین و توندترین بیری شۆڤینیشی لەسەر کورد جێبەجێکرد. ڕاگواستن لە سەردەمی ئەربەکان دەستی پێکردو ستەم لە هەموو کاتێک لەسەر کورد بە هێزتربوو.وەک حزبێکی سیاسی گلەیی لە ئەربەکان ناکرێت، ڕەنگە حزبەکانی دیکەش بونایە لەویان خراپتر دەکرد، بەڵام ئایا ئەربەکان وەک حزبێک لە وڵاتێکی گەورەی ئیسلامی نموونەی تەفسیری ئیسلامی و ئەمانەتی ئیسلامی و شەخسیەتێکی گەورەی دیندارە؟ من دەڵێم بە ئایدۆلۆژیکردنی ئیسلام لەناو کورددا زوڵمێکی گەورەیە لە کوردو ئیسلام دەکرێ. فەردی موسڵمانی کورد، کاتێک لە روانگەی ئیسلامی سیاسیەوە تەماشا دەکات، ئێوە ئەربەکانی نیشان دەدەن، کەچی کورد رقی لە ئەربەکانە، چونکە هەرچی مەبدەئە ئینسانیەکانی ئیسلامە هەمووی پێشێلکرد. تۆش هاتووی مەدحی دەکەی. منی سیاسی تێتدەگەم، چونکە پەیوەندیەکی نێودەوڵەتی لەنێوان بزووتنەوەکانی ئیسلامیدا هەیە. هەروەک چۆن لە بەینی بزووتنەوە کۆمەنیستەکاندا هەبوو. کاتێک دەگوترا حزبی شیوعی سۆڤیەت بۆچی ئیبادە کردنی هەڵەبجە ئینکار دەکات،شیوعیەکانی عێراق هەزارو یەک پاساویان دەهێنایەوە. پاساو هێنانەوە کارێکی سیاسیە، جەنابت باسی مێژووت کرد، بۆ پێتان دەڵێن حزبی سیاسی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی.چونکە تێڕوانینتان سیاسیانەیە بۆ

بەرژەوەندی حزبێک، بەڵام بە ئینتقائی کردنی ئەحکامی ئیسلامی وبە قازانجی خۆتان. چۆن دەڵێی ئێمە شەرعیەتی ئیلاهیمان هەیە. ئێوە شەرعیەتی ئیلاهیتان نیە، ئەم شەرعیەتە هی ئاینی ئیسلامە لە کۆمەڵی کوردەواری دا، نەک هی گروپێک. من پرسیار لە جەنابت دەکەم، لەوانەی کە ئیجتهادیان هەیە، نموونەی ئەو ئیجتهادە ئیلاهیەمان نیشاندەن، چونکە ئەم قورئان و حەدیسەی کە جەنابت پەنای بۆ دەبەی، لە هەمان کاتدا شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و مەلا مستەفای بارزانیش پەنایان بۆ دەبرد، مەسعود بارزانیش ئێستا لە ژیانی خۆیدا ئیلتزامی پێوە دەکات. ئەگەر ماف هەبێ، ئەوە دەبێ بۆ تێکڕای کۆمەڵ بێت. ئەگەر تۆ بڵێی حوکمێکی ئیلاهی هەیە کەمن هەبم، من حەزم دەکرد ئەو حوکمە بڵاوبکرێتەوە. بەنیسبەت شەرعیەتی شۆڕشگێڕی، بزوتنەوەی سیاسی ئیسلامی لە کوردستاندا شەرعیەتی شۆڕشگێڕی نیە. ئەمەیان تاوانێک نیە و سوکایەتیش نیە، چونکە وجودی کەسایەتی ئاینی لە زەمانی شۆڕشی ئەیلولدا، بە مانای بوونی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی نیە. ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ بەولاوە پەیدابوو، پێشتریش گومان نیە کە سەرکردەکانی ئێستای حزبەکانی ئیسلامی بە تایبەتی لە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستاندا، لە سێ چوار ساڵی ئەخیری پێش راپەریندا، داخیلی شۆڕش بوون. کەسایەتی ناو ئەوان ئینتمای شۆڕشگێڕیان هەیە، بەڵام خەڵکانتان هەیە هەرگیز شۆڕشگێڕ نەبووە، بەڵکو دوای راپەرین هاتووە. واتە ئەگەر ئیسلام بریتیبا لەو تەفسیرەی کەوا بزوتنەوە ئیسلامیەکان دەیکەن، دەبوایە لە رۆژی یەکەمی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانەوە، بە تایبەتی لە زەمانی حوکمی ئیمپراتۆریی بەناو ئیسلامی لەناو وڵاتی ئێمە، دەبوو ئیسلامیەکانی کوردستان هەوێنی



بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بان و باشترین دابونەریت و باشترین بیرو باشترین دەوریان بەپێی ئیلتزام لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا دانابایە، کەچی بە پێچەوانە وانەبوو. ئێستا کاتێک کە کادرێکی سیاسی ئیسلامی دەبینی،هەر چاو بنوقێنی دەتباتەوە بۆ ئەربەکان و بن لادن و حەسەن بەناو سەید قوتب و جەمالەدین ئەفغانی و..تاد.

من ناتوانم رێگاتان لێبگرم تا نەگەڕێنەوە بۆ دواوەتان،بەڵام بیرەکەتان بیری ئیستیرادە، واتە بیری موسڵمانی کورد نیە، بیری ئیسلامیش نیە. تۆ ئیهانە بە ئیسلام دەکەی ئەگەر بڵێی ئیسلام لە ماوەی نزیکەی چواردە سەدە بە تەمبەڵی مایەوە یان ئەو سیفەتەی کە بەڕێزتان بۆ ئاین و بۆ خوا ئاماژەتان پێکرد. ئەگەر ئیسلام ئەوە بوبێ بابەتێکی دیکەیە، ئەگەریش ئیسلام ئەو ئیسلامە زیندوە بێ کە حوکمەکانی لە ناو مرۆڤی موسڵماندا تا ئێستا دەوری کاریگەری خۆی هەیە،نابێ زوڵم تەحەمول بکات. دەبوایە بزوتنەوە ئیسلامیەکان لە سەرەتای بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لەگەڵیاندابان، بەڵام چونکە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی موسڵمانە، کاتێک کە گوزارشت لە بەرژەوەندی خۆی دەکات، پێویستی بەوە نیە خۆی بە شتێکەوە مەشغوڵ بکات کە نەقسی تیایدا نیە، واتە بە سەرلەنێ موسوڵمانکردنەوەی خۆی مەشغوڵ بکات، چونکە شکی لە موسڵمان بوونی خۆیدا نیە. چاکسازی کارێکی پێویستە،بەڵام ئەگەر میللەتێکی وەک کورد لە رزگار کردن و بەڕێوەبردنی خۆیدا جیا لە پەیڕەوی کردن لە رێنوێنی و کولتوری ئاینی خۆی، بیر لە ئیجتهاد کردن بۆ پێداویستیە نوێیەکانی ژیان بکاتەوە،بەمەیان ناکەوێتە دژایەتی کردنی دین. لێرەوەیە ئێوە کە بیر لە ئیسلامی سیاسی دەکەنەوە، هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری. من لەبەر چاوتەنگی

نەتەوەییەوە ئەم رەخنەیە ناگرم، من لەوەوە ئەو پرسیارە دەکەم کە بیری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا بە رەسەن نازانم. رەسەن بەو مانایەی کە رەگ و ریشەی لە مێژووی فکری و سیاسی وڵاتدا نیە. تاکو ئێستا کادیرێکی ئێوە نابینم باس لە مێژووی بیری ئیسلامی وڵاتەکەی بکات. کاتێک تۆ دێی لە ئوسامە بن لادن و سەید قوتب فکر وەردەگری، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە پێش ئەوانەیە و داڕێژەری فکری رزگاریخوازی میللەتەکەتە، بەجێدێڵی، ئەمە گرفتی خۆتە، کێشەی ئیسلام نیە، کێشەی بزووتنەوە ئیسلامیەکانە. ئالێرەیە کە شەرعیەتی شۆڕشگێریتان نامێنێ، لەبەر ئەوەشە نەتانتوانی لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا بەشدار بن. من ئەوە دەگێڕمەوە بۆ گرفت لە سەرچاوەی بیری ئێوەی ئیسلامی سیاسی. مەبەستم حزبێکی دیاریکراو نیە. خاوەنفکرانی میللەتانی دەسەڵاتداری ئیسلامی لە بەرژەوەندی شۆڤێنێتی خۆیانەوە ئایدیۆلۆژیای ئێوەیان داڕشتووە. سەید قوتب باسی رزگاری میللەتان ناکات،بۆیەش من ئەوم ناوێ، ابزانم گومان نەماوە گەلیش ئەوی ناوێ. کورد موسڵمانە و خۆشی خۆی بەڕێوەدەبات.

ئیکرام کەریم: من نامەوێ تێبینی لەسەر هەمووی دەرببڕم، بەڵام ئەوەی کە کاک سەرۆ گوتی، مەسەلەی ئیسلامی سیاسی، من بڕوام وانیە بۆیە دەگوترێ ئیسلامی سیاسی چونکە ئامانجی سیاسیان هەیە، لەبەر ئەوە کە ئەو کەسانەی رۆشنایی دەخەنە سەر لایەنی سیاسی لە ئیسلامدا، دەیانەوێ مامەڵە لەگەڵ ئیسلامدا بکەن وەکو ئاینێک کە کۆمەڵێ بنەمای رۆحییەو وەزیفەی هەڵگرانیشی ئەوەیە کەوا ئیرشاد بکەن و بۆیان نیە هەڵگرانی ئاین دەست لە کاروباری دەوڵەت و حوکمڕانی و سیاسەتدا وەر بدەن. ئەمە سەرچاوەی لەو بیرە



وەرگرتووە کە لە ئەوروپاوە هاتە ناو جیهانی ئیسلامی. ئێمە باسی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانیش دەکەین و باسمان کردوون. لە ئەدەبیاتیشمان رەنگی داوەتەوە.گووتومانە ئەمانە هەموو پیاوانی ئاینی بوون، بەرگریان لە قەزیەی نەتەوەیی کردووە، چونکە مەسەلەی نەتەوەیی لەناو ئیسلامدا، مەسەلەیەکی رەتکردنەوەیی نیە، واتە ئاین نەهاتووە نە بۆ رەتکردنەوەی ئاینێکی دی، نە بۆ رەتکردنەوەی نەتەوەکان. وەکو دەق و پێوانە وە وەکو ممارەسەو مێژوو، خوای گەورە دەفەرموێ لا اکراه فی الدین، نەفی کردن و لادان نیە بۆ رەتکردنەوەی هیچ ئاینێک. ئەمە وەکو سەرچاوەی بیرکردنەوەی ئێمە. بە درێژایی مێژووی ئیسلامیش، لە پێغەمبەری خواوە (د،خ) تاکو کۆتایی دیاردەی خەلافەتی ئیسلامی کە هەبوو، تا ئەو کاتە هیچ ئاینێک لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا رەت نەکراوەتەوە، بەڵکو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. یەک شت هەیە، کە ئیسلام ئاین رەت ناکاتەوە، بەڵام دەرگای گفتوگۆی لێدەکاتەوە، "قل یا اهل الکتاب تعالوا الی کلمە سواء بیننا و بینکم اللە نعبد الا اللە و لا نشرک بە شیء". گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، حەقیقەتی بۆ رۆشن دەکات، ئەگەر بە حەزی خۆی هات ئیسلامی قبوڵ کرد ئەوا رێزی لێدەگیرێ و لە دونیا سەربەست دەژی و لە کۆتایشدا دەیباتەوە. دوو ئەجری دەست دەکەوێ یەکێکیان لەسەر ئاینەکەی خۆی ئەوەی تریش ئەو ئاینەی کە دەستی کەوتووە تازە. وە بۆ نەتەوەش هەروا بووە ئەوەتا وەکو دەق دەفەرموێ، "و جعلناکم شعوبا و قبائل". ئەوە بەڵگەیە کە خوا بڕیاریداوە مرۆڤ بەو تیرەو نەتەوەوە بژی. رەتکردنەوەی نەتەوەیەک دژایەتی کردنە لەگەڵ ئیرادەی خوا.

یەکیتی سۆڤیەتی بە ٧٠ ساڵ نەیتوانی کورد بتوێنێتەوە، نەیتوانی هیچ نەتەوەیەکی تر بتوێنێتەوە، هەروەها نەیتوانی هیچ ئاینێک

بتوێنێتەوە. ئەمە وەکو دەق ڕێگە بە سڕینەوەی هیچ نەتەوەیەک نەدراوە، نەبیستراوە لە مێژووی ئیسلامدا هەوڵدرابێ بۆ سڕینەوەی نەتەوەیەک. بە پێچەوانە، زوڵمی لێنەکراوە، هەتا کاتێک فتوحات لە عێراق دەستی پێکرد، ئیمامی عومەر ڕێگەی نەدا هیچ سەحابەیەک لە عێراقدا بمێنێتەوە، بەو واتایەی ماڵ بکات و پارچەیەک زەوی ببێت و دانیشێت تێیدا. بۆ؟ چونکە میللەتی کورد لەو کاتەدا میللەتێکی زۆر مەزڵوم بوو، پێویستی بەوەبوو کەوا ئازادی زیاتری بدرێتێ. ئەمە بابەتێکە کە مراعاتی دەستەبەسەری نەتەوەکان کراوە. هەندێ سەرچاوە لە مێژوودا ئاماژە دەکەن کە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیداوە بۆ ڕەتکردنەوەی مەسەلەی نەتەوەیی و تایبەتمەندی نەتەوەیی، ئەمە وا بزانم تێبینیەکی د. مارف خەزنەدارە کە دەڵێ ئەوانەی لەسەر دەوڵەتی عوسمانیان نووسیوە ئیعتمادیان لەسەر نیە یەکێک لەوانە د. کەمال مەزهەر، بەتایبەتی لەسەر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کورددا. چونکە ئەو سەرچاوە رووسیەی کاتێ تەرجەمەمی کردووە، روسیاش دوژمنی سەرسەختی عوسمانی بووە لەو کاتەدا ئەمەش وایکردووە ئیجابیاتی بڵێ.

ئەمین زەکی بەگ کە خاوەنی کتێبی کوردو کوردستانە، لە پێشەکیەکەیدا نووسیویەتی من تاکو ڕێکخراوی ئیتحاد وتەرەقی دروست نەبوو، ئیحساساتی قەومیم نەبوو، کە ئەوان بانگەشەی نەتەوەییان کرد، ئەو کاتە منیش لەگەڵیان ئیحساسەکەم بوو.

سەرۆ قادر: پێتوایە کورد لەوکاتدا مافەکانی دەستەبەر کرابێ، ئەگەر دەتوانی حەقەکانیم بۆباس بکە.

ئیکرام کەریم: ئەگەر لێم بگەڕێی بابەتەکەم تەواو بکەم، واتە ئەوە مەبدەئی ئیسلام، ئیسلام نە بۆ ڕەتکردنەوەی ئاین هاتووە نە بۆ



ڕەتکردنەوەی نەتەوە. کە ئەمە جێگیرە، عەرەب بیری لەوە نەکردۆتەوە کە چەند ساڵ سەلاحەدین پێشڕەوی کردووە، بیریان نەکردۆتەوە کە تورک پێشڕەوی ئیسلامی کردووە. مەبەستم ئەوەیە کەئەو کەسانەی دەڵێن ئیسلامی سیاسی،دەیانەوێ ئیسلام دەست تێوەرنەدات وەک ئاین و بنەما ڕۆحی و خێزانەکان، ئەمەش مەسەلەیەکە لە ئەوروپاوە هاتووە.

# ئەنجامی باسەکان

لەم کتێبەدا بوارە جیاوازەکانی ئاین و رۆلی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییمان هێنایە بەرباس. ئاماژەیەکیشم بەو گۆڕانکارییانە کرد کە لە مێژووی دین بە گشتی و ئیسلام بەتایبەتی روویانداوە. لەم چەند دێڕەی دواییدا دەمەوێ باسی چاکسازیی لە دیندا بکەم. هەموو سیستەمەکانی ناو کۆمەڵگا گۆڕانهەڵگرن، ئەم حوکمە سیستەمی دینیش دەگرێتەوە سەرەڕای پیرۆزیی چەمکەکانی و ئاستەمی خۆلێدانی بابەتەکانی. کاتێک لە مەنتقی ژیانی محەمەد پێغەمبەر و میتۆدی گەیاندنی پەیامەکەی ورد دەبینەوە، دەردەکەوێ گونجان و گۆڕان لە جەوهەری ئەم دینەدا بوونی هەیە.

گۆڕانهەڵگریی لە میتۆدی پێغەمبەردا لە مێژووی ئایەتەکانی قورئان و ئەو دەسکارییانەی دەیکردن تاکو لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکاندا بگونجێن و دەسکەوتەکانی پێشکەوتن بپارێزێ، کاری گەیاندە دابەشبوونی سورەتەکان. وەک دیارە سورەتەکانی قورئان مەککەیی و مەدینەیین. ئەوەش بۆ دوو واقعی زۆر لێکدی جیاوازی ئەو دوو شارە دەگەڕایەوە. ئەو میتۆدەی پێغەمبەری ئیسلام بووە مایەی هەڵپەساردنی ئەو ئایەت و سورەتانەی لەگەڵ سەردەمەکەدا نەدەگونجان. لەبەر پیرۆزیی قورئان، سڕینەوەی دەقەکانی نەدەکرا بەڵام هەڵپەسارنی بەرێزەوەی هێنایە کاوە.



دووەمین هەنگاوی چاکسازی لە دیندا، خەلیفەکانی راشدی کردیان و بەتایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عومەری کوڕی خەتتابدا دەستیپێکرد. ئەوەش کاتێک سنورەکانی فەرمانڕەوای ئیسلام فراوان بوون و کەلتووری میللەتە ناعەرەبە تازە موسوڵمانبووەکان هاتە میانەوە، زیاتر لە جیاوازی نێوان مەککە و مەدینە ، جیاوازیی کەوتە ناو عەرەبستان و غەیرە عەرەبستان. لەوەڕا پەنا بردن بۆ مەنتق و تەسلیم بوون بە داب و نەریتی گەلانی تازە موسوڵمانبوو، هەڵپەساردنی ئەو دەقانەی رەق و تەق بوون و نەدەگوونجان زیاتر بوو.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانی کوڕی عەفاندا،قورئان کۆکرایەوە. دەرکەوت جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دەقەکاندا هەیە. ئەو دەقێکی هەڵبژارد و ئەوانیدیکەی سوتاند. ئەوەی ئێستا لەبەردەستە دەقە قورئانییەکەی هەڵبژاردەی عوسمانە! کێ ئەو هەقەی بە ئەو بەخشی تا ئەو بڕیارە چارەنووسسازە بدات؟ خۆی لەسەر بنەمای مەنتقی یەکلاکارەوەو بەرەوپێشەوە چوونی پێغەمبەر، هەقی بەخۆی بەخشی و تەحەمولی بەرپرسیارییەتیشی کرد.

سێیەمین هەنگاوی چاکسازی، کرداری ئەو فەقیهە ئیسلامییانە بوو کە دوو سەد ساڵ دوای فەرمانڕەوایی ئیسلام، دەستیاندایە داڕشتنەوەی میتۆدی لێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکان و ئەوانیش لەگەڵ زەمانی خۆیان گونجاندیان. مەبەستم ئەو نۆ مەزهەبەیە کە پێنجیان زۆر فراوانن و لەم نووسینەدا باسمکردن. پێنجەکەی پێشەوە زۆربەی کۆمەڵگای موسوڵمان دادەپۆشن.

دیسان دەپرسم کێ رێگای بەو مەلایانەدا(فەقیهەکان) ئەو گۆڕانکارییە بکەن؟ هەر خۆیان، بەڵام تا زەمانی ئەوانیش گیانی

میتۆدی پێغەمبەر پارێزرا بوو، لە وشکەموقەدەسیدا هەڵنەپەسێردرا بوو. بۆیە دەیانتوانی ریگای دەرچوون لە تەنگژەکان بدۆزنەوە و دەسکاری چۆنیەتی بەکارهێنانی دەقە پیرۆزەکان بکەن.

لەم روانگایەوە دەڵێم میتۆدی سەرەکی دینی ئیسلام توانای گۆرانکاری قبووڵ دەکات. بۆیە دەکرێ لەم رۆژگارەدا ئەو بوارە کۆمەڵایەتییانەی فیقهی هاوچەرخ تێیدا چەقیوە، دەرباز بێت و کۆمەڵگا بەرەوپێشەوە ئازاد بکات. بوارەکان بریتین لە ئازادیی تاک، ئافرەت، دیموکراسی، روانگای ئابووری هاوچەرخ، هەڵپەسارنی دەقە ناسازگارەکانی سزادانی کۆمەڵایەتی، ئازادیی باوەڕی ئاینی.

بۆیە دەشێ چاکسازیی لە دیندا بکرێ. ئەوە جیا لەوەی کە پێویستە لە دەوڵەت جیابکریتەوە. بەو کارە کەلتوور لەدەست قورسایی باوەرە نەگۆڕەکانی خۆی رزگار دەبێ و تواناییەکی زیاتر دەکەوێتە ناو تەوژمی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی.

## فەرهەنگۆک

بۆ هاوکاری کردنی خوێنەران،کورتەیەک زانیاری لەسەر ئەو ناو و زاراوەو ڕووداوانە دەنووسم کە لەم کتێبەدا هاتوون.

**جەمالەددینی ئەفغانی(١٨٣٩– ١٨٩٧)**

ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری بە ناوبانگی جیهانی ئیسلام. لە ئێران، هەندێکیش دەڵێن لە ئەفغانستان لە دایک بووە. یەکێک لە خاوەنفکرە چالاکەکانی ڕۆژهەڵاتە کە بۆ چاکسازیی دینی وکۆمەڵایەتی و دواجار یەکخستنی جیهانی ئیسلام هەوڵی دەدا. بەشێکی زۆری لە تەمەنی خۆی لە میسرو ئەستەمبۆڵ و لەندەن و پاریس و مۆسکۆ بردەسەر. لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا پەیڕەوی هەبوون. دواجار کە میوانی سوڵتان عەبدلحەمید بوو، دەرمانخوارد کراو مرد.

**محەمەد عەبدە(١٨٤٩–١٩٠٥)**

رونـاکبیرو سیاسەتمەدارو پیاوی ئاینی بەناوبانگی عەرەب کە خەڵکی میسرە و لە پەیڕەوەکانی نزیکی جەمالەددینی ئەفغانی بوو. چەند جار گیراو ئاوارە دەبوو. لەگەڵ جەمالەددینی ئەفغانی گۆڤاری



عوروەتول وسقای دەردەکرد. دواجار گەڕایەوە میسر و ماوەیەک موفتی ئەو وڵاتە بوو. لە ڕووناکبیرە نوێخوازە ئاینییەکانی عەرەبە.

**بەهائیەت**

بەهائیەکان لقێکن لە بابیەکان، ئەوانیش لقێک بوون لە ناو مەزهەبی شیعە سەریانهەڵدا(١٦٢٢). شێخ بەهائەددینی بەعەلبەکی دامەزرێنەری ئاینیەکەیە. باوەڕی بەهاییەکان لەم چەند خاڵەدا وەسف دەکرێت: دین دەکرێتە دوو بەش، یەکەم مەبدەئەکان، دووەم فەرمانەکان. مەبدەئەکان دەبنە سێ بەش ڕەوحانی وئیدارەو کۆمەڵایەتی دەگرنەوە.

بەپێی ئەم باوەڕە پەیڕەوەکانی دەبێ واز لە تەقالید بێنن و هەقیقەت نەشارنەوەو ئیمانیان بە ئلوهیەت و فەیزی ئیلاهی و زەرورەتی دین و تەسامحی دینەکان وئاشتی و بەرابەری ئافرەت و پیاو هەبێت. ئەنجومەنێکی نێودەوڵەتی کۆیان دەکاتەوە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بەهائیەکان بە مورتەد زاندران و ئەگەر نەگەڕابانەوە سەر مەزهەبی شیعە ئیعدام دەکران. بۆیە ژمارەی هەرە زۆریان ڕەویان کرد و لە دەرەوەی ئێران دەژین و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بایەخ بە پاراستنی مافەکانیان دەدەن.

**قورەتولعەین(?– ١٨٤٥)**

ناوی زەڕین تاج کچی محەمەد ساڵحی قەزوێنییە. لە پەیڕەوە چالاکەکانی شێخ بەهائەددین و ڕاستەوخۆ کەوتە تەبلیغ کردن بۆ بەهائیەت، بە ئافرەتێکی زانا دەناسرا. لەگەڵ مێردەکەی کە ئەویش هەر بەهائی بوو ناکۆکیان کەوتە نێوان. مێردەکەی بەجێهێشت و لەکار بەردەوام بوو. وەک ڕابەرێکی بەهائی تەماشا دەکرا. بە جوانی

بەناوبانگ بوو هەر بۆیەش بە قورەتولعەین مەشهور بوو. لە شەڕی نێوان بەهائیەکان و حکومەتی قاجار بەشدار بوو، تا لە دواجار لە تاران لە باغی ئیلخان ئیعدام کرا.

### قەرمەتییەکان (٨٣٨ز)

قەرمەتییەکان لقێک بوون لە بزووتنەوەی ئیسماعیلییەکان. لەرووی خواستەکانیان لە بزووتنەوە بەرهەڵستکارە هەرە رادیکالەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی عەبباسییەکان بوون. نفوزێکی فراوانیان لە عێراق، یەمەن و بەحرێن هەبوو. سۆفی و رووناکبیر و عەدالەتخوازی بە ناوبانگ حەلاج لە سەرکردە بەناوبانگەکانی ئەوان بوو.

### فراماسۆن

بزووتنەوەیەکی فکری - سیاسیی فراوانە کە لە سەدەی سیانزدەهەمی میلادییەوە لە ئەوروپا و بەتایبەتی لە بەریتانیا پەرەی سەندو گەیشتە هەموو وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا. لەگەڵ هاتنی کۆلۆنیالیزم بۆ رۆژهەڵات، چالاکی فراماسۆنەری گەیشتە ئەم ناوچەیەش. لەرێی ئەم بزووتنەوەیەوە فکری نوێ بە گشت لقەکانیەوە لە رۆژهەڵات بڵاو بووەوە.

### ئیسماعیلییەکان

لقێکن لە مەزهەبی شیعە، بەڵام پێیان وایە ئیمامەت لە ئیمامی حەوتەمەوە کۆتایی دێت.دوای کۆچی ئیمام جەعفەری سادق ئەم خیلافە دروست بوو.شایانی باسە مەزهەبی جەعفەری باو ئیستا کە بە شیعە دەناسرێن دوانزە ئیمامین. ئیسماعیلییەکان چەندین لق و پۆپیان لێ جیا



بۆوەو بوونە سەرچاوەی زۆر بزووتنەوەی توندڕۆ لە مێژووی ئیسلامدا.

### سەفەویەکان (١٥٠٢-١٧٣٦)

بنەماڵەیەکی سۆفی بە ناوبانگی ئێرانی بوون، ناویان دەگەڕێتەوە بۆ سەر شێخ سەفیەددینی ئەردەبیلی. ئەوانە بە نەتەوە تورک و بەڵام بە مەزهەب شیعە بوون. یەکێک لە نەتیجەکانی شێخ سەفیەددین، بە ناوی شائیسماعیلی سەفەوی، فەرمانڕەوایی ئێرانی بەدەستەوە گرت و مەزەبی شیعەی بەسەر زۆربەی ئێراندا سەپاند.

### ئایەتوڵا نائینی (?-١٩٣٥)

میرزا حوسێنی نائینی، زاناو مەرجەعی ئاینییە لە مەزهەبی شیعەدا. لە نەجەف دادەنیشت و پەیڕەوێکی زۆری لە ئێراندا هەبوون. کتێبێکی لەسەر پشتیوانی کردن لە دیموکراتیخوازانی مەشروتەخواز نووسی بە ناوی (تنبیه الامة و تنزیه الملة فی لزوم مشروطیة الدولة المنتخبة لتقلیل الظلم علی افراد الامة).

### شێخ فەزلوڵا نوری (?-١٩٠٧)

لە ئایەتوڵا بە ناوبانگ و خاوەن پەیڕەوەکانی شیعەیە کە لە سەردەمی شۆڕشی مەشروتەدا لەدژی دیموکراتیخوازان وەستا و داوای دەکرد حکومەتی شەریعەت جێگای مەشروتە بگرێتەوەو لایەنگرانی دیمەکراسی بە کافر دادەنا. ناوبراو دژی بیروڕاکانی ئایەتوڵا نائینی بوو. دوای سەرکەوتنی مەشڕوتەخوازان، شێخ فەزلوڵا نوری گیراو لە ناو شاری تاران لە سێدارە درا. دەکاتە باپیری نورەدینی کیانوری کە سەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی (تودە) ئێران بوو.

**عەینولقوزاتی هەمەدانی (١٠٧٥-١١٠٨)**

ناوی عەبدوڵا کوڕی ئەبوبەکر ناسراو بە عەینولقوزاتی هەمەدانی بـــوو. یەکێــک لە قوتابیەکـــانی ئەحــمەدی غەزالیــیە کە زۆر لەژێــر کـاریگەریی عیرفـان و بیروڕاکـانی تەســەوفی مامۆســتاکەیدا بـوو. لە تەســەوفدا چەنـد نوســینێکی هەیە کە لە زەمـانی خۆیـدا تێینەگەیـشتن وبــازدانە عیرفــانیەکەی لە فەهمــی زەمــانی خــۆی گەورەتــر بــوو. مامۆستایانی شەریعەت وکەلام تەکفیریـان کردو بردیانە بەغدا. لەوێ خەلیفەی عەبباسی فەرمانی کوشتنی دەرکردو هێنایانەوە لە هەمەدان لەبەر دەرگـــای تەکـــیەکەی خـــۆی و بەبەرچـــاوی قوتابیەکـــانی لەسـێدارەیاندا. پێستیان گورانـد و پـڕ لە کایـان کـردو بەسـەردەرانی تەکیەکەیەوە هەڵیانواسی. دوایی سوتاندیان.



زانین  : المعرفة

زانیاری: المعلومات

زانست: العلم

گەشەسەندن: التنمیة

پەرەسەندن: التطور

پێشکەوتن: التحدیث

کەلتور: الثقافة

کەلەپور: التراث

شارستانییەت: الحضارة

شارستانی: المدنیة

فەرمانڕەوایی: الحکم

قوتانخانە: مدرسة